https://doi.org/10.17656/jlps.10370

# ویستی ئازاد و کردەی عەقڵانی:
# پێکگرتنی تیۆری و بنەڕەتە سیاسییەکانی عەقڵانیەتیی راوێژیی موعتەزیلە و دەوڵەتی ئەخلاقیی کانت

**د. ئیدریس شێخ شەرەفی**

سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان ،

زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر ،هەرێمی کوردستان، عێراق

Idrees.mustafa@su.edu.krd

**پوختە:**

بەراوردی بنەما ئەپستمۆلۆژی و سیاسییەکانی ئیعتیزال و رەخنەگەرایی کانت سەبارەت بە هەندێ کێشەی جەوهەریی مرۆڤ و سیاسەت؛ وەک سەربەخۆیی و ویستگەرایی لە پانتایی کردەدا کە عەقڵ ئاراستەی دەکات، گرفتی مەعریفین و لە جەوهەری خۆیاندا پەیوەست نین بە نەبوونی ماتەوزەی پێویست بۆ دەرچوون لە دەستەوەستانی و هەنگاونان بەرەو ئازادی. ئەمە پەیوەندی بە میتۆد و بەستێنی جێکەوت و شوێنگەی عەقڵەوە هەیە کە رەنگرێژی بواری سیاسیش دەکات، لە کاتێکدا عەقلانیەت و لۆژیک دوو پێوەری سەرەکی و باڵادەست بن کە حوکم بەسەر پانتایی ژیانی ئەخلاقی و سیاسەتدا دەکەن. ئاشکرایە ماوەی نێوان موعتەزیلە و کانت زیاتر لە (١٠ سەدە)یە، بەڵام کاتێک بەراوردێک دەکەین لە نێوان کار و بەرهەمی فکری ئەم قوتابخانەی ئیعتیزال لە رەوتی قووڵبوونەوە لە چەمکە بنەڕەتییەکان وەک ئیرادە، کردەوە، هەڵبژاردنی سەربەست، ویست، قەدەر، ئەرک و بنچینەی چاکە و خراپە، گەیشتوونەتە هەمان ئەو دەرەنجامانەی کە کانت لە سیستەمی رەخنەگرانەی خۆیدا لە عەقڵی پەتی و عەقڵی پراکتیکی و دامەزراندنی بنەماکانی ئەخلاق لە شوێن-کاتێکی تەواو جیاوازدا پێیگەیشتووە. تێزی ویستگەرای ئیعتزال و کانت دەبێتە ژێرخانێکی فەلسەفی تۆکمە بۆ تیۆرێکی سیاسی کە لەسەر عەقلانیەت و سیستەمی دیموکراتی راوێژی دامەزراوە، بەڵام ئەگەر گرێبەست وەک رەزامەندی گەل و حاکم ئامانجە بنەڕەتییەکان دابین نەکات، ئەوا زەمینەی شۆڕشێکی رەوای عەقلانی دەرەخسێت لە هزری موعتەزیلە، بە پێچەوانەی فەلسەفەی کانت کە یاساپارێزی و دەستوور بەسەر شۆڕشدا زاڵە. هزری مەعریفی و سیاسی موعتەزیلە لە مێژووی شارستانیەتی ئیسلامیدا وەک هەندێ پرەنسیپی هەمەکی هێشتا ماتەوزەی هێنانەئارای رۆشنگەری تێدایە، هەروەک چۆن سیستەمی بیرکردنەوەی کانت بەشداربوو لە سەرهەڵدانی مۆدێرنەی رۆژئاوا.

**وشە سەرەکییەکان: ویستی ئازاد، کردەی عەقڵانی، ئەخلاقی هەمەکی، گرێبەستی راوێژی، دەوڵەتی ماف**

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

# الإرادة الحرة والفعل العقلاني:
## مقاربة نظريات والأسس السياسية في العقلانية الشورى "المعتزلة" والدولة "كانط" الأخلاقي

د. ادريس شيخ شرفي
قسم النظم السياسية والسياسة العامة، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين–أربيل، إقليم كوردستان، العراق
idrees.mustafa@su.edu.krd

الملخص

يُعدّ ظهور الحرية في العقل وتموضع الإرادة في الفعل من الموضوعات الجديدة بالبحث في الإبستمولوجيا والفكر السياسي، إذ يسهم في فهم أسباب تراجع العقلانية وانسداد آفاق الحرية، وتفسير مظاهر الانقياد العقلي والعملي في الحضارة الإسلامية التي تمتد جذورها عبر قرون طويلة. إن المقاربة والمقارنة بين الأسس المعرفية والسياسية لكلٍّ من المذهب الاعتزالي، الذي يمثله القاضي عبد الجبار المعتزلي بوصفه أبرز منظريه، والمثالية النقدية التي يتزعمها إيمانويل كانط، رغم انتمائهما إلى عصرين وحضارتين متباينتين، تفتح الباب أمام قراءة جديدة لقضايا الإنسان والسياسة، لا سيما ما يتصل بمفاهيم الاستقلالية والإرادة والعقلانية في مجال الفعل الإنساني. وهذا يقودنا إلى أن الأزمات المعرفية والعقلية والسياسية التي يعانيها المجتمع المعاصر، في جوهرها، لا تعود إلى نقص في المقومات الموضوعية لبناء العقلانية والحرية، ولا إلى قدرٍ حضاريٍّ محتومٍ يصعب تجاوزه، بل ترجع إلى خللٍ في المنهج، واضطرابٍ في سياق التحقق، وإلى موقعٍ غير فاعلٍ للعقل في منظومة التفكير والعمل.

إنّ الأساس الترانسندنتالي للعقل، بوصفه شكلًا ومضمونًا للإرادة الحرة، يجعله يتجاوز قانون السببية، فالإرادة الحرة لا تنشأ عن أيّ سبب خارجي، بل تنبع من الذات العاقلة نفسها. ويُقابَل هذا التصور بما نراه عند المعتزلة في تمييزهم بين الفعل المباشر والفعل المتولِّد؛ إذ يعدّون الفعل الحرّ نابعًا من قدرة الإنسان المباشرة. وفي المقابل، يُقدِّم كانط مفهوم "الشيء في ذاته" (النومينا) بوصفه أساسًا لاستقلالية الإرادة، حيث يجب أن يكون الإنسان مشرِّعًا لنفسه وخاضعًا للأوامر الأخلاقية المطلقة. إنّ فلسفة الإرادة عند الاعتزال وكانط تؤسس لنظرية سياسية عقلانية تقوم على التشاور والتعاقد والديمقراطية، حيث تكون الإرادة الحرة هي المبدأ الموجّه للفعل السياسي. ففي الفكر الاعتزالي، يمثل العقد بين الحاكم والمحكوم أساس الشرعية، وإذا فشل النظام في تحقيق غاياته الأخلاقية والعقلية، فإن الثورة العقلانية تصبح خيارًا مشروعًا. أما في الفلسفة الكانطية، فإن سيادة القانون والدستور تظلّ أسمى من أيّ فعل ثوري، وهو ما يجعل الاعتزال أكثر راديكالية من كانط على المستوى السياسي.

إنّ المبادئ الأخلاقية والسياسية في الفكر الاعتزالي تمثّل قيمة إنسانية عالمية وإحدى النقاط المضيئة في تاريخ الحضارة الإسلامية، غير أنّ انخراط الفلسفة في التجمهر الأيديولوجي أدّى إلى تفكّك المنظومة الفكرية، فبدلًا من الارتقاء بالوعي عبر تحديد حدود السلطة وتوسيع آفاق الحرية، تحوّل الفكر الاعتزالي إلى أداةٍ إيديولوجية تخدم الدولة وتبرّر هيمنتها. وعندما اصطدمت الأفكار الاعتزالية الإبداعية بحدود الوعي الشعبي السائد، أصاب المجتمع حالة من الاغتراب الفكري، أدّت في النهاية إلى تراجع المشروع العقلاني وانهياره. وعلى النقيض من ذلك، شكّل المشروع الكانطي نقطة انطلاقٍ لنهضة الحداثة الغربية وبناء الدولة الحديثة، حيث تجسّد مبدأ دولة الحق والمؤسسات بصورةٍ تكاد تتطابق مع الأسس الفلسفية والأخلاقية لكانط.

**الكلمات المفتاحية: الإرادة الحرة، الفعل العقلاني، الأخلاق الكلي، العقد التشاوري، دولة الحق.**

Free Will and Rational Action:
An approach to the theories and political foundations of rationalism, Shura (Mu'tazila), and the ethical state of Kant

Dr. Idris Sheikh Sharafi
Department of Political Systems and Public Policy, College of Political Science, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq

**Summary**

The emergence of freedom in the mind and the positioning of will in action is a topic worthy of attention in epistemology and political thought, to understand the reasons for the decline of rationality, the closure of spaces of freedom, and human subjugation in Islamic civilization, which possesses a history spanning several centuries. Approaching and comparing the epistemological and political foundations of two great schools - namely the Mu'tazila school, primarily represented by Judge Abd al-Jabbar al-Mu'tazili as a main theorist of this trend, and the critical idealism school headed by Immanuel Kant, which belong to different eras and distinct civilizations - opens the door to modern answers, especially regarding some fundamental human and political issues such as autonomy and will in the realm of action guided by reason. This leads us to conclude that the epistemological, intellectual, and political problems that have swept society today are, in essence, not

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

related to the absence of necessary materials for progress toward rationality and freedom, and this is not an inevitable fate for this civilization from which escape is impossible, but rather relates to methodology, the context of realization, and the position of reason.

The transcendental basis of reason as form and content of will in freedom makes it transcend the law of causality, and free will is not the result of any external cause. This is evident in the Mu'tazila's direct action (as opposed to generated action) and the thing-in-itself (nomena) in Kant, which becomes the basis of autonomy, where humans must be legislators for themselves and subject to categorical imperatives. The thesis of will in Mu'tazila and Kantian thought becomes a solid philosophical foundation for a political theory based on rationality and a democratic consultative contractual system, where will and action are directed toward good and establish a system compatible with universal ethics. The contractual system as consent of the people and ruler in Mu'tazila thought, if it does not fulfill its basic goals, paves the ground for rational revolution and considers it legitimate. However, regarding Kant's political system, the rule of law and constitution always takes priority over revolution, so Mu'tazila political thought is more radical than Kant's political philosophy.

The ethical and political principles of Mu'tazila have universal value and represent a bright point in the history of Islamic civilization. However, the problem of philosophical crystallization caused infiltration into their intellectual system, and instead of transcending consciousness by defining the limits of authority's dominance and expanding the scope of freedom, they became an ideological apparatus of the state. When their creative ideas clashed with popular consciousness, people experienced a kind of alienation, and this led to collapse. In contrast to the Kantian project, which became the beginning of Western modernity and the modern state, establishing the rule of law and international institutions somewhat aligned with Kant's philosophical and ethical ideas.

**Keywords: Free Will, Rational Action, Universal ethic, state of right.**

## پێشەکی

تێگەیشتن لە هۆکارەکانی داخران و پاشەکشێی عەقڵانییە، بەرتەسکبوونەوەی پانتاییەکانی ئازادی و ملکەچبوونی مرۆڤ لە شارستانیەتی ئیسلامی کە خاوەن مێژوویەکی چەندین سەدەیە، بە دابڕاندنی لە روانگەی ئایینی و عەقیدی و پەلکێش کردنی بۆ پانتایی فەلسەفە و هزری سیاسی، زەمینە لەبەردەم هەندێ پرسیاری نوێ و دەرگا بەڕووی هەندێ بەرسڤی تازەدا دەکاتەوە. پێککگرتنی بنەما ئەپستمۆلۆژی و سیاسییەکانی دوو رێبازی مەزنی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، واتە قوتابخانەی ئیعتیزال کە بە شێوەیەکی سەرەکی قازی عەبدولجەباری موعتەزیلی* وەک تیۆریسیەنێکی سەرەکی و کۆکەرەوەی بەرهەمی هەموو بیرمەندەکانی ئەم رێبازە نوێنەرایەتی دەکات و قوتابخانەی ئایدیالیزمی رەخنەیی کە ڕابەرەکەی ئیمانوێل کانتە* Immanuel Kant کە سەر بە دوو سەردەمی جودا و شارستانیەتی جیاوازن و ئەو

---

*قازی قوزات عەبدولجەبار کوڕی ئەحمەد کوری خەلیل کوڕی عەبدوڵڵای هەمەدانی ئەسەدئابادیی موعتەزیلی (٩٦٩-١٠٢٥ز) کە بە قازی بەناوبانگە، گەورەترین پێشەوای موعتەزیلە بوو لە سەردەمی خۆیدا. کاریگەری بەهێزی موعتەزیلە لە بەسەرە وایانلێکرد واز لە مەزهەبی ئەشعەری بێنێت و بەرەو رێبازی موعتەزیلە بڕوات بە تایبەتی داوی ناسینی ئەبی ئیسحاق بن عەباس کە ئەو کات یەکێک بوو لە گەورەترین زانایانی ئەم قوتابخانەیە. خاوەن دیدێکی ئەنسکلۆپیدییە سەبارەت بە بەشەکانی هزری ئیسلامی. بەشێک لە بەرهەمەکانی بریتین لە: المغني في أبواب العدل والتوحيد کە زیاتر لە ٢٠ بەرگە، الأدلة في علوم القرآن، شرح الاصول الخمسة، المختصر في أصول الدين، بيان المتشابه في القرآن، التفسير الكبير، التفسير المحيط، تنزيه القرآن عن المطاعن، نظم الفوائد وتقريب المراد للرائد، تثبيت دلائل نبوة، الاختلاف في أصول الفقه، شرح العمد، فضل الاعتزال وطبقات المعتزلة، شرح الجامعين، نهاية الإقدام في علم الكلام، نقض اللمع، نقض لكتاب في الإمامة، الخلاف والوفاق، الاعتماد، الخاطر، شرح الجامعين، نهاية الإقدام، نقض اللمع، نقض الإمامة، الرازيات، العسكريات، الخوارزميات، النيسابوريات. بەشێکی زۆری رای بیرمەندانی موعتەزیلە لە رێگەی کتێبەکانی ئەوە گەیشتووە بە ئێمە.

* کانت (١٧٢٤-١٨٠٤) یەکێکە لە گەورەترتن و کاریگەرترین فەیلەسوفەکانی جیهان هەم لە بواری ئەپستمۆلۆژیا و هەم لە بواری فەلسەفەی سیاسی دادەنرێت، لە کونیگسبرگی ئەڵمانیا لە دایک بووە و دواتر لە زانکۆی هەمان شار خوێندنی تەواو کردووە، لە سەرەتای کاری فەلسەفی خۆیدا هەندێ بابەتی سەبارەت بە فیزیک و ماتماتیک بڵاوکردووەتەوە و لە تەمەنی سی و یەک ساڵی نامەیەکی سەبارەت بە "سەرچاوەی گەردوون بڵاوکردەوە، لە ساڵی ١٧٥٥ بە هۆی ئەو دوو نامەیەی کە بە لاتینی نووسیبووی، یەکەمیان دەربارەی ئاگر و دووەمیان دەربارەی بنەماکانی سەرەتایی زانینی میتافیزیکی، بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتوە و نازناوی dozent وەرگرتوە کە (نازناوێکە بۆ وتنەوەی وانەیەکی هەڵبژاردە) و نامەیەکی تری پێشکەش کرد بە ناونیشانی مۆنادۆلۆژیای سروشتی کە شایستەی کرد جێگەی مامۆستاکەی کنوتزن بگرێتەوە پاش مردنی وەک مامۆستایەکی تایبەت بۆ کورسی بیرکاری و فەلسەفە، دوای ماوەیەکی زۆر کار و بەرهەمی هزری کانت پلەی ئوستازی فەلسەفەی لە زانکۆی کونیگسبرگ وەرگرتوو.

لێکەوتە سیاسی و هزریانەی بەرهەمێیان هێناوە، بە تایبەتی سەبارەت بە هەندێ کێشەی جەوهەری مرۆڤ و سیاسەت وەک سەربەخۆیی و ویستگەرایی لە پانتایی کردەدا کە عەقڵ ئاراستەی دەکات، بەرەو ئەم شوێنەمان دەبات، کە گرفتە مەعریفی و عەقڵی و سیاسییەکانی ئەمڕۆ یەخەی کۆمەڵگای گرتووە، لە جەوهەری خۆیاندا پەیوەست نین بە نەبوونی ماتەوزەی پێویست بۆ هەنگاونان بەرەو عەقڵانییەت و ئازادی و ئەمە قەدەرێکی ئەبەدی ئەم شارستانیەتە نییە کە دەرچوون لێی مەحاڵ بێت، بەڵکو پەیوەندی بە میتۆد و بەستێنی جێکەوت و شوێنگەی عەقڵەوە هەیە کە سیفەتی ناوازەی مرۆڤە و لە پراکتیکدا جیاوازییەکانی دەردەکەوێت. کەواتە قۆناغی رۆشنگەری و مۆدێرنە وەک دیاردەیەکی تایبەتی ژیاری رۆژئاوا، لە راستیدا زەمینەکانی لە هەموو شارستانیەتەکانی تر و بە تایبەتی ئیسلامیدا هەیە و هەبووە، لە کاتێکدا عەقڵانیەت و لۆژیک دوو پێوەری سەرەکی و باڵادەست بن کە حوکم بەسەر پانتایی ژیانی ئەخلاقی و سیاسەتدا دەکەن و کاریگەری دیالێکتیکیان لەسەر یەکتر هەیە.

**پرسیاری توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا دەپرسین پەیوەندی نێوان ویست و کردە چۆنە و عەقڵانیەت و میکانیزمەکانی ئارگیۆمێنت چ رۆڵێک دەگێڕن و لە گەشە دان بە عەقڵ وەک بوونەوەرێکی خاوەن ویست و ئەمە لێکەوتەکانی لە تیۆری سیاسی و دواتر واقعی کۆمەڵگادا چۆنە؟ تیۆری مەعریفی رێبازی موعتەزیلە و رەخنەگەرایی کانت سەبارەت بە چەمکە ئەبستراکتەکان تاچەند کاریگەری لەسەر گەشەی تیۆرە سیاسییەکان هەبووە، بە ئاراستە دامەزراندنی بونیادی ئەوتۆ کە ژێرخانە لۆژیکییەکەی عەقڵانیەت و ئازادی بەهێز دەکات؟ دەزگا و سیستەمی سیاسی چەندە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئایدیا و تیۆرە مەعریفییەکان و دەرهاویشتەکانی چین؟

**گریمانەی توێژینەوە:** توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات کە ئازادی عەقڵ، گرانتی ویستی ئازاد و کردەی ئامانجدار دەکات و ئەمەش باڵادەستی واقیع بەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤ بە ئاراستەی پاساوهێنانەوە بۆ ستەمکاری هەڵدەوەشێنێتەوە و هەرکاتێ عەقڵ ئازاد بێت، کردەی عەقڵانی و سیاسەتی راوێژیی و گرێبەستی لێدەکەوێتەوە.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا وێڕای میتۆدی بەراوردکاری، جەختمان لەسەر رێبازی ئەپیستمۆلۆژی و فینۆمینۆلۆژی (دیاردەناسی) کردووە بۆ تیشک خستنەسەر بەرزبوونەوە و دەرکەوتنی

بەناوبانگترین کتێبەکانی بریتین لە: رەخنە لە عەقڵی پەتی ١٧٨١-١٧٨٧، رەخنە لە عەقڵی پراکتیکی ١٧٨٨، رەخنە لە توانای داوەری ١٧٩٠، دامەزراندنی میتافیزیکای ئەخلاق ١٧٨٥، ئایین لە سنوورەکانی عەقڵی پەتی دا، پرۆژەیەک بۆ ئاشتی هەمیشەیی، نووسینەکانی تر: وەڵام بۆ پرسیاری رۆشنگەری چییە؟ ١٧٨٤، بیرۆکەی مێژووی گشتی لە روانگەی کۆسمۆپۆلیتانیەوە ١٧٨٤، سەرچاوەی ئەگەریانەی رەگەزی مرۆڤایەتی ١٧٨٦.

ئاگایی ویستگەرا و ئازاد لە مێژووی هزردا، بە واتای جەختکردن لەسەر بەرهەمی مەعریفی کە لە بیروڕا و ڕوانگەکانی بیرمەندەکاندا بەرجەستە بووە سەبارەت بە ڕاڤەی دەق و لێکەوتە سیاسییەکانی.

**گرنگی توێژینەوە:** هەڵدانەوەی توراسی عەقڵی و هزری مێژووی ئیسلام، بەتایبەتی تێکستە دەگمەن و ڕەسەنە سیاسی و فەلسەفییەکان و بەراوردکردنی بە ڕێبازە کاریگەرەکانی جیهان، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هۆکاری دواکەوتوویی عەقڵی بەر لەوەی ماددی بێت، مەعریفییە و ئێمە بە فەرامۆشکردنی ئەم سامان و پاشخانە دەوڵەمەندە لە ڕاستیدا بەشێکی گەورە لە یادەوەری و مێژوو و وجودی خۆمان دەسڕینەوە، چونکە بەشێکی زۆری ئەو تیۆری و چەمکانەی دواتر ڕۆژئاوا پێیگەیشتووە و بووە بە هۆکاری پەرەسەندنیان، چەندین سەدە پێشتر لە دووتوێی ئەم تێکستە ناوازانەدا گفتوگۆی لەسەر کراوە.

## 1 . چوارچێوەی تیۆریی دەرکەوتنی ویستگەرایی موعتەزیلە وڕەخنەگەرایی کانتی

### ١-١. قوتابخانە کەلامییەکان و دەرکەوتنی ڕەخنەی کانت

ویست کە مرۆڤ دەکات بە بوونەورێکی ناوازە، جەوهەری بیری فەلسەفی و سیاسی ڕێبازی موعتەزیلە و ڕەخنەگەرایی کانت پێکدەهێنێت، بەڵام چی وادەکات کردەی مرۆیی ڕەهەندێکی ئەخلاقی وەربگرێت. ئەم سیستەمە مەزنەی کە ئەم دوو ڕێبازە بۆ سەلماندنی پێشەکییە فەلسەفییەکانیان بەکاریان هێناوە، لە ڕاستیدا خودان پێشینەیەکە کە هەم کاریگەرە بە ڕێباز و قوتابخانە کەلامی و ئەپستمۆلۆژییەکانی سەردەمی خۆیان و هەم هەوڵێکی گرنگی هزری بووە بۆ دەرچوون لێی، هەر بۆیە سەرهەڵدانیان سەرەڕای جیاوازی شوێنکاتی، بەچەشنێکی تۆکمە هاوتای یەکترن لە ڕووی تیۆرییەوە و لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە بەستێن و چەمکە سەرەکییەکانیان دەکەین.

#### ١-١-١. زانستی کەلام و فیرقە کەلامییەکان

دەرکەوتنی زانستی کەلام لە شارستانییەتی ئیسلامیدا، لە لایەکەوە بە سەرەتای دەرچوون لە تێگەیشتنی شەرع-سەنتەر و گێڕانەوە دادەنرێت و لە لایەکی ترەوە، قووڵبوونەوەیە لە خودی مرۆڤ و ئافرێنەرەکەی، بە پشت بەستن بەو بنەمایانەی کە عەقڵ دەتوانێت دایانئافرێنێت، هاوکات دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی کەشفی جیهانە لە ڕێگەی زمان و هەموو توانستەکانییەوە بە مەبەستی گەڕان بەدوای ئەو پرسیارە فەلسەفی و فکرییە ئەبەدییانەی کە بەشێک لە بوونی مرۆڤ ڕەنگڕێژ دەکەن و لەگەڵ گۆڕینی ڕوانگە بۆ خودی مرۆڤ کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر جیهانی سیاسەت دادەنێن، ئەمە بە تایبەتی لە شارستانییەتێکدا بایەخەکەی چەند هێندەیە کە عەقڵی ئەبستراکت کە پێویستی بە تیۆریزەکردنی فەلسەفی و دروستکردنی دەزگای چەمکسازییەوە هێشتا باش گەشەی

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

نەکردووە، و ئایین وەک فۆڕمی زاڵی بیرکردنەوە بەهۆی زاڵبوونی گێڕانەوە، وەک لێڤەگەڕی سەرەکی ئەرگۆمێنتەکان دەیەوێت لە سنووری عەقڵی ڕەشۆکی دەرنەچێت.

بەر لەسەرهەڵدانی ڕێبازە کەلامییەکان لە مێژووی ئیسلامدا «بیرۆکەی خواناسی وەک گەوهەری ئەزموونی ئایینی، بیرۆکەیەکی ماددی، بەرجەستە و دیاریکراو بوو» (مدكور، ١٩٨٣، ٢٣-٢٤) هەر بۆیە دامەزراندنی زانستی کەلام پێگەیەکی گرنگی هەیە لە بواری زانستە عەقڵییەکاندا، بەتایبەتی لە بەرامبەر وشەی فیقە واتە تێگەیشتن یان زانینی حوکمە شەرعییەکان، چونکە هەر وەک ئیبن خەلدوون دەڵێت کەلام بریتییە لە «بەڵگەهێنانەوە بۆ بیروباوەڕی ئیمانی، بە بەڵگەی عەقڵی» (ابن خلدون، ٢٠٠٦، ٣٦٣). ئەوەش واتە قوڵبوونەوە لە زمانی قورئان لە نێوان ئایەتی موحکەم و ئایەتی چوونیەک (المتشابهات) و سەرەتای هاتنەئارای ناکۆکی نێوان عەقڵ و نەقلە. (الفاخوري والجر، ١٩٩٣، ١٧٠-١٧٢) واتە جیاوزی نێوان ئەو ئایەتانەی کە روون و راشکاون و ئەحکامەکانیان لەسەر دادەمەزرێت، لەگەڵ ئەوانەی کە راڤە و تاویل هەڵدەگرن و چەندین مانای جیاوازیان هەیە، بە تایبەتی مانای میتافۆڕی کە تێیدا کۆدەکانی زمان رۆڵ دەبینن و پێویستی بە تێفکرینە.

کەواتە زانستی کەلام واتە پانتایی زانستە عەقڵییەکان و لە نێویاندا چۆنیەتی گەیشتن بە ناسینی خودا وەک چەمکێکی ڕووت بە پشت بەستن بە بەڵگە و نیشانە عەقڵییەکان و هەوڵێکە بۆ عەقڵانیکردنی ئایین لە ڕێگەی بەڵگەی لۆژیکییەوە لە چوارچێوەی دەقدا بە مەرجی گونجانی لەگەڵ عەقڵی هەمەکیدا، کە هەموویان سەرەڕای بنەڕەتە هزرییە پەتییەکانیان دواجار ئامانجی سیاسیان هەبووە بەتایبەتی سەبارەت بە دوو چەمکی گرنگی واتە "ویست" و "کردە" کە هەر دووکیان پاڵنەری سەرەکی جوڵەی مرۆڤن وەک بوونەوەرێکی عەقڵانی، هەر بۆیە زانستی کەلام کە موعتەزیلە نوێنەرایەتی دەکرد کەواتە بەرانبەر هەندێ ئاراستە و تەوژمی فیقی و عەقائیدی وەک سیفاتییەکان (الصفاتية) و جەبرییەکان (الجبرية) و قەدەرییەکان (القدرية) سەبارەت بە چارەنووس و ئیرادەی مرۆڤ و ئەو پرسیارە گرنگە سیاسی -فەلسەفییەی کە ئایا مرۆڤ لە کردە و ویست دا ئازادە یان مەحکوم؟ سیفاتییەکان لە بەرسڤی ئەم پرسیارەدا خۆیان لە تەئویلی دەق بەدوور دەگرت و لای ئەوان کۆنتێکست بایەخی نەبوو و گرنگترین خاڵ ئەوە بوو کە خودا «توانا و ئیرادەی لە بەندە نەفی کردووە و مرۆڤ بزوێنراوی قەدەری خودایە» (العوا، ١٩٨٧، ٣٥). هاوکات جەبرییەکان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە مرۆڤ هیچ کردە و تونایەکی نییە» (الشهرستاني، ١٩٩٢، ٧٢) و جەختیان لەسەر توانای ڕەهای خودا دەکردەوە و دەیانوت «کاتێ کردەیەک دەدرێتە پاڵ مرۆڤ تەنیا مەجازییە» (الاشعري، ٢٠٠٩، ٣٧٧). ڕەگەکانی سیفاتییەکان بۆ بیرۆکەی ماددیبوونی ئافرێنەر یان مرۆڤاندنی دەگەڕێتەوە، واتە پەیوەستە بە میتۆدی دەقگەرایی پەتی کە سەرەڕای فۆڕمگەراییەکەی و جەختکردنەوە لەسەر

رواڵەت، توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ چەمکە پەتی و بیرۆکە ڕەهاکاندا نییە، ئەمەش جگە لە قەتیسمان لە چوارچێوەی دەقدا، مرۆڤیش کۆت و بەند دەکات و ئیرادەی لێدەسێنێتەوە. لە دیدی جەبرییەکانیش مرۆڤ دەکەوێتە ناو بازنەیەکی داخراوەی حەتمیەتی خودایی تۆکمەیە، هەموو کردەوە و نیەتەکانی بەندەکان پێشتر بڕیاریان لەسەر دراو، بەڵام قەدەرییەکان کە دامەزرێنەرەکەی (مەعبەدی الجوهەنییە – ٦٩٩ ز کۆچی دوایی کردووە). یەکەمین ڕێبازە کە بانگەشەی "ئازادی ویست"ی کردووە و بیرۆکەی قەزای و قەدەری حەتمی ڕەت کردووەتەوە، هاوکات داکۆکی لە توانا و توانست و اختیاری مرۆڤ کردوەتەوە. دواتر غەیلانی دیمەشقی ( -٧٣١ز) لەسەر هەمان ڕێباز بەردەوام دەبێت و پێیوابوو «مرۆڤ ئەوەی دەیەوێت بەسەربەستی (اختیار) ئەنجامی دەدات خودا فەرمان بە ستەم و قێزەونی (الفحشاء) و سەرەڕۆی (العصیان) ناکات» (العوا، سەرچاوەی پێشوو، ٣٩-٤٠) و هەموو شتێک بەندە بە ویست و تواناوە و «مرۆڤ بە قەدەری خۆی کردەی چاکە و خراپە دەکات» (نلینو، ١٩٤٠، ١٩٩) بەم شێوەیە، باوەڕیان وابوو مرۆڤ ئیرادەی ئازدە و توانای هەیە بەسەر کردەکانیدا بە مانا حەقیقییەکەی نەک بە شێوەیەکی مەجازی، خۆی هەڵدەبژێرێت و سەربەخۆیە، نەک ناچار کرابێت، هەر بۆیە بەرپرسە لەوەی دەیکات و بەرەنجامی کار و کردەوەکانی دەکەوێتە سەرشانی خۆی و ئەمەش دەبێتە بنەڕەتی سەرەکی هزری موعتەزیلە لە ڕووی فەلسەفی و دواتر دەرەنجامێکی قوڵی سیاسی بەرهەمدێنێت.

### ٢-١-١. سەرهەڵدانی ڕێبازی موعتەزیلە

ئەم قوتابخانەیە لە سەرەتای سەدەی دووەمی کۆچی لە شاری بەسرە دەرکەوت و بە دوو قۆناغی جیاوازدا تێپەڕی، قۆناغی عەباسی (١٠٠-٢٣٧ ه) و قۆناغی بوەیهی (٣٣٤-٤٤٧ه) و دواتر لقێکی لێ درێژ بووەوە بۆ بەغداد، و لە سەرەتای خەلافەتی عەباسیدا گەیشتنە لوتکەی دەسەڵات. (المعتزلي، هەمان، ٢٢) شەهرستانی لە کتێبی "الملل والنحل"دا هۆکاری ناوزەدکردنی ئەم ڕێبازە بە موعتەزیلە بۆ کێشەی دەمەزرێنەرەکەی واتە (واصل بن عطاء الغزال ٦٩٩-٧٤٧ ز) و مامۆستاکەی واتە (حەسەنی بەسری*) دامەزرێنەری یەکەمی بیرۆکەی ئیرادەی ئازاد دەگەڕێنێتەوە سەبارەت بەو کێشەیەی کە ئایا ئەنجامدەری گوناهی گەورە (الکبائر) کافرە یان نا؟ واسڵ ڕای خۆی دەربڕی کە نە کافرە نە موسڵمان و دانیشتنەکەی حەسەنی بەجێهێشت و لەگەڵ ئەوانەی کە لەتەکیدا هاوڕا بوون لە گۆشەیەکی مزگەوتدا دانیشت و بۆشی دەکردنەوە، پاشان دواتر (عمرو بن عبید ٨٠-١٤٤ه) پێوەی پەیوەست بوو

* ئیمام ئەبو سەعید حەسەن کوڕی ئەبولحەسەن یەساری بەسرییە (١١٠-٢١ک / ٧٢٩-٦٤٢ز) باوکی خەڵکی میسان بووە و لە مەدینە هاتووەتە سەر دونیا، لە ماڵی پێغەمبەر (د.خ) ژیاوە و لە بەسرە نیشتەجێ بووە، دواتر بە بە ئیمامی بەسرە ناوبانگی دەرکردووە و بە دامەزرێنەری بیرۆکەی ویستی ئازاد لە هزری ئیسلامی ناوزەد دەکرێت.

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

و (حەسەنی بەسری) وتی، "اعتزل منا واصل- واصل دوورەپەرێزە لێمان" لێرەوە ناسناوی 'موعتەزیلە' (ئیعتزال و دوورەپەرێزی) بەسەردابڕا. (الفاخوري والجر، سەرچاوەی پێشوو، ١٤١)

بەم جۆرە یەکەم چرکەساتی سەرهەڵدانی ئەم ڕێبازە فکرییە پەیوەندی بە هێنانەئارای دیدگایەکی نوێیە بۆ کێشەیەک و دەرچوون لە شێوازی فکری باوە، هەرچەند لە ڕیوایەتی تردا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەم ناوە ئاماژەیە بە بێلایەنی لە سەرەتای سەرهەڵدانی ململانێ و ناکۆکی نێوان "ئەهلی سوننە و خەواریج" کە ئەمە ڕەهەندە سیاسییەکەتی و لەبەشی دووەمدا لەسەری دەوەستین و بەسەر چەندین ئاراستەدا دابەش دەبن**. لێرەوە دەتوانین بڵێین کە وشەی موعتەزیلە زیاتر لە دەلالەت و واتایەکی هەیە، لە ئاستێکدا پەیوەستە بە تێگەیشتنی مەزهەبی و عەقیدی و ئەمەش پەیوەندی بەو واقیعەوە هەیە کە تێیدا دەرکەوتوە لە سەردەمی ململانێی نێوان فکر و مەزهەب و تەنانەت ئایینە جیاوازەکان. بنەماین چالاکی کەلامی ئیعتزال کە مەبەستی بەرگریکردن بووە لە عەقڵانیەت و ئازادی عەقڵی مرۆیی بەرامبەر بە دەسەڵاتی دەرەکی و کارکردن بۆ چەسپاندنی مافی زاتی مرۆڤ لە داهێنانی بیروڕاکانی و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی هۆشیارانە لە کردەوەدا «لە بنەڕەتدا بە لق یان درێژکراوەی ڕێبازی قەدەریی دادەنرێن، و خاڵی دەستپێکی بیروباوەڕیان هەڵبژاردنی سەربەستانە و ئازادی ویستە» (بدوي، ١٩٤٠، ١٩٢)، هەر بۆیە پەیوەندییەکی فکری بەهێز هەیە لە نێوان ئیعتیزال و قەدەرییەکان کە باوەڕیان وابوو کە قەدەر بە چاکە و خراپەوە لە بەندەوەیە و بە هەڵبژاردنی خۆی لە کردەوەکانیدا و دەبێ لەسەر

---

** کاتێک موعتەزیلە دەستیان کرد بە قووڵبوونەوە و لێکۆڵینەوە لە بنەماکانیان لەژێر ڕۆشنایی فەلسەفەی یۆنانی و ڕێبازەکانی تر کە بە هۆی بزووتنەوەی وەرگێرانەوە پێیان گەیشتبوو و لە شرۆڤە و لێکدانەوەکاندا پێشڤەچوونێکی هزریان بەخۆیانەوە بینی و دواتر، چەندین ڕێبازی جیاوازیان لێکەوتەوە و بەسەر زیاتر لە بیست دەستە دا دابەشبوون کە، گرنگترینیان ئەمان بوون: نەزامییە: کە ئەبو هوزەیلی عەلاف (٨٤٩-٧٥١ ز) دایمەزراند، نەزامییە: شوێنکەوتووانی ئیبراهیم نەزام (٨٧٦-٧٧٧ز)، جاحیزییە: شوێنکەوتووانی جاحیز (٨٧٢-٧٧٥ ز)، جوبائییە: شوێنکەوتووانی جوبائی (٩١٧-٨٤٩ ز)، ئەسوارییە (شوێنکەوتووانی عەلی ئەسواری)، مەعمەرییە (شوێنکەوتووانی مەعمەر کوڕی عەباد سولەمی)، بیشرییە (شوێنکەوتووانی بیشر کوڕی موعتەمر)، هیشامییە (شوێنکەوتووانی هیشام کوڕی عەمرو فوتی)، مەردارییە (شوێنکەوتووانی عیسا کوڕی سوبەیح ناسراو بە ئەبو موسا مەردار)، جەعفەرییە (شوێنکەوتووانی جەعفەر کوڕی حەرب)، جەعفەرییە (شوێنکەوتووانی جەعفەر کوڕی موبەشیر)، ئیسکافییە (شوێنکەوتووانی موحەممەد کوڕی عەبدوڵڵا ئیسکافی)، سومامییە (شوێنکەوتووانی سومامە کوڕی ئەشرەس نەمر)، خەیاتییە (شوێنکەوتووانی ئەبو یەعقوب حەششام)، کەعبییە (شوێنکەوتووانی ئەبولقاسم عەبدوڵڵا کوڕی ئەحمەد کوڕی مەحمود بەلخی، ناسراو بە کەعبی)، بەهشەمییە (شوێنکەوتووانی ئەبو هاشم کوڕی ئەبو عەلی جوبائی) و پێیان دەگوترێت زەمییە (العوا، ١٩٨٧، ٥٧ و الفاخوري والجر، ١٩٩٣، ١٥٢).

ئەوانیش سزا و پاداشت بکرێت. (المعتزلي، ١٩٢٥، ٤٩) کۆی بیری فەلسەفی قوتابخانەی ئیعتیزال لەسەر پێنج بنەما دامەزراوە وەک چوارچێوەیەکی بیروباوەڕی و پاشان فکری و زۆرجاریش تەنیا لە دوو پرەنسیپ واتە داد و یەکتاییدا کورت دەکرێتەوە، پێنج پرەنسیپە سەرەکییەکە بریتین لە:

١ -**یەکتایی (التوحید)**، موعتەزیلە کۆکبوون لەسەر پێناسەکردنی خودا لە سنووری عەقڵی پەتیدا کە خودا یەکە، فرەیی لە زاتیدا نییە و ئەو بەدیهێنەری هەموو شتێکە و ئەو شت نییە. واتە «جیهان دروستکەرێکی کۆنی هەیە، توانا، زانا و زیندووە، نە جەستەیە و نە عەرەزە و نە جەوهەرە، دادپەروەر و دانایە، خراپە ناکات و نایەوێت، ئەرکی کردەوە بۆ دانی پاداشت و توانای کردەی داوە و هۆیەوە سزا دیاری دەکرێت» (المرتضی، ١٩٦١، ٧-٨).

٢ -**داد (العدل)**، هەموو ئەوەی کە خودا دەیئافرێنێت و دەیکات تەنیا بۆ بەرژەوەندی مرۆڤە، کردەکانی مرۆڤ هی خۆیانە، بەر لە کردە توانستیان هەیە. قازی عەبدولجەبار* چەمکی داد بەم جۆرە پێناسە دەکات، "زانستە لەمەڕ پاکژی (التنزیه) خودا لە هەموو قێزەونیەک و پاکژیەتی لە پەرستنی خراپی و پێچەوانەی بەرژەوەندی و سەلماندنی ئەوەی هەموو کردەکانی حیکمەت و داد و ڕاستین". (البصري وآخرون، ١٩٨٨، ١٩٨) جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە خوای باڵا کۆنە (القدیم) و کۆنیش تایبەتیترین وەسفە بۆ خودی ئەو و هەموو سیفات کۆنەکانیان لە بنەڕەتدا، رەد دەکردەوە و ئاماژەیان بەوە دەکرد کە خودا زانایە لە خۆیدا، توانایە لەخۆیدا و زیندووە لە خۆیدا، نە بە زانست و بە توانست و بە ژیان (الشهرستاني، سەرچاوەی پێشوو، ٣٨). چەمکی دادی ئیلاهی خاڵی دەستپێکی دیاریکردنی هۆکاری ئافراندنە و دەبێ دان بەوە دابنرێت کە دادی یەزدانی وادەخوازێت کە کردەی خوا هەموو جوانی بێت، چونکە قێزەونی هەڵنابژێرێت و بەڵێنشکێنی ناکات سەبارەت بەو ئەرکانەی هەیەتی و بەم جۆرە دادی ئیلاهییان رزگارکردووە لە ستەم و نەرێی کردەی شەڕ لە خودا و خستویانەتە ئەستۆی مرۆڤ (دغیم، ٢٠٠٧، ٨٨-٩٣).

٣ -**بەڵێن و هەڕەشە (الوعد والوعید)**، بیرمەندانی هزری ئیعتزال وەک قەدەرییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ویستی مرۆڤ ئازادە و دەتوانێ ئەوەی دەیەوێ بیکات و لە توانستی دایە نەشیکات، بەمە رەدی ئەوەیان کردوە خودا ستەم بکات و ئەرک و بەرپرسیارێتیان (التکیف) هێناوەتەپێش. (واسڵ) دەڵێت خوای بەرز و دانا و دادپەروەرە ناشێت شەڕ و ستەمی بخەینەپاڵ، بەڵکو بەندە (مرۆڤ) بکەری چاکە و خراپەیە (العوا، سەرچاوەی پێشوو، ١٦٩).

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

٤ -**پێگەی نێوانی دوو پێگە (منزلة بين المنزلتين)**، ئەمەش ئەو سەرەتایەیە کە موعتەزیلەی پێ دەناسرێتەوە و هەوڵیانداوە یەکەم بەردی بناغەی دوورکەوتنەوەی لە تەکفیری رووکەشانە دابنێن و پێیوانوابوو بکەری گوناهی گەورە فاسقە و لە ئیسلام دەرناچێت (القاضي، ١٩٦٥،٦٩٧ و دواتر).

٥ -**فەرمانکردن بە چاکە و نەهیکردن لە خراپە (الامر بالمعروف ونهي عن المنكر)**، ئەم پرەنسیپە هەم کۆمەڵایتی-ئەخلاقی و هەم سیاسییە و فەرمانە ئەخلاقییە کردەییەکانی لەسەر دادەمەزرێت و هاوکات بنەمای بیرۆکەی پێشەوایەتییە. (القاضی، ١٩٦٥، ٧٤١ و دواتر).

موعتەزیلە یان ڕێبازی ئیعتزال بە یەکێک لە گەورەترین رەوتە هزری فەلسەفییەکانی و مێژووی ئیسلامی دادەنرێن، کە بە هۆی دانانی هەندێ پرەنسیپی هەمەکی و بوونی دەزگای بیرکردنەوەی تایبەت، بووە بە قوتابخانەیەکی فکری عەقڵانی، هەوڵیانداوە زۆربەی پرسە شەرعییەکان لە چوارچێوەی تێگەیشتنی عەوامانە دەربێنن و بە پشتبەستن بە لۆژیک هەوڵی چارەسەرکردنی هەندێ کێشە بدەن کە بەشێکە لە نەریتی ئایینی و بە بەخشینی ڕەهەندی کردەیی پێی دەرەنجامی سیاسی لێکەوتووەتەوە و بووەتە هۆی هێنانەئارای عەقڵانیەت و بیری ئازاد، لەسەر بنەڕەتێکی تۆکمە کە بریتییە لە هاوتەریب کردنی ڕاستی چەمکە پەتییەکان و حەقیقەتی مرۆیی لە چوارچێوەی زمان و راڤە

و دامەزراندنی ژیانێکی ئەخلاقی و ڕۆحی لەسەردەمێکدا کە هزری دژە عەقڵی و دژە فەلسەفی باڵادەستبووە و هەوڵی ئەوەیان داوە دەزگا سیاسییەکان خاوەن چوارچێوەی تیۆری تۆکمە بن.

بەم جۆرە سەرەڕای لە قوڵبوونەوەوە لە زمان لەلایەک و پێداویستیە روحی و ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگا لە لایەکی تر سەرهەڵدەدات، ئەم قوتابخانەیە هاوکات لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی یۆنانی و بزوتنەوەی وەرگێڕانی شاکارە فەلسەفییەکانی ئەو سەردەمە، بەتایبەتی ئەفلاتون و ئەرستۆ لە سەردەمی عەباسییەکاندا و «بەم وتەی ئەرستۆ زۆر کاریگەر بوون کە خودا خاوەن رەفتاری رەها نییە، هەرچی بیەوێت بیکات، بەڵکو سیستەمە» (جار الله، ١٩٧٤، ١٠٢). لێرەوە ڕێبازی موعتەزیلە هەوڵیداوە قوتابخانەکەی لەسەر بنەمای لۆژیک دابمەزرێنی، بە تایبەتی لەمەڕ پێشەکی و بورهانەکانیان و قازی پێیوایە رامان و بیرکردنەوە لە ناسینی باری تەعالا یەکەم هەنگاوە (البصري و، سەرچاوەی پێشوو، ١٩٩) ئەمەش ناسینی هەمەکی رەهایە لە ڕێگەی بەڵگەخوازی و ئەرگۆمێنتسازییەوە نەک نەقڵ و گێڕانەوە.

بە پێچەوانەی دیالۆگەکانی ئەفلاتون کە گفتوگۆیە لە نێوان سوکرات و چەند کەسێکی تر سەبارەت بە بابەتی جەوهەر و ماهیەتیی شتەکان، کتێبەکانی قازی کە بەشێکی زۆری هزری قوتابخانەی موعتەزیلەی کۆکردووەتەوە وەڵامنامەیەکە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت بنەماکانی هزری موعتەزیلە بزانن و ئامادەکردنی قوتابییە بۆ مونازەرە و چۆنیەتی بەرپەرچدانەوەی رای نەیارەکان لە ئەگەری دورستبوونی گفتوگۆ. بەو حاڵەش وەک ئەهلی کەلام لە مێژووی هزری ئیسلامیدا توانیان پرەنسیپ و دیدگای تایبەت بە خۆیان بونیاد

بنێن و فەلسـەفە و ئـایین لێکگرێ بدەن و راڤەیەکی نـوێ بـۆ دەقی پیرۆز بکەن کە لەگەڵ هەمەکیەتی ویسـتی خودایـیـدا بگونجێـت کە هەمـان چـاکەیە و «لە رووی کـۆمەڵایەتی و سیاسـیش، بەتـایبەتی بە پشـتیوانی دەوڵەت هەوڵیاندا عەقڵی خەڵک لە ترس و خورافات رزگار بکەن» (امین،١٩٩٧، ١٩٦-١٩٧).

گرنگی ئەم پێـنج بنەمـایە و کـورتکردنەوەی تەنـانەت لە دوو بنەمـادا لە ئاسـتی تیـۆری بـایەخی لەوەدایە هەوڵیانـداوە بەشـێوەیەکی ئەبسـتراکت و بەزمـانێکی فەلسـەفی چوارچێـوەیەک بـۆ تێگەیشـتنی جیهان دابرێـژن کە هەندەک و هەمەک (الجزء والكل)ی جیهانبینی هزری لەگەڵ یەکدا یەکانگیر بێت ودژایەتی نەکەوێتە ناو سیسـتەمی لۆژیکەکەیـان. چڕکـردنەوەی روانگەکانیـان لە رووی ئیلاهی و مـرۆییەوە بـۆ چەمکەکـانی داد و پەیوەنـدی نێـوان مـرۆڤ و خـودا و لە کـردە و ویسـت و لێکەوتەکانی، جگە لە هێنانەئارای چەمکسـازی وەک ئەرکێکی گرنگی فەلسـەفە، هاوکـات زەمینەیەکی لەبـاری تیـۆریە بـۆ داڕشـتنی روانگەیەکی عەقڵانـی بـۆ سیاسـەت کە هەر لە بـازنەی کـردە و پێداویسـتییەکانی ویسـتی مرۆڤـدا دەسـوڕێتەوە. ئەم پێـنج بنەمـایە یارمەتیـدەرێکی تیـۆریە بـۆ چـۆنیەتی سـەلماندنی ئەو بانگەشـەیەی خسـتویانەتەڕوو بە تـایبەتی سـەبارەت بە پەیوەنـدی ویسـت بە ئـازادیی و کـردە بە عەقڵانیەتەوە کە پاسـاوی ئەخلاقیەتی مرۆڤیشـە وەک بـوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی-سیاسی کە هەمان پرسیاری سـەرەکی کانتە بۆ زرووڕەتی ئەخلاقی هەمەکی.

### ٢-١. ئەپستمۆلۆژیا و تیۆری رەخنەگەرایی کانت

#### ١-٢-١. رێبازی عەقڵگەرایی

پێشـینەی فەلسـەفەی کانـت بـۆ کێشـەی نێـوان قوتابخـانە عەقڵگەرایی (Rationalism) و ئەزمـونگەرایی posivitism دەگەڕێتەوە لە پێش هەموویـانەوە دیکارت کە میتـۆدی عەقڵی بەکارهێنـا بـۆ سـەلماندنی بـوون لە سـەرەتایەکەوە کە لە ڕووی عەقڵییەوە بە ڕەهـایی گومـانی لێ ناکرێـت، ئەویـش هەر وەک خـۆی دەڵێـت رسـتە راسـتە جەبرییەکەیەتـی، واتە "مـن بیر دەکەمەوە کەواتە مـن هەم"ە کە بە "کۆجیتـۆ cogito" ناسـراوە (دیکـارت، ١٩٨٨، ٣٨). واتە بیر بەشـێوەیەکی دابـڕاو لە دەرەوە و تەنیـا بەپشـت بەسـتن بەخـۆی دەتوانێـت واقیع و وجود بدۆزێتەوە. سـەلماندنی بوون لە خۆیدا، لە رێگەی عەقڵەوە وەک سیسـتەمێکی تەواو کە لۆژیکی تونـدوتۆڵی هەیە بێ گەڕانەوە بـۆ دەرەوە، یەکێـک بـوو لە تایبەتمەنـدییە سـەرەکییەکانی ئەم قوتابخـانەیە، هاوکات ویسـتی ئـازاد لای دیکارت ویسـتێکی بێکۆتـایی بـوو کە ئـازادە لەوەی رەزامەنـدی و نـارەزایەتی دەربڕێ لەمەڕ پەیوەنـدی نێـوان بیرۆکەکـان کە یـادگە یـان توانسـتی تێگەیشـتن و هەسـت دەیخـاتەڕوو، ئەمەش پـێچەوانەی مەعـریفەی ئێمەیە کە سـنووردار و کۆتایـدارە و گریمـانەی ویسـت دەکات وەک هێزێکی نـاوەکی بێکۆتـایی (دیکارت، سـەرچاوەی پێشـوو، ٦٩) کە هۆشـیاری مرۆڤی ئـازادی لەسـەر دامەزراوە وەک سـیفەتێکی خـودی لەسـەرخۆ-وەسـتاو، دواتـر (لایبنیتز ١٦٤٦ - ١٧١٦) رایوابـوو لە سـەرووی نەفسی مۆنـادی کۆتایـدار،

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

واتە یەکەی پێکهێنەری مرۆڤ وەک جەوهەری سادە و گەردیلەی ڕاستەقینەی شتەکان، نەفسێکی بێکۆتایی بوونی هەیە کە تێگەیشتن و ویست لەخۆ دەگرێت (لایبنیتز، ٢٠١٥، ٢٤) ئەم بێکۆتاییە کاریگەری ڕەهای لەسەر خودیی عاقڵ و ڕێکخستنی ویست هەیە. (لیبنتیز، سەرچاوەی پێشوو، ١٠٠) لێرەوە جیاوازی دەکات لە نێوان دیاردە نوێکردەکان (حادث) و یاسا هەمەکییەکان کە پرسی بنەچەی مەعریفە و بەهاکەی دەوروژێنێت و ئەزموونی مەعریفەی نوێکرد ناجەوهەرین بۆ نەفس لەخۆیدا، بەڵام مرۆڤ بەهۆی عەقڵیەوە دەتوانێت پرەنسیپە زەرووریەکان و حەقیقەتە پێویستەکان دەرک بکات و هەر کاتێ مۆنادەکان کردەیان لەخۆ گرت ئەو هەموو کردەکان سەرچاوەکەیان بۆ ئەو دەگەڕێتەوە و ئەوەش واتە ئازادی و بوونی ویست لە هاوسەنگی تەواودا کە بە ئازادی کاردەکات. (کرم. ٢٠٢١٢ ، ١٣٩)

لەم پێشەکییە تێدەگەین کە عەقڵگەرایی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە عەقڵ حەکەمە بەسەر هەموو پرسەکانی پەیوەست بە تێگەیشتن و ڕەفتار و کردە و بیروبۆچوونەکان و بەهۆیەوە مرۆڤ دەتوانێ لەگەڵ عەقڵی هەمەکیش پەیوەندی دروست بکات و بیناسێت کە دەشێت ناوی بنێین خودا یان سروشت یان سیستەم، ئەمە پەیوەست نییە بە ئەزموونی ڕۆژانە و کەڵەبوونی مەعریفە لەڕێگەی هەستەکانەوە، بەڵکو عەقڵ وەک سیستەمێک لەخۆیدا دەتوانێ بابەتەکانی خۆی دیاری بکات بە بابەتی زانستی وئەخلاقی و بەهایی و پەیوەندی لەنێوان هزر و شتەکان بخوڵقێنێ و واقیع دەرک بکات.

## ٢-٢-١. ڕێبازی ئەزموونگەرایی

ئەزموونگەرایی لە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا کە پۆزەتیڤیزم لە زانستدا نموونە باڵاکەیەتی کە بە ئۆگست کۆنت (١٧٩٨-١٨٥٧) دەبێتە میتۆدێکی تۆکمە، ئاماژە بە نەریتێکی ئەپستمۆلۆژی دەکات کە تەنیا دان بە مەعریفە و حەقیقەتە دەرەکییەکاندا دەنێت کە بەشێوەیەکی بابەتی بسەلمێنرێن و دیارترین بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیەش (دەیڤید هیوم) و(جۆن لوک) و (جۆن ستیوارت میڵ) و (بێرکلی)ین کە وەک هەڵگەڕانەوەیەک لە ڕێبازی عەقڵانیەت و تێگەیشتنی دینی و لاهوتی بۆ مرۆڤ و بوون بەگشتی. لوک ئاماژە بەوە دەکات کە سێ جۆر مەعریفەمان هەیە سەبارەت بە بوونی ڕاستەقینە، مەعریفەی هەستەکی لەمەڕ بوونی خۆمان، مەعریفەی بورهانی لەمەڕ بوونی خودا، مەعریفەی هەستەکی لەمەڕ بوونی شتەکان و لە نێوان ئەم سێ مەعریفەیەدا ئەزموونگەرایی مەیلی بۆ سێیەمیان هەیە و پێیوایە هەموو مەعریفە بەرهەمی ئەزموونە و جەخت دەکاتەوە هیچ پرەنسیپێک بوونی نییە کە بتوانرێت لە ڕێگەی هێزی عەقڵەوە دروستییەکەی بسەلمێنرێت (فرانك، ١٩٨٣، ٨٤) ئەمەش واتە هەموو دیاردەکان لەناو کات و شوێن دان و هۆیەتی پردی پەیوەندی نێوان واقیع و تێگەیشتنی ئێمەیە. هاوکات هیوم پێیوابوو بەڵگەخوازی ئەزموونی و هۆخوازی بەشێکی دانەبڕاوی ژیان مرۆڤە و زنجیرەی سروشتی و کردەی ئیرادی پەیوەستن بەیەکەوە (هیوم،

٢٠٠٨، ١٢٦-١٢٨) و لێرەوە بیرۆکەی "هۆیەتی causation " هێنایەئارا و دەڵێت: «حەتمەن دەبێت لە پەیوەندی realtionی نێوان شتەکان دابڕێژرێت و ئێمە پێویستە کەشفی بکەین، هەر بۆیە هۆ و ئەنجام دەدۆزرێتەوە» (بدوي، ١٩٧٥، ١٠٩). لە دیدگای ئەو لە زنجیرەی هۆکارێتی نێوان شتە لێکدوورەکان لانیکەم دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین و پەیوەندی لێکبەستن خەسڵەتی سەرەکی و جەوهەری هۆیەتییە (رسل، ١٩٧٧، ٣١١-٣١٣). بە پێی رێبازی ئەزموونگەرایی عەقڵ ناتوانێ ئەنجام دەرک بکات بەبێ هۆکار، تەنانەت بینی دیاردەکان هەمیشە بیرۆکەی هۆیەتی دەوروژێنێت و هەموو مەعریفەیەکی مرۆیی لە هەڵزنان لە دەرەنجامەوە بەرەو هۆکارەکان کورت دەبێتەوە (بدوي، سەرچاوەی پێشوو، ٩٧)، ئەم پەیوەندییەش واتە رووداو لە ئەزموون و واقیعدا دێتەبوون و پەیوەستە بەشوێنکات و هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی نییە بتوانین بەشێوەیەکی گشتی و روون وەک بنەمای رامانیی وەربیگرین بەفیترەت بوونی هەبێت. (لوک، ٢٠١٩، ١٤٦).

بەم جۆرە لای ئەزموونگەرایی هەموو مەعریفەیەکی زانستی و ئەخلاقی پەیوەستە بە ئەزموونی هەستەکانی مرۆڤەوە و ئەمەش وادەکات چالاکی عەقڵ لە هەمەکیەتی خۆیدا پشت بەدەرەوە ببەستێت، هەر بۆیە هەموو پرەنسیپە فۆرماڵە هەمەکییەکان بۆ عەقڵ رەد دەکەنەوە و دان بە ئەحکامی هەمەکی دانانێن. واتە ئەگەر لای عەقڵگەرایی پێوەری حەقیقەت هەڵێنجان بێت و مەعریفە سەرچاوەکەی بۆ پرەنسیی پێشینەیی و زەروری بگەڕێتەوە، ئەوا ئەزموونگەرایی جەخت دەکاتەوە کە ژێدەری مەعریفە و ناسینی حەقیقەت ئەزموونی هەستەکییە کە بەهۆی جیهانی دەرەکییەوە سنووردار دەکرێت (جعفر، ١٩٩٩، ٣٦-٣٩). بەم جۆرە هەر دوو رێبازەکە تووشی جۆرێک لە بنبەست هاتبوون و یەکەمیان سیستەمێکی میتافیزیکی گشتگیری دروستکردبوو کە جگە لە بەرهەمهێنانی دۆگماتیزم، سەلماندنی بانگەشەکانی دژوار و ئەستەم بوو، دووەمیشیان بەهۆی رەدکردنەوەی هەموو مەعریفەیەکی هەمەکی بابەتی، گومانی دەخستە سەر توانستی عەقڵی تیۆری و بەرەو گومانگەرایی و رێژەگەرایی رۆیشتبوو. بۆ دەرچوون لەم تەنگژەیە رێبازی رەخنەگەرایی criticism کانت سەرهەڵدەدات و هەوڵدەدات عەقڵ و ئەزموون و دروستی حوکمەکان و هەست بەیەکەوە گرێبدات کە کاریگەری لەسەر پاکژکردنەوەی عەقڵ و توناکانی مرۆڤ هەیە، بە ئاراستەی سیاسەتێکی جیهانی دەچێت.

### ٣-٢-١. کانت و رەخنەی عەقڵی پراکتیکی

ئیمانوێل کانت (Immanuel Kant) بە خاڵی وەرچەرخان دادەنرێت لە مێژووی فەلسەفەی رۆژئاوا کە بەهۆی دامەزراندنی سیستەمێکی لۆژیکی فەلسەفی هەوڵیداوە پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان عەقڵ و مەعریفە سەبارەت بە دیاردەکان بێنێتەئارا و عەقڵی بەسەر سێ ئاستی پەتی و کردەیی وهێزی حوکمداندا دابەش کردووە و لە وێوە بە دوای یاسایەکی بنبڕی ئەخلاقیدا دەگەڕێت کەم هەم شت لەخۆیدا (واتە جیهانی ناوەکی

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

مـرۆڤ) و هەم شـت بۆخـۆی (واتە جیهـانی دیاردەکـان) بسـەلمێنێت، دواتـر لە دەوڵەتـی ئەخلاقی هەمەکی و دەستووریدا رووگە سیاسییەکانی دەربکەون. بە هۆی جیگۆڕکێ کردن بە پێگەی کاریگەر لەسەر مەعریفەی خود subject و بابەت object واتە زاڵکردنی خودی مرۆڤ بەسەر بابەتەکانی بیرکردنەوە، نەریتی عەقڵانیەتی گۆڕی، جەختی کردەوە کە ئەوە ئێمەین فەرمان دەکەین و یاسا دادەڕێژین بۆ سروشت، لێ لەسەر بنەمای ئایدیالیزمی ترانسێندێنتاڵی* بەمەش هەوڵیداوە لە میتافیزیک دەربچێت (جعفر، سەرچاوەی پێشوو، ٢٩). هەر بـۆیە کانـت رێـگەی سـێیەمی بـۆ دەرچـوون لە دۆگمـاتیزمی عەقڵگەرایـی و گومـانگەرایی ئەزمـوونی خسـتەڕوو، لە رێـگەی هەڵسـەنگاندنی عەقڵـی پەتـی و فەرمانەکـانی عەقڵـی کردەیـی و پەیوەنـدییان بە ئەزموونەوە سیستەمێکی فەلسەفی دامەزراند سەبارەت بە چەمکەکانی ویست و ئازادی و سنووری عەقڵ و پەیوەنـدیان بە بیـرۆکەی هـۆیەتییەوە لە چوارچێـوەی ئـازادی و زەرووریەتـدا، ئەمەش نەک هەر سـەرەتای رۆشـنگەری عەقـڵ بـوو، بەڵکو بەهـۆی دامەزرانـدنی بنەماکانی ئەخلاقی هەمەکی و پـرۆژەیەک بـۆ ئاشـتی هەمیشـەیی، کاریگەری راسـتەوخۆی دانـاوە لەسـەر هاتنەئـارای تیـۆریی بـۆ سیسـتەمێکی سیاسـی ئەخلاقی و دەوڵەتێکی دیموکراتی و یاسایی.

پێشـگریمانەی کانـت ئەوەیە کە عەقڵی پەتی ناتوانێـت شـت لە خۆیـدا nomena کەشـف بکـات و تەنیـا لە توانـای دایە دیاردەکان phenomena بـدۆزێتەوە، هەر بـۆیە (خـود) نەک هەر لە رێگەی عەقڵەوە بەڵکو وەک ویسـت و ئـازادیش سـەیر دەکرێـت، «عەقڵـی کردەیـی (ئەخلاقی) گرنگی بە دیـاریکردنی ویسـت دەدات کە توانسـتی بەرهەمهێنـانی بـابەتی تەبـا لەگەڵ هـزر و هۆکارێتی هەیە و پێویسـتە لەگەڵ ئیرادە کار بکەیـن و لە عەقڵـیش رابمێنـین لە پەیوەسـت بە ویسـت و هۆیەتیـدا» (کنـت، ٢٠٠٨ ، ٣٦) لای ئەو دروسـتکردنی پەیوەنـدییەکی لـۆژیکی لە نێـوان عەقـڵ بە شـێوەیەکی ترانسـێندێنتاڵی کە سـیفەتی هەمەکی هەیە، پەیوەسـت نییە بە مەرجێکی دیاریکراو کە دەبێتە بنەڕەتی ویست و ئازادی و لە ژێر کاریگەری (جان جاک رۆسـۆ) پێوایە ملکەچبـوون بـۆ یاسـایەک کە خۆمـان بـۆ خۆمانمـان دارشـتووە، بەمانـای ئـازادییە و ئەمەش جیـاوک و تایبەتمەندی ناوازە بە جۆرایەتی مرۆڤ دەبەخشێت (کولر، ٢٠١٢، ٣٨٢-٣٨٣). بەم چەشـنە ئەگەر کێشـەی جەبـر و ئیختیـار پرسـی سـەرەکی هـزری ئیعتزال بێـت و هەوڵی تیـۆری بیرمەنـدانی مـوعتەزیلە بـۆ دیـاریکردنی شـوێنی شـیاوی مـرۆڤ بێـت لەنـاو سیسـتەمی هەمەکی و گەردوونـی بـۆ ئەوەی خـۆی بڕیـار بـدات، ئەوا لای کانتیش مـرۆڤ وەک ویسـت لە نێـوان هەر دوو جیهـانی نۆمینـا و فینۆمینـادا پێویسـتە وەک بـوونەوەری عاقـڵ

---

* ترانسـێندێنتاڵ transendental: ئەو زانینـەیە کە مەرجی پێشـینەی دیاریکراو لەخۆدەگرێت بـۆ بەدەستهێنانی زانینی هۆکارێتی و دەرککردنی هەسـتەکی، مەبەسـتمان لەم مەرجانە ئەوەیە کە پێی دەڵێت فـۆرمە پێشـینەکان، وێنە هەسـتیەکان (شـوێن و کات) و وێنـا پێشـینەییەکان (کاتیگۆرییەکان)، ئەو وێنـە و وێنایانە لە ئەزمـوونی هەسـتەکیەوە وەرنـاگیرێن، بەڵام پێویستن بۆ ئەوەی ئەزموونی هەستەکی ئێمە لەگەڵ جیهانی ئەزموونیدا تەواو بێت (لالاند، ٢٠٠١، ٥٥٦).

سەیر بکرێت کە لە پانتایی ئازادیی دایە. هەر دوو ڕێباز بۆ سەلماندنی ئەم پێش گریمانەیە لە رووی تیۆرییەوە میتۆدێکی تۆکمە و هاوتای یەکتریان بەرهەمهێناوە کە لە خوارەوە شی دەکەینەوە.

### ٣-١. مرۆڤ لە نێوان سەربەستی موعتەزیلە و یاسای ئەخلاقی کانتدا

لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر چەمکی سەربەستی (الاختيار) و توانا (القدرة) لە میتۆدی موعتەزیلەدا، کە لە جەوهەری خۆیدا پەیوەستی دەکەن بە پرسی تەکلیف و بەرپرسیارێتی و لەوێوە هەوڵدەدەن پاساو بۆ پرسی دادی ئیلاهی بهێننەوە و پەیوەستی بکەن بە کرۆکی ئەخلاق کە لە کردەی مرۆڤدا دەردەکەوێت؛ هەر ئەوەش لای کانت لە چوارچێوەی عەقڵی پەتی کردەیی و یاسای ئەخلاقیدا خۆی دەردەخات وەک ژێدەری سەرەکی ویست و یاسادانان.

#### ١-٣-١. ویست و سەربەستی مرۆڤ

لە رووی ئەرگیۆمێنسازییەوە دروستکردنی پەیوەندییەکی تۆکمەی لۆژیکی لە نێوان ویست و توانا و سەربەستی بە ئاراستەی ئازادبوون لە کۆت و بەندی هێزی ئیرادەگەرای دەرەکی، یەکێکە لە گرنگترین ئەرکە تیۆرییەکانی ڕێبازی موعتەزیلە کە وادەکات عەقڵانیەت رەهەندێکی ئاکاری وەربگرێت. پرسیاری سەرەکی مەعتەزیلە ئەوەیە ئایا مرۆڤ ناچارە لەوەی دەیکات؟ یان سەربەستە لە کردەوەکانیدا و ئازادە لەوەی ئەنجامی دەدات؟ واتە پابەند نییە بە قەدەرێکی نووسراو لە ئەزەلەوە و هێزی کۆنترۆڵکردن و گۆڕینی قەدەری خۆی هەیە؟

لە رووی زاراوەییەوە "ویست" و "سەربەستبوون" مانا و مەبەستی جیاوازیان هەیە، ویست بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە مەبەست تێدا دانراوە، و لە بنەڕەتدا داواکردنی شتە، یان ئارەزووی بکەر بۆ کردەوە، بەڵام "سەربەستی" دەلالەت دەکات لەسەر ئەوەی کە بکەر ئەگەر بیەوێت دەیکات و ئەگەر نەیەوێت نایکات (صليبا، ١٩٨٢، ٥٧). ویستگەراکان ئاستی قەدەر لە کردەوەی مرۆییدا بۆ "شوێنگە-المحل" دادەبەزێنن کە جێگەی کۆکردنەوەی "بکەری ئەفرێنراو" و"بکەری ئافەرینەندەیە"، مەعتەزیلەکان ئەم "ئەم ئەفراندنە-الخلق" ناو دەنێت نوێکرد (الحدوث) واتە نوێکردنەوەی وجود (دغيم،مصدر سابق، ٩) کە ویست کاریگەری لەسەر دادەنێت «چونکە کاریگەری رووداوەکە لە کردەی خۆیدا دروست دەکات نەک لە کردەی کەسێکی تردا» (عبد الجبار، سەرچاوەی پێشوو، ٨٦) ئەمەش وادەکات لە هزری ئیعتزالدا ئاستی جیاواز، بەڵام هاوتا بۆ چەمکی ویست بێتەئارا، بۆ نموونە (جاحیز) و (ثمامە بن اشرس) رایانوابوو کە هیچ کردەیەکی مرۆڤ بوونی نییە جگە لە ئیرادە و سەرجەم کردارەکانی دیکە دەدرێنە پاڵ مرۆڤ بەو مانایەی کە لێیانەوە ڕوویداوە بە سروشت و بە ئیرادەیان واجب بووە. (معمر بن عباد) پێیوایە مرۆڤ هیچی نییە جگە لە ویست، ئەوەی دیکە ڕووداوێکە هیچ بکەرێکی نییە، بەڵام جبائییەکان کۆکبوون لەسەر ئەوەی کە کردە وەک دروستکردن و داهێنانە (الشهرستاني، سەرچاوەی پێشوو، ٩٩-١٢٠). کەواتە ویست دەچێتە ناواخنی کردە و دەبێتە

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

داینەمۆی کە لەسەرخۆی وەستاوە، ویست و بکەر دەبن بە دوو ڕووی یەک دراو و بەتایبەتی کاتێ وەک دەرکەوتە لە واقیعدا مرۆڤ بەیانی دەکات.

### ٢-٣-١. توانا و هێزی مرۆڤ

مرۆڤ ئەگەر ویستی هەبێت، پێویستی بە توخمێکی تری جەوهەریی هەیە کە ئەویش توانا (القدرة) و لەویش گرنگتر هێزپێشکانە (الاستطاعة) و ڕێبازی ئیعتیزال هەوڵدەدات ئەمە وەک بگۆڕێکی ئامادە بۆ پەرەسەندن بخاتەڕوو کە «دۆخێکە لە شوێندا و کردە بەو ڕوودەدات» (عبدالجبار، سەرچاوەی پێشوو، ٩١) واتە توانایە وەک ئامرازێکە کە مرۆڤ بەهۆیەوە ئیرادە و هەڵبژاردنی خۆی دەهێنێتەدی (عمارة، ١٩٨٨، ٨٣) چونکە لەبنەڕەتدا خودا مرۆڤی تونادار کردووە و ئەم هێزپێشکان لە وجودی مرۆڤ دایە بەر لە ئەنجامدانی کردە کە هەر خۆیشی بە سروشت سنووردارە، بەڵام دەکەوێتە پێش کردە، هەر بۆیە «کردەی هی مرۆڤە و هیچ ناچاری و دەستبەستراوێک بوونی نییە» (البصري وعبد الجبار، سەرچاوەی پێشوو ، ٢٤٦) لێرەوە دەتوانین بڵێین کە مرۆڤ لە زاتی خۆی و بۆخۆی، توانادار و خاوەن کردەیە، ئەگەرچی لە هەندێ حاڵەتی تایبەتیدا ڕەنگە نەتوانێت کارێک ئەنجام بدات، بەڵام دەتوانێت بەدەستی بێنێت وەک کردەیەکی بەدیهاتوو و لێرەوە دەبێت بە پێوەری مرۆڤایەتی مرۆڤ و بنچینەی لێپرسینەوە و ئەرک، و بەبێ ئەمە ژیرانە نییە مرۆڤ بە بەرپرس بزانرێت لەسەر شتێک کە نەیکردووە و کاریگەری لەسەری نەبووە.

موعتەزیلە بۆ بەتاڵکردنی ڕێبازی جەبری، پەیوەندی نێوان بنەما و پێشەکییەکانیان هەڵوەشاندوە و ئاماژەیان بەوە کردووە، کە دەبێ پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان ویست و ڕەفتاری بەندە و مەبەستەکانی بوونی هەبێت وەک دروستکەر و داهێنەر، و هاوکات جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە بەندە دەتوانێت شتێک دروست بکات و بیهێنێتە بوون، توانای کردە پەیوەست نابێت بە شتەوە تەنها لە ڕێگەی دروستکردنەوە نەبێت و مەحاڵە شتێک لە دوو ڕوو دروست بکرێت و مەحاڵە کردە پەیوەست بێت بە دوو بکەری دروستکەرەوە واتە دوو خالقی هەبێت (دغیم، سەرچاوەی پێشوو ، ٦٨). قازی ئەوە ڕوون دەکاتەوە نوێکردی ڕووداو واتە کردەیەکی نوێ لە جیهاندا کە بەپێی مەبەست و زانین دەکرێت، هەربۆیە پەیوەستە بە پاڵنەری ناوەکی مرۆڤ بەوەبەرچاوکردنی دۆخی کەسەکە کە بیەوێت بیکات یان نا (عبد الجبار، سەرچاوەی پێشوو، ٣٦٠-٣٦١). توانا لە جوڵاندنی شتێک توانستی بەسەر هۆکارێتی شتەکەشدا هەیە، چونکە توانای جوڵە گوزارشتە لە جوڵاندن. (هەمان سەرچاوە، ٩٧) کەواتە مرۆڤ بە ویستی خۆی ئەفرێنەری کردەکانیەتی، لە ڕێگەی ئەو ماتە هێزەی لە بوونیدایە، ئەو هێزە هەر هەیە و نوێ دەبێتەوە و تواناش شتێکی نوێکردە، ئەمەش زەمینە بۆ هاتنە ئارای تیۆرێکی گرنگ سەبارەت بە نەمانی"هۆیەتی- السببیة" لە ئاراستەکردنی ویستی مرۆڤ دەرەخسێنێت. بەم چەشنە بیرمەندانی مەعتەزیلە ئەرگیۆمێنتی ئەوە دەخەنەڕوو کە پێویستە ڕەفتاری مرۆڤ بەپێی مەبەست و ئیرادە ڕوو بدات چونکە کردەوەی خۆیەتی، و

ئەوەیـان سـەلماند کە مـرۆڤ خـاوەن ئیرادەیە و زانینی ئەمە بە ناچـاری ڕوودەدات چـونکە ئەو لە خـۆیەوە دەزانێت کە خاوەن ویستە، هەروەک چۆن لە خۆیەوە دەزانێت کە بیر دەکاتەوە و ئارەزووی هەیە و مەبەستی هەیە، ڕێک هاوتای "کۆجیتۆی" دیکارتی.

## ٢-٢-١.عەقڵی پڕاکتیکی و یاسای ئەخلاقی لای کانت

### ١-٢-٢. سەربەخۆیی Aoutonomy


لای مـوعتەزیلە ویسـت بـریتیە لە ئـازادی کـردە و کـردەی ڕاسـتەقینەش کـردەی ئـازادە، ئەمەش ڕوونـادات ئەگەر کردەیەکی هۆشیارانەی خۆویستانە لە ئارادا نەبێت و توانا وەک بنەڕەتی کردە دەرنەکەوێت. ئەمە لای کانتیش بە هەمـان شـێوە لە چوارچێوەی ی یاسـای ئەخلاقی دەردەکەوێت. کانـت پێیـوایە «عەقڵی پەتی تەنیـا خۆی پراکتیکە و یاسای گشتی بە مرۆڤ دەدا کە پێیدەڵێن یاسای ئەخلاقی» (کنـت، سـەرچاوەی پێشـوو، ٨٤) و فۆڕمێکی بێگەردی یاسادانانی هەمەکییە کە دەتوانێ ئیرادەی ئازاد دیاریبکات و هەر بە یاسـای ئەخلاقیش دەزانـین ئـازادین. لە سـەربەخۆی ویسـتی ئـازاد، وەک پێکهـاتەی پێشـینەی a prori چەمکی ئـازادی دەبێـتە ڕاسـتیەکی بـابەتی. (دولـوز، ١٩٩٧، ٤٩) کەواتە یاسـای ئەخلاقی کە هەمـان یاسـای ئـازادییە بە هـۆی زاڵبـوونی عەقڵ بە سەر حەزدا، سیمای ئەخلاقی وەردەگرێت و یەکێک لە سیفەتە جەوهەرییەکانی، هەمەکیبوونیەتی و فـۆڕمی گشـتی کـردە دەبێ ببێـتە بنەڕەتی ئیرادە و هەر ئەوەشـە پێویسـتە ببێـتە بەڵگەنەویسـتی MAXIME [*] یاسـایەکی هەمەکی. لە دیـدگای کانـت، تەنیـا بـوونەوەری عاقـڵ دەتوانێـت بچێتە ژێـر عەقڵی پراکتیکی، و هەر عەقڵیش دەتوانێت چەمکی ئازادی دیـاری بکات. (دولـوز، سـەرچاوەی پێشـوو، ٤٩) وەک توانسـتی دیاریکردنی یاسا و ویستی سـەربەخۆ، واتە پەیوەندی ویسـت بە خۆیەوە وەک توانسـتی خـودە عاقڵەکان، بنەڕەتی هەموو یاسادانانێکیش بە شێوەیەکی بابەتی ئەوەیە کە ڕێسای گشتگیر و هەمەکی هەبێت. هەربۆیە پەیوەندی نێوان ئازادی و ئەخلاق حتمەن دەبێ بە سـەربەخۆیی مرۆییدا بـڕوات و بوونەوەی ژێردەسـتە و بێ ئیرادە لە ڕاسـتیدا داماڵراوە لە ئازادی و ئەخلاق بەمانا ئیعتزالی و کانتییەکەی.

### ١-پەیوەندی ئەخلاق بە ئازادییەوە

---

[*] بەڵگەنەویسـت (ماکزیمە maxime) ڕێسـایەکی نـاوەکییە مرۆڤ بەهـۆیەوە دەتوانێـت شـتێک بکات، بنەمای خـودیی کـردەی ویستە لەبەرانبەر بنەمای بابەتی کە یاسای کردەییە. (کانت، عملي، ٥٢ -٩٣)

https://doi.org/10.17656/jlps.10370




### ٣-٢-٢. یاسای ئەخلاق و فەرمانە ڕەهاکان

عەقڵی پراکتیکی بە دابڕان لە ئەزموون و بە گەڕانەوە بۆ خۆی و سەربەخۆبوونی، دەتوانێ ویستی خۆی دیاری بکات. (کنت، سەرچاوەی پێشوو، ٧٤-٧٥) وەک هەندێ فەرمانی ڕەهای ئەخلاقی کانت دەڵێت: «با کردەوەکانت بە جۆرێک بێت کە ئیرادەی تۆ هەمیشە و ئێستا ببێت بە بنەمایەکی یاسایەکی گشتی»(کنت، سەرچاوەی پێشوو، ٨٣). عەقڵی پراکتیکی بنەماکانی ویست دیاری دەکات و ویستیش توانستێکە بۆ بەرهەمهێنانی بابەتی خۆی و هۆکاری خۆیەتی، هەر ئەمەش دەیکات بە فەرمانێکی ڕەها، چونکە پەیوەست نییە بە ئەزموون و دۆخێکی گۆڕاو، بەڵکوو هەڵقوڵاوی عەقڵی پەتی ترانسێندێنتاڵی فۆرماڵە و ئەمەش دەیکات بە سەرچاوەی یاسای ئەخلاقی. بۆ ئەوەی ئەم ئەخلاقە پەیوەست بێت بە کردەوە، دەبێ خاوەن پێوەری norm باڵای حوکم بێت سەبارەت بە ڕاست بوونی (سلیمان، ٢٠٠٩، ٤٠٧-٤١٤). کانت لە فەرمانێکی تری ڕەهادا دەڵێت، «کردەوە و مامەڵەت لەگەڵ مرۆڤ لە کەسێتی خۆت و هەموو مرۆڤێکدا بە چەشنێک بێت وەک ئامانج لە خۆیدا نەک وەک ئامرازێک» (کانت، ٢٠٠٢، ١٠٨-١٠٩). ئەمەش هەمەکیبوونی یاساکە و ئامانجداربوون و ویستداربوونەو ئیرادەی ئازاد پەیوەست دەکات بە کردەی بوونەوەری عاقڵ (جبار، ٢٠٠٣-٦٦،٢٠٠٤).

لێرەدا کانت پرەنسیپی ئەخلاقی خۆی لە سوود و فەزیلەت و بەختەوەری جیا دەکاتەوەو پێیوایە ئەرک (الواجب) ناوەرۆکی ئەخلاقە (هەمان، ١٣١) ئەمەش تەنیا لە ئازادی دایە کە دژی زۆرەملێیە و دەبێتە کردەیەکی خۆکرد، واتە «بیرۆکەی واجب مرۆڤ خۆی بە سەر خۆیدا دەسەپێنێ لە ناو خۆیدا» (بدوي، ١٩٦٩، ١٢٧). ئەمەش کرۆکی چاکە پێکدێنێت و هەروەک کانت ئاماژەی بۆکردووە و دەڵێت «ناتوانین هیچ شتێک بە چاکە بزانین جگە لە ئیرادەی چاکەخوازی» کانت، ٢٠٠٢, ١٧) کە لە خۆیدا بۆ خۆی ڕەهایە و لە دەرەوەی مەرجەکانە و بیرۆکەی بکەری مرۆیی وەک ئامانج نەک ئامراز لە فەلسەفەی ئەخلاقدا بەرجەستە دەکات، چونکە کە «بابەتی یاسای ئەخلاقی و پیرۆزە لە خۆیدا» (هەمان، ٧٧-٧٨). کەواتە جەوهەری فەرمانە ڕەهاکان وەک فەرمانی فۆرماڵی هەمەکی، فەرمانە بە چاکە وەک دوائامانجی یاسای ئەخلاقی مرۆڤی ویستگەرای ئازاد.

### ٤-٢-٢. ئازادی وەک ئایدیای عەقڵ

کانت چەمکی ئەرک وەکو کردەیەکی تەبا لەگەڵ ئەخلاق وێنا دەکات کە دووره لە حەز و ڕق، واتە دووره لە زەبروزەنگ و لەسەر بنەڕەتی پێشینەی عەقڵی پراکتیکی دادەمەزرێت. واتە «واجب ملکەچبوونە بۆ یاسا کە خۆی یاسادانەرێتی»( کانت، ۲۰۰۲ ،٤٨-١٣٠). ئەمەش لەگەڵ هەستی پابەندبوون کۆکە، چونکە سەرچاوەکەی بۆ ئازادی دەگەڕێتەوە و ڕێزگرتنی یاسا کە سەرچاوەکەی واجب بێت، پێویستە خۆی بە شێوەیەکی پەتی دەربخات، هەر بۆیە تەنیا ئەکسیۆمێک [*] دەمێنێت کە فەرمان بە ملکەچبوون بۆ یاساکان دەکات. (هەمان، ٥١-٥٢) کەواتە ئەرک یان "دەبێت"ی کانتی ڕەهایە، چونکە ئەزموونی نییە، بەڵکو چەمکێکی ترانسێندنتاڵییە و شتێکی فیترییە. (سکیربک وغیلجي، ۲۰۱۲، ٥٨٩-٥٩٠) بەم جۆرە ئەرک دەگۆڕێت بۆ چەمکێکی لەسەرخۆ وەستاو و هەموو کردە و حوکمێکی ئەخلاقی لەسەر بونیاد دەنرێت. هەر بۆیە ئاپریۆرییە و حوکمێکی تەئلیفییە و تاکە فاکتی عەقڵی پەتییە. (ابراهيم، ١٩٦٩، ١٧١) بە تایبەتی کاتێ کردە ویست تەبابێت لەگەڵ ئەو بەڵگەنەویستەی دەیەوێت ببێت بە یاساییەکی هەمیشەیی (کانت،۲۰۰۲، ٩٣)

بەم چەشنە لە ڕووی بابەتییەوە واجب واتە هاوجووتبوونی نێوان کردە و یاسا، بەڵام هەر ئەوەندە بەس نییە و دەبێت جگە لە یاسامەندی پشت بە ئەخلاقیەتیش ببەستێت و ئەوەش واتە پابەندبوون لەگەڵ سەربەخۆیی ئیرادە. بەم جۆرە کانت هەوڵی دامەزراندنی مێتا پێوەر meta-norm یان پێوەری پێوەرەکان دەدات بۆ دروستی و نادروستی کردەوە. (سكيربك و غيلجي، ۲۰۱۲ ، ٥٩٢) ئەم عەقڵە ئەخلاقییەی کانت کە بۆ ئەنجامدانی کردە پشت بە ئیرادەی ئازاد دەبەخشێت، لە ڕاستیدا لەسەر ئەم بەڵگەنەویستە دادەمەزرێت کە دەبێ چاکە لە خۆیدا بابەتی ئیرادە بێت نەک چاکە لە پێناو شتێکی تردا. ئەم مەرجە فۆرماڵەی عەقڵ سەرەڕای ئەوەی چاکەی باڵا دەبێتە بابەتی ئەقڵی پەتی، بەڵام «دەبێ یاسای ئەخلاقی بە تەنیا وەک پرەنسیپی چاکەی باڵا سەیر بکرێت و هەموو کردەوەیەک پێویستە دوائامانجی (الغاية) ڕاستەقینەی چاودێری ئەخلاقی بێت» (كنت، ۲۰۰۸ ، ۲۰۹). واتە کانت ڕایوایە لەدەرەوەی سیستەمی ئەخلاقی ئەرکی، شتێک لە پێناو بەدەستهێنانی شتێکی تر ئەنجام دەدرێت، بەڵام لە کردەی مۆراڵیدا ڕەفتار لە پێناو خۆیدا ئەنجام دەدرێت. (کانت، ۲۰۱٥، ۲۰۹) ئەمەش واتە عەقڵی پەتی لە پانتایی پراکتیکیدا دەرکەوتەکانی ئازادی وەک خەسڵەتی ویستی بوونەوەری عاقڵ نمایان دەکات کە ناکەوێتە ژێر کاریگەری توخمە دەرووونییەکانی تری مرۆڤ.

لە سیستەمێکدا کە بکەرە عەقڵانییەکان یاساداڕێژی خۆیان بن، سیستەمەکەش ئەخلاقی دەبێت، چونکە لەسەر خۆویستی دامەزراوە، هەربۆیە ئەم ویستگەراییە هاووتای ئازادبوونە، چونکە هیچ هێزێکی دەرەکی ویستی خۆی ناسەپێنێت و لە بازنەی ئۆتۆنۆمی و خۆیبوون دایە و هەر یاسایەکیش دەربکات لە ڕووی

[*] axiom بنەڕەتی ئاسایی و بەڵگەنەویست

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

لۆژیکییەوە کە گوزارشت لە ئازادی و پێداویستییەکانی خۆی بکات نابێت دژی خۆی بێت، کەواتە بە تەواوی ئەخلاقییە. بەم چەشنە لە ناو سیستەمێکی یاساگەرای ئەخلاقیدا "ویستی" خودە ئازاد و عەقڵانییەکان دەکەوێتە دەرەوەی یاسای هۆیەتی (قانون السببية) چونکە لەسەر خۆی وەستاوە.

**٢- کردە و ئەرک**




### 2-3. ویست و هۆیەتی لە نێوان کردەی ئیعتیزالی و عەقڵی کانتییدا

یەکێک لە گرنگترین تیۆرەکان کە هەردوو قوتابخانەی ئیعتزال و رەخنەگەریی کانت پێیدەگەن، ئەرگیۆمێنتسازییە بۆ شیکردنەوەی یاسای هۆیەتی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان کردە و ویستی ئازادی مرۆڤ، بە چەشنێک کە یەکێک لە پارادۆکسەکانی هزری مرۆییان چارەسەر کردووە و بەئاراستەی ئەخلاقیبوونیشان بردووە.

#### ١-٢-٣. هۆیەتی و کردەی ئیعتزال

بنەڕەتی هۆیەتی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان هۆ و ئەنجامدا هەیە و ئەمە بنەمایەکی گشتی عەقڵییە و ڕێکەوت و هەڵکەوت لە جیهانی سروشتیدا لە ئارادا نییە. «هۆ ئەوەیە کە هۆیەندی (المسبب) لێ دەکەوێتەوە، لە عەقڵ و واقیعدا پێشەکی دروست هۆکاری دروستی ئەنجامەکەن» (ترکي، ٢٠٠٤، ٤٤). بەڵام ئەوەی لە هزری موعتەزیلەدا گرنگە ئەوەیە جیاوازی دەکەن لە نێوان هۆیەتی گەردوونی و هۆیەتی مرۆیی، هەر بۆیە کردەوەشیان دابەش کردووە بەسەر کردەوەی سەربەست (اختیاری) یان راستەوخۆ و کردەی ناچار و ناراستەخۆ واتە (اضطراري یان المتولد). قازی رایوایە هەموو ئەرکێک بەسەر زانین و کردەدا دابەش دەبێت، هەر ئەوەش رێگای مرۆڤە بۆ زانینی ئەوەی لەچی بەرپرسە (مکلف) بە هەر دوو دیوی عەقڵ و شەرعدا، ئەوەی پەیوەستە بە عەقڵ، دەچێتە پانتایی زەرورەت و ئەوی پەیوەستە بە نەقڵ پەیوەندی بە زەروورەتەوە نییە و لەپێش بوونی بەڵگەخوازی عەقڵی بەسەر بەڵگەخوازی زارەکی (گێڕانەوە- سەمعی) وەک پێشخستنی زانستی زەروورەتە و کەمالی عەقڵە بەسەر زانستی رامان دا. (عبد الجبار، المجموع ٣، ١٧٧) بایەخی هۆیەتی لای موعتەزیلە لە کردەی مرۆییدا پەیوەستە بە پرسی جەبر و

ئیختیار و جیاکردنەوەی حوکمی ئەخلاقی و حوکمی سروشتی، ئەمەش یەکێکە لە کێشە عەقڵییەکانی ئایین و میتافیزیک.

### ٢-٢-٣. کردەی ڕاستەوخۆ (المباشر) کردەی بەرهەمهاتوو (المتولد)

بیرمەندانی موعتەزیلە کاتێ پرسێکی فەلسەفی ئاڵۆزی وەک کێشەی کردەی ڕاستەوخۆ (الفعل المباشر) و کردەی بەرهەمهاتوو (الفعل المتولد) وەک بەشێک لە گرفتی توانست و ئەفراندنی کردە تاوتوێ دەکەن، لە ڕاستیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە، ئەگەر «مرۆڤ بکەرێکی سەربەستی ئیرادە ئازادە، بەو توانایەی هەیەتی هەڵسوکەوت دەکات و کردە دەنوێنێ، ئەوا دەبێ بتوانێ "توانا" بئافرێنێ و دروست بکات، چونکە توانا دەبێ لەسەر بەرکارەکەی کاریگەری هەبێ» (جار الله، سەرچاوەی پێشوو، ٩٥). سەمامە بن ئەشرس پێیوایە سێ جۆر کردە هەیە، یان هەمووی لە خواوەیە یان هاوبەشە لە نێوان مرۆڤ و خوا یان هەمووی هی مرۆڤە (عبد الجبار، ١٩٦٥ د، ٣٦٧). لای قازی «کردە پەیوەستە بە توانا و زانین و بە پێی مەبەست و ئیرادە» (القاضي، ١٩٦١، ٥) ئەمەش لەگەڵ خۆیدا پرسی بەرپرسیارێتی (التكليف) دێنێتە ئارا و پێیوایە هۆکاری کردەی مرۆیی بۆ خودی بکەرەکە دەگەڕێتەوە، هۆ دەبێ لە ڕووی کاتەوە بکەوێتە پێش ئەنجام و ئەستەمە لە یەک کاتدا لەگەڵ یەک بن لە جیهانی زەروورەت و ناچاریدا، هەر ئەمەشە جیای دەکاتەوە لە سەدەم (العلة) کە دەشێت بکەوێتە پێشی و سەدەمی بێ کۆتایی دروست بکات. (القاضي،١٩٦٣ آ، ٩٩)، هەر بۆیە ناتوانین بڵێین هۆ بوونی هەیە، بەڵام ئەنجام لە ئارادا نییە. (القاضي،١٩٦٣آ، ١٣٧) بەڵام لە کردەی موتەوەلد ئەنجامی هۆیەکەیە کە خودان بکەرە، بەڵام کردەی ناچاری دەکەوێتە دەرەوەی ئیرادەی بکەر و پەیوەست نییە بە زاتی ئەوەوە. «کردە تەنیا لە خاوەن توانا دەکەوێتەوە، توانای هۆ لایان بریتییە لە توانای ئەنجام، هیچ ئەنجامێک لە دوو هۆکار بەرهەم نایەت و ئیرادە بەرئەنجامی هۆ نییە و نابێتە هۆی دەرەوەی خۆی (هەمان سەرچاوە، ١٤).

کەواتە لای موعتەزیلە موتەوەلد بە پێی نیاز ڕوونادات هەربۆیە بە کردە داناندرێت، چونکە ڕەنگە ئیرادەی لەگەڵ بێت و ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ بێکۆتایی لە ئیرادە. (عبد الجبار،١٩٦٣آ ،٣٨) بەم جۆرە بەشێکی زۆر لە بیرمەندانی موعتەزیلە ڕایان وایە کە ئەوەی لە پانتایی مرۆییدا دێتەبوون ئەوا کردەی خۆیەتی و ئەوەی دەکەوێتەوە دەرەوەی ئەم پانتایە کردەیەکە کە بە فیترەت (بطبع) تێیدا دانراوە، یەکەمیان بەندە بە زانین و ئیرادە و مەبەستێتی و دووەمیان خۆی ڕووددەدات و مرۆڤ دەستی تێدا نییە. (هەمان سەرچاوە ، ٤-١١) نەززام پێیوایە خودا بە یەکجاری تەنی دروست کردووە و تەن لە هەموو کاتێکدا دێتە ئەفراندن و ئەمەش واتە خەڵقی بەردەوام و نکۆڵیکردن لە هۆیەتی ( ولفسون، ٢٠٠٩، ٧١٧)

هاوکات موتەوەلید دوو جۆرە، سەرەتاکەی ڕاستەوخۆیە و دواتر دەچێتە ناو تەولیدەوە. کردەی موتەوەلید هەم پەیوەستە بە پرەنسیپی هۆیەتی و هەم بە پرسی سزا و بەرپرسیاریەتی. کردەی ناچاری ئەوەیە کە خۆی

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

ڕوو دەدات و ویستی مرۆڤی تێدا نییە، هەر بۆیە «هەر هەڵەیەک کە ڕوو دەدات بەبێ مەبەست و ئیرادە ئەوا موتەوەلیدە و ئەوەی بە مەبەست ڕوودەدات و هەموو بەشەکانی پێویستی بە نوێکردنەوەیە و و ورە و ئیرادە هەیە، راستەخۆیە» (الأشعري، ١٩٩٠، ٦٦-٦٧). هەر وەکو چۆن کاتێک تیر لە کەوان دەردەچێت، تیرهاوێژ هۆکارە. (المعتزلي، ١٩٢٥، ٧٧-٧٨) بەڵام لێرەدا جیاکاری کراوە لە نێوان هۆکاری ماددی و مرۆیی، چونکە مرۆڤ لە سنووری توانست و توانای خۆی بکەرە، بەڵام دەشێت ئەم توانایە بێتە ناو یاسایەکی هەمەکی (عبد الجبار، ١٩٦٥ ، ٣٠٤-٣٣٣).

پوختەی هزری موعتەزیلە بەم جۆرەیە کە بەرپرسیاریەتی هەموو کردەیەک دەکەوێتە ئەستۆی خۆی لەسەر بنەمای عەقڵ و ویستی ئازاد دامەزراوە. (الراوي، ١٩٨٦، ٨٧) هەرچەندە بازنەی سەربەستی گەورەتر بێت، ئەوا بازنەی بەرپرسیاریەتیش زێدەتر دەبێ، ئەمەش بە تایبەتی پانتایی ئەخلاق و بواری مرۆیی دەگرێتەوە و کردەی مرۆڤ لە خۆیان دەکەوێتەوە و دروستی دەکەن بە پێی مەبەست و زانین و توانا کە پێویستی بە ئامرازە. (عبد الجبار، ١٩٦٣، ١٥٥) بەم جۆرە سەبارەت بە سەربەخۆیی کردەی مرۆیی و پەیوەندی نێوان یاسا سروشتیەکان و هۆیەتی موعتەزیلە بەم ئەنجامە گەیشتوون کە کردەی مرۆیی خۆکردی ئازادە وسەربەخۆیی تێدایە، ویستی تێدایە و پەیوەست نییە بە ئیرادەیەکی باڵا و حەتمیەتی فیزیایی کاری تێناکات، هەرچەندە پێویستی بە ئامرازە و ڕێژەیی بوون یان نەقس خسڵەتێکی کردەی مرۆییە. (داود، مصدر سابق، ١٩- ٢٠) کەواتە ویستی مرۆڤ لەسەر خۆی وەستاوە و لە پانتایی هەندەکی دایە، کە توانا بڕەکەی دیاری دەکات (عمارة، مصدر سابق،٨٢) بەم چەشنە کردە بە نەزانانە و دەرەوەی ئاگای مرۆڤ ئەگەر بە دەستی مرۆڤیش ڕوو بدات کردەیەکی ئیرادی نییە، مرۆڤ موکەلەف و بەرپرسە بەو توانایەی هەیەتی و بە پێی عەقڵ وەکو سەرچاوەی ویست ئاراستەی دەکات.

### ٣-٢-٣. یاسای هۆیەتی کانت لە سروشت و لە ئازادیدا

### هۆیەتی لە دیاردە phenomena و خود nomena دا

کانت بنەمای هۆیەتی وەک بنەمایەکی عەقڵی بەرایی بەکار دێنێت، کە حوکم بە سەر هەموو ئەزموونێکدا دەکات و وەک میناندنی (التماثل) دوو شێواز بە هۆیەتی دەبەخشێت، یەکەم، پرنسیپی ڕووداو (حدوث)، هەرچی ڕوودەدات و دێتە بوون دەبێ پێش ئەو شتێک هەبووبێت. دووەم، بە دواییەکدا هاتنی زەمەن واتە پەیوەندی هۆ/ئەنجام (لالاند، ٢٠٠١، ١٥٤). هەربۆیە پێیوایە پەیوەندی نێوان هۆ و ئەنجام مەرجێکی بابەتییە بۆ دروستکردنی حوکمە ئەزموونییەکانمان بە وەبەرچاوگرتنی زنجیرەی دەرککردنمان. (سليمان ، المصدر سابق، ٣٩٤)، بەڵام هاوکات دوو جیهان لێکجیا دەکات، جیهانی سروشتی و جیهانی ئازادی. لە جیهانی سروشتدا «هەرچی ڕوودەدات هۆکاری هەیە کە دەکەوێتە پێشی لە ڕووی زەمانەوە و نابێ لە ئەزەلەوە هەبووبێت» کنط، ؟، ٢٧٦) و (کانت، ٢٠١٤، ٤٩٧)، بەڵام ئەمە لەجیهانی نۆمینا واتە شت لە

خۆیـدا پـێچەوانەیە، جیهـانی ئەخـلاق و عەقڵی ئـازادە و لە هەمـوو مەرجێکـی دەرەکی بەدەرە و خـودان سـەربەخۆییە و هەر ئەوەشـە پاسـاوی پارادۆکسی «ئازادی سـەپاندنی ملکەچ بـوونە بۆ یاسـایەک کە خـۆی دایڕشـتووە»(شتراوس و كروبسي، ۲۰۰۵، ۱٦۸-۱٦۹) دەهێنێتەوە.

کەواتە جیـاوازی نێـوان جیهـانی سروشـتی و جیهـانی مرۆیـی تێکشـکاندنی پرنسـیپە هـۆیەتییە لە جیهـانی نۆمینـادا، چـونکە لەسـەر خـۆی و لەسـەر عەقڵی پەتی دامەزراوە و ئەگەر پەیوەسـت بێـت بە شـتێکی تـر کەواتە پاشکۆیە و ڕەسەن نییە، هەر بۆیە ئەخلاقیش نییە وە ناتوانێ یاسادانەریش بێت. هەر بۆیە «ئازادی ترانسێندنتاڵی کە بە سـەربەخۆیە لە هەموو شـتێکی ئەزموونی و سروشـتی، پراکتیکی و ئاپریۆرییە، هەر بـۆیە ئەخلاقیـیە (کنـت، ۲۰۰۸، ۱۷۷). کەواتە پرەنسـیپی هـۆیەتی پەیوەسـتە بە سروشـت نەک ئـازادی و عەقـڵ مەرجی هەمیشـەیی هەمـوو کردەیەکی ئیرادییە و پەیوەسـتە بە توانـا کە دەکەوێـتە دەرەوەی دینـامیکیەتی ڕووداو و کـات و سروشـت. هاوکـات کانـت جیـاوازی دەکـات لە نێـوان مـرۆڤ وەک بـوونەوەرێکی عاقـڵ و بـوونەوەرێکی سروشـتی چـونکە سـەرەڕای عەقڵانیەتـی پەتـی و ئیـرادەی ئەخلاقی بەشـێکی دەکەوێـتە چوارچێـوەی یاسـا سروشـتییەکان وەک چوارچێـوەیەکی هەمەکی، «هەربـۆیە دەکەوێـتە بەردەم پرەنسـیپی هۆیەتی و پانتایی زەرووڕەت یان ناچاری» (سكيربك وغيلجي، سـەرچاوەی پێشـوو، ٥٩١). لە بەرامبەردا وەک شـت لە خۆیـدا، واتە نۆمینـا کە هەمـان پانتـایی ئاگایی پەتییـە، دەکەوێتەوە دەرەوەی یاسـا سروشـتییەکان. (کنت، سـەرچاوەی پێشـوو، ۲۰٥)

بەم جـۆرە مرۆڤ کە پەیوەسـتە بە جیهـانی مەعقـوول، پەیوەسـتە بە عەقڵی نائەزموونی کە سـەربەخۆیە لە جیهـانی هۆکارەکان کە تەنیـا بە سـەر شـت و تەنەکانـدا حـوکم دەکا و نـاتوانێ ئیرادەی ئـازاد بخـاتە ژێـر ڕکیفی خـۆیەوە. هەربـۆیە بـکەر لە جیهـانی هەسـتەکیدا هەم فیترەتـی ئەزمـوونی (ئیمبریکی) هەیە وەک فینۆمینەکـان لەنـاو سرووشـتدا و هەم وەک بـکەری ژیـر کە نـاکەوێتە ژێـر مەرجی هەسـتەکی (کـنـط، المحـض، سـەرچاوەی پێشـوو،۲۷٥) و (کانـت، ۲۰۱٤، ٤۹٤-٤۹٥). ئەو ئیرادەیەی کە پابەنـدی واجـبە لە کردەوەکـانی، ئیرادەیەکی ئازادە و هۆکارەکەشی ئازادبوونە. (بدوي، سـەرچاوەی پێشـوو،۱۲٥) ئەم ئازادییەش لە ئێسـتادایە و بەردەوام و دابـڕاوە لە ڕابـردوو وەک هۆکـاری سـەرەکی «چـونکە هۆکارەکـان لە نـاوخۆی دان» (کنـت، سـەرچاوەی پێشـوو،۱۷٥-۱۷٦) ئەمەش دیسان پرەنسیپی بەرپرسیارێتی دێنێتە ئارا لای مرۆڤ وەک عەقڵێکی ئازاد.

کـردەی ئەخلاقی لەبەر ئەوەی پەیوەسـتە بە کیـانی نـاوەکی و ئیرادەوە، هاوکات کردەیەکی تاکەکەسـییە و دەکەوێتە ئاگایی تـاکەوە، (جبـار، ۲۰۰٤-۲۰۰٥، ٥۱). ئەمە ئازادییە بە مانـا ترانسـێندنتاڵەکەی، بەڵام ئەگەر فینومینەکـان لەنـاو بـازنەی هـۆیەتی سروشـتیدا مەحکـوم بـن بە زنجیرەی بـێ کۆتـایی هۆکارەکـان، ئـازادی توانـایەکە لە خـۆیەوە دەردەچێت. (دولـوز، ۱۹۹۷، ٥۰) هەربۆیە بەشێوەیەکی عەقڵی ڕاڤەیی و وەک a priori دەناسرێت، ئەمەش پێویستی دەرفەتی بکەرایەتی دێنێتە ئارا و پێویستی بە سێ هەنگاو هەیە، یەکەم، عەقڵی

خودی پراکتیکییە، دووەم، یاسای ئەخلاقیمان پێ دەبەخشێ و سێیەم، ئازادی تێدا دەردەکەوێت. (کولر، سەرچاوەی پێشوو، ٤٠٦)

لە مۆدێلی موعتەزیلەدا هەموو کردەیەک کاتێ ئەخلاقییە و بەرپرسیارێتی دەکەوێتە سەرشان کە لە ویستێکی ئازادەوە سەرچاوەی گرتبێت و هەربۆیە دەبێت بە ئەرکێک و دەرەنجامەکانی راستەوخۆ پەیوەستن بەو خێر و چاکەیەی کە لێی دەکەوێتەوە. هاوکات لە مۆدێلی فەلسەفی کانتدا یاسای ئەخلاقی ئەرک و واجب دیاری دەکات بۆ مرۆڤ وەک بوونەوەری خاوەن ویستی سەربەخۆ و ئازاد و ئەمەش کردەی عەقڵانی و ئەخلاقی لێدەکەوێتەوە.

کەواتە ئەگەر لە ڕێبازی موعتەزیلە کردە دابەش دەکرێت بەسەر کردەی راستەوخۆ و کردەی بەرهەمهاتوو، ئەوا لە فەلسەفەی کانتیش جیهان دابەش دەبێت بەسەر جیهانی شتەکان و جیهانی دیاردەکان؛ ئەگەر لە هزری ئیعتزالدا مرۆڤ خودان ویستی ئازاد بێت لە سنووری کردەی راستەوخۆ و هیچ هۆکارێکی دەرەکی حوکمی بەسەردا نەکات، ئەوا لای کانتیش لە جیهانی شتەکاندا عەقڵی مرۆڤ دەبێتە بنەڕتی ویست و ئازادییەکەی بۆ دابین دەکات، واتە پەیوەندی نێوان هۆ/ئەنجام نامێنێ و یاسای هۆیەتی تێکدەشکێت، چونکە ویستی ئازادی مرۆڤ پێویستی بە هیچ هۆکارێکی دەرەکی نییە بۆ ئەوەی پاساو بۆ سەربەستییەکەی بێنێتەوە و لەسەر عەقڵی خۆی دەوەستێ، بە پێچەوانەی هەر دوو پانتایی کردەی بەرهەمهاتوو و جیهانی دیاردەکان کە لە چوارچێوەی یاساکانی زەرورەتدا مەحکومی یاسای هۆیەتین.

**٣ - ویستگەرایی و نەمانی هۆیەتی**




## ٢. ڕەهەند و لێکەوتە سیاسییەکانی هزری موعتەزیلە و کانت

ئەو مەنزومە تیۆرییەی هەر دوو ڕێبازەکە، یەکیان لە هەناوی شارستانیەتی ئیسلامی و ئەویتریان لە چەقی ڕۆژئاوا و سەرەتای ڕۆشنگەری و مۆدێرنیتەی ئەوروپا بە جیاوازی نزیکە دە سەدە بەرهەمیان هێنا، لێکەوتەی سیاسی گرنگی بەدوای خۆیدا هێناوە کە سەرەڕای جودای ئامرازەکان لە جەوهەری

خۆیاندا لەسەر یەک راستەرێی فەلسەفەی مێژوویی دەڕوات، بەچەشنێک هەم سەبارەت بە ڕیبازی ئیعتزال و هەم رەخنەگەرایی کانت دەتوانن توخمە پێکهێنەرەکانی هزرە تیۆرییەکەیان لە بواری دامەزراندنی سیاسەت و بواری سیاسی-ئەخلاقی وەک نیشانەی ئاوێتەبوونی سەربەخۆیی و ئازادی و عەقڵانیەتی نێوان ویستە خاوەن بڕیارەکان ببینین.

**١-٢. دوالیزمی دەروونی و مرۆڤی سیاسی**

ئەو تیۆریانەی هەردوو رێبازەکە بەشێوەیەکی ئەبستراکت سەبارەت بە ئەخلاق وەک بەهایەکی سەنتەریی مرۆڤبوون خستوویانەتەڕوو، بە ئاوێتەکردنی بە چەمکە سیاسییەکان، تێگەیشتی باوی بۆ سیاسەت گۆڕیوە. لەم باسەدا کاریگەری هزری ئیعتزال لەسەر بێلایەنی سیاسی و دواتر پەیوەندی نێوان رەهەندی دەروونی مرۆڤ و سیاسەت لە بازنەی چاکە و خراپە و هاوکات رێبازی کانت وەک شۆڕشێک لە هزری فەلسەفی-سیاسی بۆ چارەسەکردنی پارادۆکسە ناوکییەکانی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ سیاسەتێکی عەقڵانی-راوێژیی دەخەینەڕوو.

**١-١-٢ . سیاسەتی میانڕەوی موعتەزیلە و شۆڕشی کۆپەرنیکی کانت**

**١-١-١-٢. سیاسەتی بێلایەنی ئیعتزال**

دەزگای چەمکسازی موعتەزیلە جێگەیەکی گرنگ لە هزری فەلسەفی و سیاسی پێکدێنێت، هەموو بیردۆزێکیان سەبارەت بە چەمکە سیاسی و هزرییەکان بەجۆرێکە کە تێزەکە لە هەمەکییەتی خۆیدا هاوجووتی واقیع بێت، لەم سۆنگەیەشەوە تاکە ئامراز پێوەری عەقڵە و ئەمەش شۆڕشێکی هزری گەورەیە کاتێ دەکەوێتە بەرانبەر نەریتی بیرکردنەوەی باو و سەقامگرتوو کە لەسەر پیرۆزکردنی ترادیسیۆن دامەزراوە و سەمع و نەقڵ و فەرموودە کە هەمان گێڕانەوەی پێشینیانە بە ئەبەدی دەکات. کەواتە پەیوەندی نێوان دەق و تەفسیر لەگەڵ واقیع و چۆنیەتی روانین لێی بەشێکی هەستیاری سیاسەت بەرهەم دێنێت. بۆ نموونە تەنانەت ناوی موعتەزیلە جگە لە پرسی نێوان حەسەنی بەسری و واسڵ پەیوەستیشە بە رووداوە جەمسەرسازەکەی مێژووی ئیسلام کە، کاتێ نەیانویستووە ببن بە بەشێک لە سەرەتای دابڕان یان «فیتنەی بەرایی لە جیهانی ئیسلامییدا» (المعمرجي، ٢٠٠٠، ٨٣) واتە خۆبواردن لەوەی کێ هۆکاری سەرەکی کێشەی نێوان خەلیفە عوسمان و عەلییە، ئەمە بە پلەی یەکەم ئەگەر بۆ نەبوونی بەستێنی دادوەرییەکی دادپەروەرانە بگەڕێتەوە، بە پلەی دووەم پەیوەستە بە هەوڵدان بۆ دروستکردنی زەمینەیەکی نوێ بۆ سیاسەت یان ئەوەی دەشێت ناوی بنرێت "میانڕەوی سیاسی". (آس، ٢٠٢١، ٧) ئەوە جگە لەوەی موعتەزیلە یەکێکە لەو مەزهەبە ئیسلامیانەی کە هەر لە سەرەتاوە جۆرێک لە گومانگەرایی سیاسی دێنێتەئارا و «دەڵێن یەکێک لە لایەنەکان بێگومان فاسقە،

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

بەڵام دیار نییە کامەیانە» (الخیاط، الانتصار، ٩٧) و جەخت دەکەنەوە یەکێکیان هەڵەیە (البغدادي، ١٩٩٥، ١٢٠). بەم جۆرە سەرەڕای قوڵبوونەوەی موعتەزیلە لە چەمک و دیاردە فەلسەفی و کەلامییەکان، بەڵام دەکارین بێژین سەرەتاییەکی قوڵی سیاسی هەیە و پەیوەستە بە خەلافەتی ئیمامی عەلی و جەنگی جەمەل و سەفەین و بێلایەن بوونیان. (زهرة،٢٠٠٤، ١٠٩)، ئەمەش لەسەر بنەمای پرەنسیپی پێنجەمی خۆیان واتە "پێگەی نێوان دوو پێگە" لێکدەدەنەوە و ئەم نازانمگەرایەی موعتەزیلە بۆ خۆبەدوورگرتن بووە لە تەکفیری و پشێوی زیاتر کە وەک مەترسییەکەی گەورە هەستی پێکراوە و هەوڵی زاڵکردنی عەقڵ و بەڵگەخوازیان داوە. ئەوە جگە لەوەی گرنگیدانی هزری ئیعتزال بە پێگەی مرۆڤ لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا، بنەڕەتێکی تۆکمە بۆ سیاسەت دەئافرێنێ کە بنەمای تێگەیشتنێکی دیموکراتیکە و دەکەوێتە بەرانبەر جەبرگەراییە و دەستەوستانی مرۆڤ کە دەسەڵاتدارەکان وەک ئەرگۆمێنتێک بۆ ستەمکاری بەکاریانهێناوە. بۆ نموونە «لەسەردەمی ئەمەوییەکان بۆ شەرعیەت بەخشین بە دەسەڵاتی خۆیان مەزهەبی جبریەتیان بەکاردەهێنا و ڕەهەندێکی ئیلاهیان پێبەخشی بوو» (عبد الجبار، ١٩٦٤، ١٤٣).

هەڵوێستی بیرمەندانی موعتەزیلە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم هزرە و بەکێشەکردنی، هەم ڕەخنەگرتن بووە لەواقیعی داسەپاو کە تێیدا بنەما سەرەکییەکان عەقڵ سەرکوت دەکرێن هەم دژایەتیی ئەو سیستەمە سیاسییە بووە کە لە سەرەتای دامەزراندنی خۆیدا لە هێڵە گشتییەکان چۆبووەدەر و چیتر دانی بە پرەنسیپە دامەزرێنەرەکاندا نەدەنا، هەر بۆیە دەبینین جاحز هێرشی کردووەتە سەر معاویە کە «فرتوفێڵ و ستەمی لە ئەوانیتر کردوە و لە راوێژ لایداوە و بە زەبری پارە خۆی داسەپاندووە و شایستەی پێشەوایەتی نییە» (جاحظ، ٢٠٠٢ آ، ٣٤٥-٣٥٠) چونکە پێیانوابوو بنەڕەتی سیاسەت و فەرمانڕەوایی شایستەتەبوونە نەک بنەچە و خوێن بە پێچەوانەی جەبرگەراکان کە دەسەڵاتیان بە ویستێکی خودایی دەزانێ کە خەڵک هیچ رۆڵێکی تێدا ناگێڕێت. هەر بۆیە دژی ئەوە بوون بابەتی دەسەڵات پەیوەست بکرێت بە ئوسوڵی دین و خواناسی و پرسی لوتفی خوداوە. (القاضي،١٩٦٢ آ، ١٩-٢٣) کەواتە کاتێ موعتەزیلە تیۆرێک بۆ لوتفی یەزدانی دادەڕێژێت و هاوکات سنووری نێوان ویستی ئازاد و کردەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی مرۆڤ دیاریدەکات، لە راستیدا مەغزایەکی قوڵی سیاسی هەیە و پەیوەستە بە دژکردەوە لەبەرانبەر ناکاراکردنی مرۆڤ لەلایەک و بێسنوورکردنی ستەمکاری لەلایەکی ترەوە.

### ٢-١-١-٢. شۆڕشی کۆپەرنیکی کانت

ئەگەر کێشەی لادان لە پرەنسیپێکی سەرەکی واتە راوێژ و شورا و خۆبواردن لە حوکم کە بە ئاراستەی تەکفیر دەچێت و پشت بە ستن بە عەقڵ و جەختکردن لەسەر خودموختاری و مافی

بڕیاردان لەسەر چارەنووس سەرەتای دەرکەوتنی سیاسی هزری ئیعتزال بێت، ئەوا لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەی ئەورووپا و لای کانتیش عەقڵ و ماف و ئەخلاق هەمەکی گرنگترین دۆزی سیاسین، سەرەڕای ئەوەی پرسی ئەپستمۆلۆژیا و میتافیزیک زۆربەی کارەکانی پێک دێنن، بەڵام هەر وەک هانس رایس ئامادەکاری کۆمەبەرهەمی سیاسی کانت ئاماژەی بۆ دەکات، کانت نەک هەر یەکێکە لە فەیلەسوفەکانی جیهان، بەڵکو دەبێ لە ریزی گەورە فەیلەسوفە سیاسیەکانی جیهان هاوشانی ئەفلاتون و ئەرستۆ و هۆبز هەژمار بکرێت. (Riess, 1970, 39) بە تایبەتی کاتێ توانیویەتی دەزگایەکی چەمکسازی یەکانگیری فەلسەفی دابڕێژێت کە دەشێت ببێتە بناغەی سیستەمێک بۆ سیاسەتێکی عەقڵانی-ئەخلاقی، کە هەر ئەوەش دوائامانجی کانت بووە بە تایبەتی لەسەرەتای وەرچەرخانێکی گەورە لە ئەورووپا کە سەردەمی رۆشنگەری و چوونە ناو قۆناغی مۆدیرنیتە بووە. هەر بۆیە پرۆژەی هزری ترانسێندێنتاڵی رەخنەیی کانت یان «میتافیزیکی ئەخلاقی کانت هەم تیۆرێکە بۆ ماف کە فەلسەفە سیاسییەکەیەتی و هەم تیۆرێکە بۆ فەزیلەت کە پەیوەستە بە فەلسەفەی ئەخلاقەوە» (اسکروتن، ١٣٨٣، ١٦٥)، چونکە کانت پێیوابوو عەقڵی فەلسەفی هێزی سەرەکی و بنەڕەتییە بۆ زانین سنوور و دەرفەتەکانی مەعریفە (کاسیرر، ١٣٧٠، ٣٧٤) هەر بۆیە هەوڵیداوە لە ئاستی سایکۆلۆژی واتە زەین و کردارەکانی شیکردنەوە ئەنجام بدات و لە ئاستی مەعریفیش زەروورەت لە رێگەی عەقڵەوە بسەلمێنێت (شاقول و محسنی، ١٣٨٨، ٧-٨) و بە ئیلهام وەرگرتن لە شۆڕشی کۆپەرینکۆس لە جیهانی ئەستێرەناسی، بانگەشەی شۆڕشێک بکات لە پەیوەندی نێوان خود و بابەت لە جیهانی ئەپستمۆلۆژیدا و هێنانەئارای خود-سەنتەری (نصیری و گلچینی، ١٣٨٩، ٤١)

واتە« بابەتەکە دەبێت هاوشێوەی زانین بێت کە خاوەنی بونیادی خۆیەتی و لەپێشترە» (کەمال،٢٠١٧، ٤٣)، کە ئاماژەیە بۆ ئەو گۆڕانکارییەی کە لە فەلسەفەدا هێناویەتەئارا و لە جیاتی ئەوەی خودی مرۆڤ بە دوای هاوجووتبوونی خۆی لەگەڵ جیهاندا بگەڕێت، جیهانی دەرەکی بە پێی پێکهاتەی زەینی خۆی رێکبخات.

ئەم خود-سەنتەرییەی کانت کاریگەری لەسەر هزری سیاسی هەیە بەتایبەتی لە فۆڕمی مۆدێرنی دەوڵەتدا کە لەسەر سەروەری گەلێکی ئازاد بەسەر هەموو بوارەکانی خۆیدا دامەزراوە کە پەیوەستە بە پرەنسیپی "یەک بۆ هەمووان و هەمووان بۆ یەک"ی کانت کە وەک یاسادانەر بڕیار لەسەر هەمان شت دەدەن. (صفدي، ٢٠٢٥، ٤١٧-٤١٨) و ئەمەش ئاوێتەکردن و تیۆرایزێکی قوڵی فەلسەفییە بۆ مرۆڤ وەک ویستێک لە نا زەین و لەسەر بابەت بە ئاراستە پیادەکردنی کردەکانی خۆی لە جیهانی سیاسەت و کە هەمان جیهانی دەرەکی و یەکگرتنی هەموو خودەکانە.

### ٢-١-٢. دەروونناسی مرۆڤی سیاسی و ئەخلاقی لای موعتەزیلە و کانت

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

### ۱-۲-۱-۲. مرۆڤی سیاسی و کۆمەڵایەتی موعتەزیلە

دیاریکردنی بەرژەوەندی و گەندەڵی هۆکاری ئەحکامی شەرعە و ئەمەش لە سەر جوانی و دزێوی (الحسن والقبح) دامەزراوە کە لەسەرخۆوەستاو و جەهەرین و عەقڵ دەتوانێ یەکلایان بکاتەوە. (شریف، ۲۰۲۱، ۱۳۰) ئەم دیدگایە بۆ دوو چەمکی گرنگ کە حوکمە ئەخلاقییەکانی لەسەر دامەزراوە هاوکات پەیوەستە بە روانگەی بۆ تێگەیشتن لە ناوەرۆکی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی سیاسی. هەر بۆیە دامەزراندنی تیۆرێک بۆ سیاسەت پەیوەستە بە تێگەیشتن لە جەوهەری مرۆڤ، واتە دیدگا بۆ رەهەندە سایکۆلۆژییەکان و چۆنیەتی وێناکردنی لە پانتایی کۆمەڵایەتیدا و ئەمەش کاریگەری لەسەر دیدگای ئۆنتۆلۆژی سیاسی و وجودی مرۆڤ لە جیهاندا هەیە و لەوێشەوە ئەرک و رۆڵی سیاسەت رەنگرێژ دەکات. بەشێکی گرنگی دیدگای تیۆریی سیاسی بیرمەندنی موعتەزیلە بۆ پرسی جێنشینی سیاسی (الاستخلافة) لە سەر بنەمای روانگەی ئەنتۆلۆژی ئەوان بۆ مرۆڤ دامەزراوە کە پێیانوایە مرۆڤ بەرژەوەندیخواز و خۆپارێز لە ئازارە و حەز لە پاراستنی یەکێتی کۆمەڵ و دەکات و دژی روحی فیرقەگەری و زوڵم و دەستدرێژی و ئاژاوەگێری و ئەڤینداری داد و ئینسافە (الميالي، ۲۰۲۵، ۲۰۳-۲۰٤).

ئەم دوالیزمەی ناخی مرۆڤ بۆ نموونە لە دیدی جاحز تای تەرازووەکە بە ئاراستەی نەرێیەتیدا دەچێت و پێیوایە خەڵک لە نێوان خۆیاندا ستەم لەیەکتر دەکەن بە هۆی شەڕەنگێزی و چاوچنۆکی کە ئاوێتە ئەخلاقیانە (جاحظ،۲۰۰۲ ب، ۱۰۳) یان بیشر بن موعتەمر رایوابوو خەڵک وەکو گورگن کە بەردەوام بە دوای نێچیر و قازانجی خۆیانەوەن. (آس، ۲۰۲۱، ١٤) رێک وەکو ئەو تێزەی چەندین سەدە دواتر تۆماس هۆبز (۱٥۸۸-۱٦۷۹) لە کتێبی لیڤیاتاندا رێک بەهەمان شێوە ئاماژەی بۆ کردوە. ئەبو عەلی دەڵێت ئەگەر خەڵک بە ئینسافەوە لەگەڵ یەکتر هەڵسوکەوت بکەن و ستەم نەمێنێ، حوکمڕانێتی پێویست ناکات، بەڵام ئاشکرایە خەڵک پێچەوانەی ئەمەن. (القاضي،۱۹٦۲ آ، ٤۸ ). کەواتە ئەمە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی هاتنەکایەی سیاسەت و رێکخستنی پەیوەندی نێوان هێزەکان کە وا دەکات جۆرێک لە تەریببوون لە نێوان دیدگا بۆ سیاسەت و بۆ مرۆڤ بێتەئارا و پێویستە لەپێناو هاوسەنگیدا بێت، هەربۆیە بیرمەندانی موعتەزیلە جەخت دەکەنەوە کە دەبێ سیاسەت تەبا بێت لەگەڵ فیترەتی مرۆڤ و لە پێناو کۆی بەرژەوەندیدا بێت، «نابێ مرۆڤ لەسەر خووی خۆی جێ بهێڵدرێت، بەبێ چاککردن و رێککردنی پێکهاتەی، چونکە دەشێت سروشتی هەڵبگەڕێتەوە و بەهەلاکەتی ببات» (الجاحظ، ۲۰۰۲ ج، ۱۹٤) ئەرگۆمێنتی موعتەزیلە بۆ ئازادی ئیختیار، پەیوەستە بە هەستی خودی و بەرپرسیارەتی کە عەقڵ دەیسەپێنێ و ئەمەش پێویستی بە پرەنسیپی بنبڕی هەمەکی هەیە وەک ئازادی نەک ئیمانی لێڵ و ناروون (امین، مصدر سابق،۲۳) ناسینی ناشیرینی و جوانیش هەر پەیوەستە بە حەدسی عەقڵەوە وەک ئەبو هوزەیل دەڵێت عەقڵ "رووناکی سروشتییە" و حەقیقەتە

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

بەرایی و سادە و ڕوونەکان و جوانی و ناشیرینییەکان دەبینێ (السيد، ١٩٩٨، ٨٨)، هەر بۆیە هەمیشە ئەرگیۆمێنتی عەقڵی دەکەوێتە پێش ئەرگیۆمێنتی شەرعی (القاضي، ١٧٧،١٩٨٦) ، ئەمەش واتە پێشخستنی تێگەیشتن (دراية) بە سەر گێڕانەوە (رواية) دا و بە عەقڵانیکردنی دیاردە و ڕووداوەکان (صبحي، ١٩٨٥، ١٢٠-١٢١). ئەمە پویەستە بە دەرکردنی ئەحلامەکان لە جەوهەری خۆیاندا و بیرمەندنی موعتەزیلە پێیانوایە جوان و ناشرین لە خۆیاندا عەقڵ دەتوانێ دەرکیان بکات بەبێ گەڕانەوە بۆ شەرع و تەکلیف (عمارة ، مصدر سابق، ١٢٤-١٢٥). قازی پێیوایە خێر بەرژەوەندی و جوانییە و شەڕ زیان و ناشیرینییە (عبد الجبار،١٩٦٥ ج٣٣)، ئەمەش لەسەر بنەڕەتی عەقڵی پەتی دەرک دەکرێ و دەڵێن تەنانەت «ئەگەر خوداش مۆڵەتی درۆکردن بدات، درۆ چاک نییە، چونکە مۆڵەتی درۆ لە درۆبوون دووری ناخاتەوە» (هەمان، ١٧٦)، ئەمەش دامەزراندنی پێوەری ترانسێندێنتاڵییە و موعتەزیلە جەخت دەکاتەوە ئەمانە لە خودی خۆیاندا ماناکانی خۆیان هەڵگرتووە و هەمەکین و تەنیا لە ڕێگەی عەقڵەوەکەش کەشف دەکرێن. بەم چەشنە عەقڵێکی پەتی کە لەسەر ئیرادەی ئازاد دامەزراوە بەداوای هەندێ چەمکی بنەڕەتیدا دەگەڕێت بۆ بڕیارە ئەخلاقییەکان کاتێ ئاوێتەی ویستی ئازاد دەکرێت، توانای کردەی عەقڵانی لای مرۆڤ بەهێز دەکات و دەبێتە هۆی دروستبوونی مرۆڤی خاوەن ئیرادەی سەربەخۆ بۆ ئەوەی سیاسەت وەک کردەیەکی خاوەن کاریگەری بێنێتەئارا.

### ٢-٢-١-٢. مرۆڤی پارادۆکسیکاڵ و کاریگەری لەسەرسیاسەت

کانت لە یەکێک لە وتارە سیاسی هزرییەکانیدا بەناوی وەڵامێک بۆ پرسیاری ڕۆشنگەری چییە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەگەرچی سروشت مرۆڤی پێگەیاندووە، بەڵام لەبەر نەبوونی بوێری لە بیرکردنەوەی، ویستی کۆیلایەتی بووە بە سروستی دووەمی ئەو، چونکە ڕۆشنگەری واتە دەرچوونی مرۆڤ لە نابالغی کە هەر خۆی لێی بەرپرسە، بەهۆی بەکارنەهێنانی عەقڵ، واتە مرۆڤ کەمی عەقڵی نییە، بەڵکو نەقسی لە ئازایی و دلێری هەیە لە بەکارهێنانی بە بێ دەمڕاستی ئەوانیتر. (کانط، ٢٠٠٥، ٨٥). واتە ئەگەر مرۆڤ لە جەوهەری خۆیدا ئازادە بەڵام، ململانێی نێوان کۆمەڵگا ئەو ئازادییە سنووردار و کۆنترۆڵ دەکات و ئەوەش وایکردووە لە دیدی ئەو دژایەتییەک (پارادۆکس) لە هەناوی دابێت کە پەیوەستە بە حەزی هاتنە ناو کۆمەڵگا و مەیلی تێکشکاندن و هەڵوەشاندنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ئیگۆی مرۆڤ وەک تاک و هەنگاوی یەکەمە بەرەو ئەفراندنی کولتور و بەها، لە ڕێگای دروستکردنی «سیستەمێکی یاسایی گشتگیر لە کۆمەڵگای مەدەنی، واتە یاسایەکی مەدەنی دادپەروەرانە» (کانت، ١٣٧٨، ١٣٢-١٣٣ ). ئەگەر بە پێی تێزی کانت «کردە وەک دەرکەوتەی ئیرادە بە پێی یاسایەکی هەمەکی سروشتی دیاری دەکرێت» (کانت، ١٢٨،١٣٧٨) واتە جەبرێک هەیە لە مێژوودا، کە دەرەکی نییە بەمانای سروشتی دەرەکی، بەڵکو ناوەکی سروشتیە، بە مانای

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

ململانێی نێوان ئیرادەکان و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی ئاراستەی ئیرادەکان، ئەمەشە وا دەکات هەمیشە ئیرادەی سەربەخۆ و ئازاد بە تەنیا بەس نەبێ بۆ دروستکردنی کاریگەری و زەبری ئیرادەیە ئاراستە دەگۆڕێ یان بەردەوامی پێدەدات. «ویستی ئازاد و ئیرادەی ملکەچبوون بۆ یاسا ئەخلاقییەکان یەک شتن لەخۆیاندا» (کانط، ۱۹۹۱، ۳۱۲).

کانت پێیوایەی هێزی دووانەیی دەسەڵاتخوازی و ئاشتیخوازی لە دەروونی مرۆڤ دایە، واتە نە ڕەشبینە سەبارەت بە مرۆڤ و نەگەشبین، دەیەوێت لەڕێگەی پەروەردەوە هاوسەنگی دروست بکات. چونکە لە دیدی ئەو «دۆخی ئاشتی دۆخێکی فیتری نییە، دارشتنی یاسا ڕەوشی ئاشتی دەخوڵقێنێت» (کانت، ۱۹۵۲، ۳۹). هەر بۆیە جەخت لەسەر کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ دەکاتەوە و ئەمەش گرنگی ڕێکخستنی کۆمەڵگا دێنێتەپێش کە تێیدا هەموو ئەندامەکان دەتوانن ئازادی خۆیان پیادە بکەن و غایەتی ئەخلاقی خۆیان بەدیبێنن (اسماعیل، ۲۰۰۸، ۱۳۸). بەختەوەری happiness ئایدیایەکی پەتی و یەکەمین ئامانجی سروشتە کە لە ڕێگەی ئاوێتەکردنی تێگەیشتن و هێزی خەیاڵدان و هەست دروست دەبێت (کانت،۱۳۸۳، ٤٠٦). مرۆڤ هەمیشە تەنیا حەلقەیەکە لە نێو زنجیرەی ئامانجە سروشتیەکاندا و مرۆڤ دوائامانجی سروشتە کە لە ڕێگەی پەروەردەی تواناکان و کلتورەوە بەدی دێت کە بەرەو ئامانجی باڵاتریان دەبات کە سروشت تێیدا داناون. (کانت،۱۳۸۳ ، ٤٠٧-٤١١) ئەگەر بابەتی عەقڵی پراکتیکی خێر و شەڕ بێت، خێر پەیوەستە بە توانستی حەز و شەڕ پەیوەندی بە بابەتی بێزراوییەوە هەیە و ئەمەش سەرچاوەکەی تەنیا هەست نییە، بەڵکوو عەقڵ و لەوێشەوە ئیرادە هەیە، بۆ نموونە لای کانت ئازادی هیچ لە بەهای تاکەکەس کەم ناکاتەوە تەنیا لە بایەخی ڕەوشەکەی کەم دەکاتەوە بەڵام یەک درۆ بە ئاگاییەوە هەموو عەزیمەتی دەشکێنێ (کنت، ۲۰۰۸، ۱۲٥-۱۲٦).

## ٢-٢. بنەڕەتی سیاسەت لای موعتەزیلە و کانت

یەکێک لەو خاڵانەی کە لە هزر سیاسی ئیسلامیدا جێگەی بایەخە، چەمکی خەلافەتی ڕاشیدەکانە کە تێیدا حوکمی ڕەشید بە هەموو مەدلوولە سیاسی و فەلسەفییەکانی لانیکەم لە ئاستی تیۆریدا دەبێتە بنەمایەکی گرنگی سیاسەتی عەقڵانی، چونکە بۆ یەکەم جار وەک بنەمایەی دامەزراندنی سیاسی چەمکی ئیرادە دێتە ناو بابەتەکە لە پێناو دروستکردنی «سیستەمێکی سیاسی کە خەڵک بە ئیرادەی خۆیان دروستی دەکەن» (الثورة، ١٨٤)، ئەم چرکەساتە سیاسییە لە دیدگای قوتابخانەی موعتەزیلە گرنگییەکی تایبەتی هەیە و دەبێتە سەرچاوەی تیۆردانان بۆ سیاسەت لە چوارچێوەی ئەو بنەما فەلسەفی-دینییەی کە دایانڕشتبوو و لە پێنج پرەنسیپەکەدا کورتیان کردبووە.

### ١-٢-٢. ڕاوێژ و کۆدەنگی

### ١-١-٢-٢. داد وەک بنەڕەتی سیاسەت

لای جاحز سیاسەت دەبێت بە «باشی بەڕێوەبردن کە ترساندن و هاندان بنەمای هەموو تەدبیرێکە و هەموو سیاسەتێکی گەورە و بچووک بە دەوریدا دەخولێتەوە» (الجاحظ، ٢٠٠٠آ، ٧٣-٧٤). ئەمەش بە واتای دروستکردنی هێزێکە کە گەورەتر لە ئیرادە تاکەکەسیەکان دەجولێتەوە و دەبێ ئەوەی بەڕێوەی دەبات ئەهلی تەمییز و عەقڵ بێت بۆ تەدبیر سەبارەت بە تایبەت و گشتی و گیان و ماڵ (القاضي،١٩٦٢ ب، ١٥٧-١٥٨) و ئەم تۆخکردنەوەی چەمکی عەقڵ لە سیاسەتدا لە راستیدا پەیوەستە بە کۆی دونیابینی موعتەزیلە و تێگەیشتنی ناوازەیان بۆ چەمکی ئایین کە عەقڵ ناوەڕۆکیەتی، هەر بۆیە خەلافەت لە هەمەکیەتی خۆیدا دەبێت بە «بواری سیاسی کە لەخۆگری هەموانە بەپێی دیدی عەقڵی بۆ ڕاکێشانی بەژەوەندی دونیایی و نەهێشتنی زیان و خەلافەت پاراستنی ئایین و سیاسەتی دونیا بە دین» (ابن خلدون، ٢٠٠٦، ١٥٠-١٥١) بەڵام ئەمە نایکات بە دەوڵەتێکی لاهوتی بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەوڵەتی عەقڵی پەتیە کە پێویستە «لە سنووری داد و ئینساف دابێت، چونکە داد بنەمای سیاسەتە» (الجاحظ، سەرچاوەی پێشوو، ٧٣-٧٤). هەربۆیە هەوڵیانداوە سیاسەتێکی مەدەنی عەقڵانی بۆ بنەماکانی دەسەڵات دروست بکەن و لە ڕوانگەی عەقڵی عیمرانی و وەک دیاردەیەکی مرۆیی جێگەی ئیجتیهاد و دیدی عەقڵ شرۆڤەی بکەن (بوعجيلي، ٢٠١٩،٣). ئەمەش هەم لە تیۆر و هەم لە کردەی بیرمەندانی موعتەزیلەدا رەنگی داوەتەوە، چونکە خۆیان جگە لە کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەشداری شۆڕشەکانیان کردووە. (عمارة، ١٩٨٨، ١٥٠) کەواتە دەسەڵاتی سیاسی کە بنەماکەی لەسەر چەمکی "داد" دادەمەزرێ کە عەقڵی پەتی داکۆکی لێدەکات دەبێتە سەرەتای تیۆردانان بۆ سیاسەت بە ئاراستەیەکی مەدەنی و دونیایی، هەر بۆیە تەنیا فەیلەسووفی ئیلاهی و بیرمەندی تیۆری نەبوون، بەڵکو بە کردەوە ڕێکخستنی فیکری و سیاسی عەقڵانیان دروستکرد و لە پێناو دروستکردنی دەوڵەت و زاڵبوون بەسەر خێڵ و عەشیرەتدا. (عمارة،١٩٧٧، ١٨٦) بەمەش ئاسۆی بیرکردنەوە کردەی جیاوازیان دروست کردوە کە هەم هاوشانی عەقڵی هەمەکی دەڕوات و هەم لە سەرچاوە ناوخۆییەکان ئیلهام وەردەگرێت بۆ دامەزراندنی سیاسەتێک کە کردەی عەقڵانی ئەنجام دەدات بە ئاراستەیەکی ئەخلاقی کە دەکەوێتە سەروو بەها و شوناسە بچوک و لۆکاڵییەکان.

### ٢-١-٢-٢. ویستی ئازاد و فەرمان بە چاکە

فەرمان بەچاکە هەر چەندە بە درێژای مێژوویی سیاسی هزری ئیسلامی تێکەڵی تیرۆر و داخرانی کۆمەڵایەتی بووە و زیاتر وەک ئامرازی سەرکوتی دەسەڵات سەیر کراوە، بەڵام ئەگەر وەک چەمکێکی فەلسەفی لە چوارچێوەی بیری ئەخلاقی هەمەکیدا سەیری بکەن ئەوا مانایەکی فراوان و ئەرێنی وەردەگرێت بەتایبەتی کاتێ "چاکە" بە پێودانگی عەقڵی مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت و لەتەک ئازادی و توانای مرۆڤدا لێکدەدرێتەوە و وەک «دوو دینامیکیەتی قبوڵ و رەفزکردن کە تەنیا گرفتی کردەیی نییە، بەڵکو رەهەندی

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

ئەخلاقیشی هەیە کە ئاستێکی سیاسی باڵا وەردەگرێت سەیر بکرێت» (حمود، ٢٠٢١، ٣٤١) ئەمەش لە تێزی بیرمەندانی موعتەزیلەدا دەبێتە هۆی هاتنەئارای پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان سیاسەتی سوڵتان و دادپەروەری و چاکەی ڕەعیەت و ئەخلاقی باش سەبارەت بە "سیاسەتی داد"، جاحز پێیوابوو دەبێ «داد و ئینساف لە پاداش و سزا، ناوبژیوانی نێوان هەموو مرۆڤەکان بێت» (حاحظ، رسائل السياسية، ٧٥). ئەمەش هەمان یاسای ڕەها و زێڕینی ئەخلاقی، چونکە بنەڕەتی حوکمی نێوان مرۆڤەکان کە هەمان سیاسەتە، سەبارەت بەهەر پرسێک دەبێت لەسەر بنەڕەتی داد و لەویش زیاتر ئینساف بێت، چونکە ئەگەر داد دیوە ئەبستراکتەکەی ماف و شایستەبوون بێت، ئەوا ئینساف ڕەهەندە ئەخلاقیەکەیەتی کە دیوی ستەمی ڕێکەوتی کۆمەڵایەتی دەبینێت و لە پێناو "چاکەی گشتی"دا بە سیاسەتێکی دانایانە هەوڵی هاوسەنگ کردنی دەداتەوە.

کەواتە لە هزری موعتەزیلەدا بە پلەی یەکەم ئەگەر بنەماکانی سیاسەت دیاری بکرێن، بە پلەی دووەم پرنسیپی ئەخلاقی دەستنیشان دەکرێن بۆ ئەوە ڕەنگرێژی سیاسەت بکات، بەم جۆرە ئاوێتەیەک لە ئەخلاقیاتی ناوەکی و سیاسەتی جیهانی دروست دەبێت. بە واتای ئەوەی ئەو هێڵە گشتیانەی کە کۆی فەلسەفەی موعتەزیلەی لەسەر دامەزراوە دەبن بە بنەڕەتی سیاسەتێکی یەکگرتوو، کە ڕەهەندێکی ئەبستراکت و هەمەکی وەردەگرێت. هەر بۆیە «ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە لە کرانەوەی بەرووی ئەویتر و لێکبەستنی دین و فەلسەفە» (مراد، ٢٠١٤، ١١٤) و ئەگەرچی بە ئەرگیۆمێنتی فەلسەفی داکۆکیان لە تێگەیشتنێکی دینی کردووە، بەڵام ئەم هەوڵە لە جەوهەری خۆیدا هەڵگری ڕەهەندی سیاسی بووە (خوني، ٢٠١٧، ب). هەر بۆیە هەم بیرۆکەی یەکتاپەرستی و فەرمان بە چاکە و نەرێ لە خراپە و بەڵێن و پێگەی نێوان دوو پێگە لە ئاستە گشتییەکەیدا لە پێناو دامەزراندنی ژیان و سیاسەت بووە لە سەر بنەمای "داد" (المعتزلي، ١٩٢٥، ١٢٦-١٢٧). کە جگە لەوەی وەک پەیامێکی ڕەهای ئیلاهی تیۆریزە کراوە هاوکات ئامانجی سیاسی هەبووە، ئەم خاڵەش پەیوەست بووە بەوەی کردەی دەسەڵاتدار ئەگەر ستەمکارانە بوو ڕەد بکرێتەوە، بەو پێی مرۆڤ خاوەن ویستی ئازادە، هەر بۆیە دادی ئیلاهیان بۆ دادی مرۆیی درێژکردووەتەوە تا بەرپرسیارێتی دەسەڵاتدار لە زوڵمەکانی دەستنیشان بکەن (محسن، ١٩٩٨، ٥٥). کەواتە لەسەر بنەڕەتێکی تیۆری تۆکمە بۆ داد هەوڵیان داوە بنەمایەکی کردەیی پەیوەستە بە ژیانی ئەخلاقی و سیاسەتی واقعی بێننەئارا کە "چاکە" سەنتەریەتی و «کاتێ ڕەوایە کە ببێتە هێزێکی سیاسی کە دەرەنجامەکەی لە ناوچوونی چاکەیەک و هاتنەئارای خراپەیەکی تازە نەبێت» (عثمان، ١٩٧١، ٥١٧). بەم چەشنە سیاسەتیترین بنەما کە هەمان فەرمان بە چاکە و نەرێی لە خراپەیە پەیوەستە بە کردەی سیاسی و گرنگییەکەشی لەوە دایە ئەم بنەمایە بەر لەوەی بەسەر خەڵکدا بسەپێ، بەسەر دەسەڵاتدارەکاندا پیادە دەکرێت (سالم، ٢٠١٨، ٧٩).

لە رووی کـردەییەوە هەرچەنـدە فەرمـان بە چـاکە و نەریّ لە خـراپە و پرەنسـیپەکانی تـری هـزری ئیعتـزال ئـامرازی بـێلایەن نـین و لە راسـتیدا گۆڕینی "دینی"یە بـۆ "سیاسـی" و گواسـتنەوە لە "تاکەکەسـی"یەوە بەرەو "کــۆمەڵایەتی" و لەوێشــەوە بــۆ "سیاســی" و ســەپاندنی دەســەڵات. (جــدعان، ٢٠٠٠، ٤١٤). بەڵام بە ئەخلاقیکردنی سیاسـەت دەبێـتە بە ئەرکی سـەرەکی ئەم رێبـازە بەو مەرجەی ئەم ئەخـلاقە ئەخلاقێکی دینی نییە، بەڵکو رەهەنـدێکی یونیڤێرسـاڵ و هەمەکی هەیە کە لەسـەر عەقڵی هەمەکی دامەزراوە، کە هاوسـەنگی و یەکانگیری و "باشـترین بـۆ مرۆڤەکان" دەبێت بە بنەما نەک حـوکمی سـادە و دەقگەرایانە، ئەمەش جۆرێک لە کـرانەوە بـووە بەرانـبەر بە کـردەی مرۆڤەکان کە زۆر جـار تونـدرەوی ئـایینی ویسـتویەتی هێڵی نێـوان حەرام و حەڵام لە ئاییندا بەجۆرێک توند بکات کە پانتایی جوڵەی ژیان و سیاسـەت لەناوبەرێت.

**٤-سیاسـەت وەک داد**




## ٢-٢-٢. گرێبەستی و چاکەی گشتی

### ٢-٢-٢-١. گرێبەستی دەسەڵات بۆ دادپەروەری کانت

تیـۆری تێکشـکانی هـۆیەتی لە جیهـانی بـوونەوەرە عاقڵەکان، ئەو دەرفەتە دەدات بە کانـت کە وێنـای هەنـدێ مـافی بنەڕەتی بکـات کە لەخۆیانـدا هەن و پەیوەسـت نـین بە هۆکاری دەرەکیـیەوە و بوونیـان پێویسـتیان بە پاسـاوی دەرەوە نییە و ئەمەش لە چوارچێوەی تیـۆری گرێبەسـتی کۆمەڵایەتی وەک چوارچێوەی سـەرهەڵدانی دەسـەڵاتی مەشـروعی سیاسـی جـارێکی تـر دادەرێژێتەوە. هەر بـۆیە گرێبەسـتی کۆمەڵایەتی کانـت لەسـەر ئەو گریمـانەیە دامەزراوە کە تاکەکان بە شـێوەی ئـاپریۆری خـاوەن مـافن کە لەسـەر بنەمـای یاسـا و دادپەروەری بونیـاد دەنرێت، کە لە بنەڕەتـدا وەک ئایدیا یـان گرێبەسـتی بەرایی یـان رەسـەن وێنـایەکە پەیوەسـتە بە عەقڵی پراکتیکی پەتـیەوە. (اسـکروتن، ١٣٨٣، ١٨٨-١٩١) بەڵام بە پـێچەوانەی بەشـێک لە بیرمەنـدانی گرێبەسـت هاوکاری بە بنەمـای ژیـانی کـۆمەڵایەتی دانانێـت، بەڵکـو کـردە و دژکـردەوە و دژایەتـی و نەیـارێتی بە بـنەڕەت دەزانێت. (فولادوند، ١٣٧٠، ١٨٥) ئەوەش هەر ئەو پرنسـیپەیە کە بە پارادۆکسی ناوەکی ناوزەدمان کردووە کە بەسـتێە شـوێنکاتییەکان دەیـاری نـاکەن بەڵکـو دەبـێ بنەڕەتێکی هەمەکـی هەبێـت، هەر بـۆیە «پرسـیاری ترانسـێندێنتاڵی لای کانــت ســەبارەت بە مەرجــی بــوونی هاوبەشــێتی مــرۆڤ وەک پێــوەرێکی هەمەکــی،

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

"دادپەروەرییە"» (سکیربک وغیلجي، ٢٠١٢، ٦٠٠). وێستگەی پەرینەوە لە قۆناغی بەر لە سەرهەڵدانی دەوڵەت و ڕەوشی سروشتی کە بە هۆی گرێبەستەوە پڕ دەکرێتەوە، بە جۆرێکە کە دەبێت، ئاراستەیەکی ڕوو بە کەماڵی هەبێت، واتە ماف و ئازادییە سروشتییەکانی مرۆڤ بەرەو زیادبوون و بەیاسایبوون بچێت، هەر بۆیە لە دیدی ئەو «کاتێ مرۆڤ لە سروشت دادەبڕێت دەبێ بەرەو کۆمەڵگای "گرێبەستی کۆمەڵایەتی" بڕوات و ئەمەش جارێکی تر بەرەو کەماڵی سروشتی دەباتەوە» (شتراوس،٢٠٠٥، ١٩٣). بەم چەشنە گرێبەست تەنیا ڕەوشێکی گریمانەیی نییە، بەڵکو پێویستی بە ڕەهەندی ڕێکاری جێبەجێکار هەیە کە خۆی لە "سەروەر و سەرۆک"دا دەبینێتەوە بۆ کۆنترۆڵ و چاودێری، چونکە ملهوڕی غەریزیی مرۆڤ پێویستی "سەروەر"ێک دێتەئارا کە لە ڕێگەی ئیرادەی گشتییەوە ئازادی هەمووان بپارێزێت، ئەم سەروەرە وەک مەرجەعی باڵا کە دادپەروەری مەرجی یەکەمیەتی، دەشێت یەک کەس یان دەستەیەک بێت، کە لە ڕێگەی دەستوورەوە و بە ئیرادەی چاکەخوازی ئازادی دابین بکات و شەڕەنگێزی دووربخاتەوە (کانت، ١٣٧٨، ١٣٤-١٣٥). کەواتە ماف گشتگیری ئەو هەلومەرجەیە کە تێیدا سەربەستی و سەرەڕۆیی تاکێک لەگەڵ سەربەستی و سەرەڕۆیی تاکێکی تردا، بتوانێ لەسەر بنەمای یاسایەکی گشتی ئازادی لێکگرێ بدرێت و ئەمەش پەیوەستە بە پێشینەیی بوونی داد و یاسا لە ڕووی عەقڵییەوە، وەک پرەنسیپی ئاپریۆری خێر و چاکە کە ڕەهەندێکی ترانسێندێنتاڵی هەیە.

### ٢-٢-٢. ڕەهەندی سیاسی ویستی چاکەخوازی کانت

لە تیۆری سیاسی کانت عەقڵی کردەیی کە هەمان عەقڵی ئەخلاقییە، لەبەر ئەوەی لەسەر ویستی ئازاد دامەزراوە بە ئاراستەی چاکەخوازی دەچێت، چونکە بەرەچاوکردنی فەرمانە ڕەهاکان خۆی و ئەوانیتر دەکەونە ژێر فەرمانەکە و عەقڵی ساخلەمیش ئەوەی سەلماندووە کە مرۆڤی ژێر دژی خۆی یاسادانارێژێت. هەر بۆیە لە دیدی کانت عەقڵی کردەیی کە لەهەموو زۆرەملێیەک ئازادە، دەتوانێ ئەرکمان بۆ دیاری بکات. (کانت، ١٩٥٢، ٧٦) ئەم ئەرکە کە هەمان بنەمای هەمەکی و ڕەهای ئەخلاقە «کاتێ دەبێت بە بنەمای تیۆری سیاسی کە ئایدیای " بەهای خودیی تاک"ی لەسەر دادەمەزرێت» (سکیربک وغیلجي، ٢٠١٢،٥٩٧) ئەمەش پەیوەستە بە نیەتی چاکەخوازانەی تاکەکانی. (ریکور، ٢٠١٣) ئەگەر ئەوە قبوڵ بکەین کە هەڵبژاردنی عەقڵانی بکەرەکان لە ڕووی تیۆرییەوە پێشینیە، کەواتە ئامانجی هەموو بکەرەکان یەکسانن و دەبێ پابەندی ئەخلاقی یەکسانیش لە ئارادابێت. (Dean, 2006,13) بەڵام ئەمە لە هەناوی خۆیدا جۆرێک لە دژایەتی هەڵگرتووە، هەر بۆیە تەنیا ئەرکە ڕەهاکان پابەندمان دەکەن کە هەمان ئەرکە تەواوەکانن و ئەوانیتر دەکەونە سەر خودی تاکەکەس. بەم جۆرە لە بنەڕەتدا ویستی چاکەخوازی بنەمای ئەخلاقییە بۆ هەر سیاسەتێکی دادپەروەرانە و نابێت سیاسەت لەسەر بنەمای سوود بێت، بەڵکو دەبێت پابەندی بنەماکانی عەقڵی ئەخلاقی بێت، و ڕێز لە مرۆڤ بگرێت وەک ئامانج و ئیرادەی چاکە دەکاتە مەرجێکی پێویست بۆ

دادپەروەری و چۆن ئیرادەی سەربەخۆی ئەخلاقی بۆ تاک دەوێت، هەروەها دەبێت دەوڵەت سەربەخۆیی هاوڵاتیان و ئازادییان مسۆگەر بکات لە بڕیاردانی ئەخلاقیدا.

کانت جیاوازی دەکات لەنێوان یاسادانەری دەرەکی و ناوەکی و لەهەمان کاتدا لە جیاوازی دانان لەنێوان ئەخلاقییەت و مەشروعییەت بەدوای ئەم ئامانجەدا دەچێت کە پێوەرەکانی شەرعییەتی ئەخلاقی قانونیەتیش بدۆزێتەوە و لە جیاکردنەوەی ئەخلاقییەت و مەشروعییەت و ئەمەش هەروەک ئاماژەی بۆکرا بریتییە هاوجوتبوون یان نەبوونی رەفتارێک لەگەڵ یاسادا، بەبێ وەبەرچاوگرتنی پاڵنەرەکانی ئەم رەفتارە، بە مەشروعییەت ناوزەند دەکرێ، بەڵام ئەو رەفتارەی کە بیرۆکەی ئەرک سەبارەت بە یاسا و هاوکات پاڵنەری رەفتارێک دروست دەکات، بە ئەخلاقییەت ناوزەد دەکرێ و ئەمەش لە بنەڕەتدا لەسەر چەمکی دادپەروەرت دادەمەزرێ کە ناوکی دەوڵەتی مافە.

### ٣-٢-٢. گرێبەست وراوێژ

#### ١-٣-٢-٢. تیۆرێک بۆ گرێبەستی ئیعتزال

هەرچەندە سەردەمی زێڕین (سەردەمی سەحابەی ساڵح) واتە چرکەساتی یەکەمی دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی لە هزری ئیسلامیدا، دەبێتە بنەڕەتێک بۆ دروستکردنی بەشێکی زۆر لە بەهاکان، بەڵام ئەمە بەتەنیا بەس نییە بۆ ئەوەی بنەمای سیاسی لەسەر دابمەزرێت، بەڵکو بیرۆکەی سیسەم یان رێسایەک بۆ دروستکردنی پەیکەری سیاسی کە بتوانێ بنەمای پشتگیری یان دیاریکردنی خەلیفە و دەسەڵاتدارەکان تێبپەڕێنێت دێتەئارا و هەوڵدەدرێت هەنگاوی ڕادیکاڵتر بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی بخرێتەڕوو. لەم سۆنگەوە «هەڵبژاردن و راوێژ (الشوری) دەبێت بە بنەما» (آس، ٢٠٢١، ١٠) و لە رێگەی دەستەیەکەوەیە کە لە ئاستی تیۆریدا ناویان دەنرێت دەستەی چارەسەر و گرێبەست (اهل الحل والعقد) بە تایبەتی بۆ دیاریکردنی پێشەوا (الامام) رۆڵ دەگێڕێت. لای بیرمەندانی موعتەزیلە بەگشتی (گرێبەستی) پێشەوایەتی بریتییە لە هەڵبژاردن (اختیار) و بەیعەتدان (القاضي،١٩٦٢ آ،٢٨٧). رێگەش شورا و ئیختیارە و ئیختیاریش پەیوەستە بە کۆدەنگی وەک حوجەتێک کە دەبێ بەهەند وەربگیرێت (القاضي، ١٩٦٥، ٧٥٤). لێرەدا ئەسڵ و نەسەب و بنەچە گرنگی خۆی لەدەست دەدات و ئەولەویەتی نامێنێ، بەڵکو سەرەڕای قورئان و نەقڵ، دادپەروەربوون دەبێتە پێوەر (المعمرجي، ٢٠٠٠، ٨٦) . جاحز مافی ئەوە بە ئوممەت (گەل) دەدات کە ئیمامی خۆی دیاری بکات، چونکە پەیوەستە بە بەرژەوەندی دونیاییەوە نەک دین، بەڵام نەک هەموان بەڵکو کۆمەڵی چارەسەر و گرێبەست وەک نوێنەری دەستەبژێری گەل و دواتر لە سەر بنەمای راوێژ، بەیعەت دەدرێت بە حاکم کە پێویستە ئازادی، عەقڵ، زانست، داد و هێز هەبێت بۆ بەرژەوەندی و چاکەی دونیا، لە پێناو راکێشانی سوود و نەهێشتنی زیان، و زیاتر تەرکیزی لەسەر رێکخستنی ژیان بێت. (القاضي،١٩٦٢ آ،٧٧ و ٢٢٨). چونکە لە پەیوەندی نێوان دین و سیاسەت، قورئان دینە و دەسەڵاتداریش پێشەوا و دەوڵەتە.

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

(جدعان، ۲۰۰۰، ۳۷۰) بەم جۆرە لە ڕێبازی ئیعتزالدا بە حوکمی عەقڵ و دەق پێشەوایەتی لەسەر ئوممەت واجبە، بەمەرجی کۆدەنگی گەل لە هەموو سەردەمێکدا بۆ هەڵەبوونی را و بەڵگەخوازی (الميالي، ۲۰۲۵، ۲۰۲). هاوکات هەوڵی دارشتنی تیۆرێکی تۆکمەیان داوە بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی کە دەبێت بنەمایەکی جێگیری هەزری هەبێت بۆ ئەوەی ببێت بە بناغەی حوکمێکی دادپەروەرانە. واتە تەنیا حاکمی دادپەروەر گرنگ نەبووە، بەڵکو بنەمایەکی تیۆری بۆ حوکمێکی دادپەروەرانە جێگەی مەبەستی ئەوان بووە. بۆ نموونە هەندێکیان دژی عومەر عەبدولعەزیز بوون کە بە حاکمێکی دادپەروەر بەناوبانگە، چونکە بە راوێژ و دیاریکردن و بەیعەت و عەقد هەڵنەبژێردراوە (البغدادي، ۱۹۲۸، ۲۷۷). هەربۆیە گرێبەست (العقد) تەنیا بەیعەتێکی زارەکی یان شکلی نەبووە، بەڵکو پەیوەستە بووە بە رەزامەندی و ملکەچی و بە دوو قۆناغدا رۆیشتووە، یەکەم دەستەی حەل و عەقد کە دەستەبژێری کۆمەڵگان و پێشەوا هەڵدەبژێرن و دوای ئەوانیش هەموو گەل (عثمان، ۱۹۷۱، ٥٤۱).

لێرەوە ئیدی گرێبەست چەمکی زۆرەملێی تێدا نییە، نە بە نسبەت خەڵک و نە بەنسبەت ئیمام «چونکە دەبێ ئیمام رەزامەند بێت و گرێبەستەکە قبوڵ بکات» (القاضي،۱۹٦۲ آ،۲۷۰) و لێرەوە دەستەکە دەبێتە دەسەڵاتی دامەزرێنەری حوکمڕان، ئەمە لە رووی تیۆرییەوە بایەخدارە، لەبەر ئەوەی هەم بنەمایەکی مەعریفی هەیە کە دەبێ ئەم دەستەیە کە لەراستیدا نوخبەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کۆمەڵگان، کەسێک لە نێوان چەند کەسێکدا بۆ حاکمی هەڵبژێرن دواتر لەرووی پراکتیکییەوە بنەڕەتی پێشەوایەتی کۆدەنگییە. (القاضي،۱۹٦۲ آ،٤۹) و دەبێ هەڵبژێردراوی گەلیش بێت (المسعودي، ۲۰۰۰، ۱۸٥). ئەم تیۆرە بۆ گرێبەست سەرەڕای جەختکردنە لە سەر پاراستنی هیرارکیەتی کۆمەڵاتەتی بەڵام چونکە، عەقڵ و داد دەکاتە بنەڕەت، دەتوانرێت لە چوارچێوەی ئەخلاقی هەمەکیدا دەوڵەتی مافی لەسەر دابمەزرێت بۆ بەرێوەبردنی ئوممەت کە لەرێگەی پرۆسەی راوێژەوە کە ئەرگۆمێنت و بەڵگەخوازی حوکمی بەسەر دادەکات، دەتوانێ ببێت بە زەمینەی دروستکردنی سیستەمێکی سیاسی دادپەروەر.

### ۲-۳-۲-۲. کۆمەڵگای راوێژی و دەستووری مەدەنی

کانت ئایدیای ئامانجداری لە سروشت و مرۆڤناسی پەیوەست دەکات بە بابەتی سیاسی و گەرەکیەتی تیۆر بۆ "کامڵترین رێکخستنی دادپەروەرانەی سیاسی" دابرێژێت کە لێرەدا هاوتای دەستووری مەدەنییە Civil Constitution واتە دەستووری یاسا و ئازادی کە عەقڵی پەتی سەرچاوەکەیەتی (کانت،۱۳۸۳، ۱۳۳-۱۳٤). دەستوورێک کە گەورەترین ئازادی مرۆڤ بە پێی یاسا دابین دەکات کە بەهۆیەوە ئازادی کەسێک لەگەڵ ئازادی ئەوانیتردا بەرقەرار دەبێت، ئایدیایەکی پێویستە کە نەک هەر دەبێ ببێتە بنەمای یەکەمین پرۆژەی دەستووری وڵات، بەڵکو دەبێ بنەڕەتی هەموو ئەم یاسایانە بێت. (کانت،۱۳۸۳،٤۳٦- ٤۳۷). کەواتە هزری

سیاسی کانت بریتییە لە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی کەلەسەر بنەمای دەستوورێکی دیموکراتی دامەرزاوە کە تەبایە لەگەڵ ئازادی. (برلین، ١٩٨٩، ٢٠) ئەوەش دەبێت هەم سیفەتی مەدەنی و هەم خەسڵەتی کۆماری هەبێت کە زەمانەتی ئازادی ئەندامەکانی بکات وەک مرۆڤ و هەموویان بخاتە ژێر یەک یاسا بەو پێیەی خودن. (المسكيني، ٢٠٠٦، ١٩٩-٢٠٠) لە هەر شوێنێ ئازادی وێرای یاسا هەبێت، ئەوا سیستەمەکە "کۆمارییە" بەبێ وەبارچاوگرتنی فۆرمی فەرمانڕەوایی، چونکە زیاتر چۆنایەتیەکە گرنگە، کە تاک یاسادانەری خۆیەتی نەک چەندایەتی. (فولادوند، ١٣٧٠، ١٩١-١٩٢) دەستووری کۆماری سەرەڕای سەرچاوە بێگەردەکەی کە ئایدیای مافە، دەرەنجامەکەی ئاشتی هەمیشەییە. (کانت، ١٩٥٢، ٤٤) و رەوشێک دێنێتە ئارا کە رەوشی ماوڵاتیبوونە وەک دۆخێکی یاساییە کە لەسەر پرەنسیپە پێشینیەکان (ئاپرایوری)ی خوارەوە دامەزراوە (کانت، ١٩٥٢، ٤١-٤٣): ١. ئازادی هەموو ئەندامێکی کۆمەڵگا وەک مرۆڤ ٢. یەکسانی هەموو مرۆڤێک لەگەڵ یەکی تردا وەک ملکەچی یاسا ٣. سەربەخۆیی هەموو ئەندامێک وەک هاووڵاتی.

ئەم سێ پرەنسیپە، ئەو یاسایانە نین کە دەوڵەتی دروستکراو بیانبەخشێت، بەڵکو ئەو یاسایانەن کە لەسەر بنەمای پرەنسیپە پەتییەکانی عەقڵ و مافی مرۆڤ دامەزراون کە ماتنەئارای دەوڵەت دەرەخسێنن، کەواتە دەبێ کۆمەڵگایەک دروست بکرێ کە تێیدا ئازادی لەژێر یاسایەکی هەمەکی لەگەڵ گەورەترین پلەی ناچارکردنی ئاوێتە بکرێ، ئەم شتە واتە دەستوری ماووڵاتیبوونی دادپەروەرانە و «مەرجی فۆرماڵی گەیشتنی سروشتی بە دوائامانجی خۆی سیستەمێکە لە پەیوەندی دوولایەنەی نێوان مرۆڤەکان کە تێیدا دەسەڵاتی یاسایی لە هەمەکێکدا، واتە "کۆمەڵگای مەدەنی" پێشی خراپ بەکارهێنانی ئازادییە ناکۆکەکان دەگرێت» (کانت،١٣٨٣، ٤١٠). کانت جەخت دەکاتەوە بۆ دروستکردنی "سیستەمێکی کاملی سیاسی" وەک ئایدیایەک، دەبێ وەک دوائامانج (الغاية) سەیری بکرێت و ئەم بەڵگەنەویستەش وەک بیرۆکەی بەرایی دابمەزرێنێ بۆ ئەوەی بە پێی ئەو رێکخستنێکی یاسایی مرۆڤەکان وەک ئامانج نەک ئامراز بەردەوام بگەیەنێتە گەورەترین کەماڵ، واتە هەوڵدانی بێوچان بۆ کەمکردنەوەی بۆشایی و سنووری نێوان "ئایدیا" و "جێبەجێکردن" کە تەنیا "ئازادی" دەتوانێ کەمی بکاتەوە تێی بپەڕێنێت. (کانت، ١٣٨٣، ٤٣٧.) ئەمەش دیسان دامەزراندنی پرەنسیپ و ئەحکامی ئاپریۆریی عەقڵە (بۆ نموونە ئازادی) کە هاوجووتی یاسا و فەرمانە ئەخلاقییەکان، کە وەک جۆرێک لە یەکانگیری نێوان دەوڵەتی راوێژی عەقڵانی و خودە ئازادەکان دەتوانێت لە رێگەی دەستوور، تاک و کۆمەڵ بەرەو باڵایی ببات.

### ٣-٢. پێشەوای دادگەروکۆماری جیهان-نیشتمان

تیۆری سیاسی موعتەزیلە بە دەسەڵات و سیستەمی سیاسی پەیوەندییەکی تۆکمەی هەیە لەلایەکەوە بە بنەما هزری و مەعریفییەکان بۆ عەقڵ و مرۆڤ و لەیەکی ترەوە بۆ رۆڵی تاکی سەرکردوە و ناوازە. لە

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

سیستەمی بیرکردنەوەی کانت، پراکتیزەبوونی دەسەڵات لە دوائامانجی خۆیدا سنووری گەلێکی دیاریکراو دەبڕێت بەرەو ئاستێکی باڵاتر.

### ١-٣-٢. چوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسی

### ١-١-٣-٢. پێشەوا یەتی وەک بەرەنجامی عەقڵ

پێشەوایەتی تیۆری سیاسی مەزهەبی موعتەزیلەیە سەبارەت بە دەسەڵاتی سیاسی لە پراکتیکدا کە لە ڕەهەندە ئاساییەکەی، واتە وەک بەڵگەنەویستی هێز بۆ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەردەچێت بەرەوە خەسڵەت و جیاوکەکانی و گرنگتر لەوانەش بەرەو ڕێبازی پێویستبوون و سەلماندن دەڕوات و هاوکات لە ڕووی زاراوەسازیشەوە خاوەن دەلالەتی سیاسی تایبەتە، چونکە پێشتر سوود لە چەمکی ئەمیر و خەلیفە و پاشا و سوڵتان وەرگیراوە؛ هەر بۆیە ئەمە بە مانای ڕەدکردنەوەی فۆرمەکانی تری بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسییە لانیکەم لە ڕووی تیۆرییەوە، واتە دەسەڵاتی پشتاوپشت و بۆماوەیی و جێنشینی، گرنگتر لەمەش ئەوەیە ڕەگێکی لاهوتی نییە واتە «لە واجبوونی ئیمامەت بۆ نوێژخوێنان، بیرۆکەی ئیمامەتی سیاسی هەڵنایەنجرێت» (القاضي،١٩٦٢ آ،٤٩). لێرەوە جەختی سەرەکی هزری ئیعتزال لەسەر بەدونیاییکردنی پرسی دەسەڵاتداری و پابەندکردنیەتی بە هەندێ بنەمای عەقڵی-ئەخلاقی کە دایدەبڕێت لە تێگەیشتنی نەریتی بۆ حوکم، بەتایبەتی لەبەرانبەر ئەو ئاراستەیەی کە پێشەوایەتیان پەیوەست دەکرد بە بە نبوەت و موعجیزات و ڕەهەندی سەروو مرۆڤانەی پێدەدا و حوکمی خودایان پێدەبەخشی، بەڵام لای ئەوان بۆ کاروباری شەرعی پێویستە وەک دیاریکردنی حەدد و جێبەجێکردنی حوکمەکانە (القاضي،١٩٦٢ آ، ١٣-٣٩).

حەدد لێرەدا ئەو ڕێسا و یاسایانە کە کۆمەڵگا ڕێکدەخەن و لە پرسی پێشەوایەتیدا کە بەرهەمی ڕاوێژە و ئامانجەکەی ئاراستەکردنی کۆمەڵگا و دابینکردنی بنەماکانیەتی» (عثمان، ١٩٧١، ٥٢٦) پەیوەستکردنیشی بە عەقڵ لەبنەڕەتدا پەیوەندی بە تەکلیف (بەرپرسیارێتی) و لەوێشەوە سوود و زیانەوە هەیە، ئەمەش بەمانای وەبەرچاگرتنی بەرژەوەندی گشتی ئوممەت یان کۆمەڵگایە کە لە پرەنسیپی فەرمان بە چاکە و نەریێ لە خراپەدا کورت دەبێتەوە و بریتییە لە «بەفێرۆنەچوونی چاکە و نەکەوتنەوەی خراپە» (القاضي، ١٩٦٥، ٧٤١) هاوکات ئەوەی حوکم لەسەر ئەمەش دەدات پێودانگی عەقڵ و لۆژیکی مرۆییە نەک شەرع و نەقڵ چونکە تەنانەت «واجببوونی شەرعیش لە کاتێک دایە، ئەگەر دروست (صلاح) بێت و لەهەموو دۆخێکدا واجب نییە» (القاضي،١٩٦٢ آ، ٣٢) بەم جۆرە دەستنیشانکردنی سەرۆک زامنی دوورخستنەوەی زیانە لە خود و ئاشکرایە دوورخستنەوەی زیان بە حوکمی عەقڵ واجبە (محسن، ١٩٩٨، ١٢٩). ئەمەش واتە پێشەوایەتی بریتییە لە پاراستنی دین و سیاسەتی دونیا بە حوکمی عەقڵ و سەمع دامەزراندنی واجبە بۆ ڕاییکردنی کارەکان لە پێناو دادپەروەری لە خەڵک و لە حاکم.

ئەم تێزەی موعتەزیلە بۆ دەسەڵات هەموو رەهەندەکانی گرتووەتەوە، هەڵبژاردن لە رێگەی راوێژەوە و پاشان بەیعەت کە بنەمای دەسەڵادارێتیە، ئەمەش پرسی شەرعیەتی سیاسی روون دەکاتەوە، هەربۆیە پابەندی و ملکەچی خەڵک بەشێکی تری پرسەکەیە و لە دوو ئاستدا دەردەکەوێت، یەکەمیان، شەرعیەتی دامەزراو لەسەر بنەمای ئیختیار و بەیعەت کە پێشەوا هەڵدەبژێت دووەمیان، پێشەوا دەسەڵاتی شەرعی دەدا بە دەزگاکانی دەوڵەت لە هەموو ئاستەکاندا. (القاضي،١٩٦٢ ب،١٦١-١٦٢) هەر بۆیە لای ئەوان کۆبوونەوەی هەمووان لەسەر سەرۆکێك کە ملکەچی بن، نزیکترە لە تەبایی و چاکە (عمارة، ١٩٧٧، ١١)، بەو مەرجەی پێشەوا مەعسییەت نەکات (القاضي،١٩٦٢ ب،١٧٤) بەڵام دەسەڵاتی پێشەوا تایبەتە بە جێبەجێکردن و دەسەڵاتی یاسادانانی نییە و ئەمە هی گەلە (عمارة، هەمان، ٢٨).

کەواتە ئەگەر بنەڕەتی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر گرێبەست دامەزراوە کە ملکەچی خەڵکە بۆ حاکم، ئەوا نابێت پێشەوا ملکەچی هێزێکی دەرەوەی خۆی بێت چونکە لەسەرۆکایەتی دەکەوێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ پرسی سەروەری و بەشێوەیەکی گشتی پێشەوا دەبێ گرێبەست قبوڵ بکات، نابێ دابنرێت، چونکە پێویستی ئیمام واجبوونی عەقد دێنێتە ئارا. ئیمام نوێدەکردێتەوە بەڵام گوتار نا، هەر بۆیە دەبێ گوتار (دەستوور-ئایین) لەبەردەستی هەمووان بێت پێش ئەوەی ببنە پێشەوا. (القاضي،١٩٦٢ آ،٤٤ -٤٥) زۆرینە معتزیلە مەرجی باشترین (الافضل) بە چاکتر دەزانن و تەنانەت نظام وجاحز پێشەوایەتی تەنیا بۆ باشترین بە رەوا دەزانن و نابێ بەباشدانراو (المفضل) وەربگیرێت و ئەمەش واتە باشترین کەس بۆ پاراستنی گەل و بە توانا بۆ سیاسەت شیاوی ئەو پێگەیە (سالم، ٢٠١٨، ١٠٨). ئەو جگە لە فەزیلەت و چاکەکاری و پێشینەی باش و هەڵبژاردن و شایستەبوون و دیاریکردنی کەسێک بە راوێژ وگفتوگۆ بە بێ ترس و زۆرەملێ (الجاحظ، ٢٠٠٢ آ، ٢٩-٣٤٤)، ئەرک و ئامانجە جەوهەرییەکانیشی بریتین لە حوکم و رێکاری پێویست بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و کێشەی نێوان خەڵک و پاراستنی مافی هەمووان، کە لەسەر بنەمای فەرزی دینی نایەتەئارا و پشت بە ریوایەت و گێڕانەوەش نابەستێت، بەڵکو بەپێی بنەماکانی عەقڵ و زەرورەتی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێت.

### ٢-١-٣-٢. دەوڵەتی ئازادی و عەقڵ

لای کانت ماف و دەوڵەت بە توندی پێکەوە بەستراون، لە روانگەی ئەوەوە مافی یاسایی و مەشروع تەنیا لە دەوڵەتدا بوونی هەیە و دەوڵەت تەنیا کاتێ خاوەن شەرعییەتە کە دەوڵەتی یاسا بێت و غایەت و ئامانجی دەوڵەت ئەوەیە کە کۆمەڵگای ئەخلاقی کە لە تاکە ئازاد و یەکسانەکان دروست بووە رێکبخات و حوکمیان بکات، هەر بۆیە دەوڵەت لە لایەک ئامرازی ئازادییە و لەلایەکی تریشەوە کاریگەری بەردەوامی سروشتە، چونکە ئەگەر ئەم کاریگەرییە بەردەوامە بوونی نەبووایە هەموو مرۆڤەکان کە ئەخلاقی بوون لە بنەڕەتدا پێویستیان بە رێکخستن نەدەبوو، کەواتە «دەوڵەت وەک یەکێتی ماف و یاسا، مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

خودموختار تێیدا ئازدە وەک مرۆڤ، یەکسانە وەک ژێردەستەی یاسا و سەربەخۆیە وەک هاووڵاتی» (کانت، ١٩٥٢، ١١).

لای کانت زۆرەملێی دەوڵەت دەبێ لەپێناوی پاراستنی ئازادیدا بێت و دەڵێت، «هەر شتێ کە ناحەقە، ئاستەنگە لەبەردەم ئازادییەک کەلەسەر بنەمای یاسایەکی گشتی دامەزراوە، بەڵام ناچارکردن، ئاستەنگ یان بەرهەڵستیەکە لەبەرامبەر خودی ئازادیدا» (کانط، ٢٠٠٥، ١٢٣). کەواتە، یاسای دەوڵەت، یاسایەکە کە مۆڵەت بە بەکارهێنانی ناچارکردن و زۆرەملێ دەدات و مافی ناو دەوڵەت وا لە تاکەکان دەکات پابەندی ئەرکەکانی خۆیان بن بەرامبەر یاسادا، هەر کاتێ ئازادی خۆی ببێتە ئاستەنگێک لەبەردەم ئازادییەک کە لەسەر بنەمای یاسایەکی گشتی دامەزراوە، ئەو ناچارکردنەی کە دەکەوێتە بەرامبەری، پێشگرتن لە ئاستەگی ئازادی، لە بەرامبەر ئازادییەک کە لەسەر بنەمای یاسایەکی گشتی دامەزراوە. «ئازادی و یاسادانەری تایبەتی ئیرادە هەر دووکیان خۆ-بەسن و دوو وێنای دوولایەنەن» (کانط، ١٩٩١، ٣١٧) و دەبێ هەموو بڕاردە سیاسییەکان لە بڕیاردانەدا تەبابن لەگەڵ ڕێنماییەکانی عەقڵی کردەیی (المحمداوي،٢٠١٥، ١٤٠-١٤١).

بەم چەشنە دەوڵەت وەک ئامرازی پیادەکردنی ماف و پاراستنی ئازادی، تاکە دەزگایەکە کە دەتوانێ مافی هەمووان دابین بکات و هەر بۆیە کانت داوا لە هەمووان دەکات کۆتایی بە رەوشی بێ دەوڵەتی بێنن و گرێبەستێ ببەستن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی دەستوری و دەڵێت، "ناتوانین بڵێین مرۆڤ لە دەوڵەتدا، بەشێک لە ئازادییە سروشتییە دەرەکیەکانی خۆی لە پێناو ئامانجێکی تردا کردووەتە قوربانی، بەڵکو ئەو ئازادی درندەیی و بێ یاسایی خۆی بە تەواوی بەلاوە دەنێت بۆ ئەوەی ئازادی خۆی لە پەیوەندییەکی یاساییدا بێنێتە ئارا و «ئازادی بەمانا کردەییەکەی رەهەندی سیاسی هەیە کە بریتییە لە ئازادی مرۆڤ لە بەکارهێنانی گشتی عەقڵ» (کانط، ٢٠٠٥، ٨٧). واتە لە رەوشێکی شەرعی وا بەبێ کەموکورتی بەدەست بێنێ، چونکە ئەم پەیوەندییە، بەرهەمی ئیرادەی یاسادانەری خودی خۆیەتی. دەوڵەتی عەقڵ هەمان دەوڵەتی شەرعییە، واتە تەبا لەگەڵ یاسایە کە کە گوزارشت لە ئیرادەی سەربەخۆی هەمووان دەکات و «بەو پێیەی ماهیەتێکی ئاپریۆری هەیە و لە عەقڵی کردەیی دەردەچێت و لەسەر ئازادی دامەزراوە، دەسەڵاتی سیاسی دروست دەکات کە دەسەڵاتی سەروەری و حاکم و دادوەری لەخۆ دەگرێت» (شتراوس،٢٠٠٥، ١٨٦-١٨٨).

### ٢-٣-٢. عەقڵ و ئاشتی

#### ٢-٣-٢-١. میحنەت و کۆتایی سیاسی ئیعتزال

لە کاتێکـدا ڕێبـازی مـوعتەزیلە لە سـەردەمی مەئمونـدا (٨٣٣-٨٤٨ ز) بـوو بە مەزهەبـی ڕەسـمی خەلافەتـی عەبباسی، لەگەڵ خۆیدا ئاوابوونی خۆری ئەم هـزرە عەقڵانییەشی هێنـا، چونکە بەر لەوەی ڕوانگەی ئەوان بـۆ بەعەقڵانیکردنـی ئـایین و لەوێشـەوە سیاسـەت بە کـردەوە خـۆی بەیـان بکـات «خەلـیفە ئەوانـی کـرد بە "پشـکێنەری گشـتی" بـۆ چارەسـەرکردنی ململانێ لەگەڵ "دەسـەڵاتی هاوتەریـب"» (جـدعان، ٢٠٠٠، ١٣٣-٤٢٠) و ئیـدی بـوون بە چـاودێر بەسـەر ئیمـانی خەڵـک و چـاوی دەسـەڵات و دژی پیلانـی ئەو کەسـانەی گومانیان لە عەقیدە و کردەوەکانیـان دەکرا، واتە دژی عیرفـان و بـاتنییەت و نەیارە مەزهەبییەکانی نـاوخۆی، یـان هەروەک جـابری دەڵێت بـۆ بەرپەرچـدانەوەی نەیارەکانیـان لە ڕێگەی دامەزرانـدنی "عەقڵی گەردوونی" بە پشـتیوانی لۆژیک و فەلسـەفەی ئەرسـتۆ، خەلـیفە مەعقـولی ئایینی لە ڕێگای عەقڵی ئیعتزالەوە بەکارهێنـا بـۆ بەهێزکردنی واقعی سیاسـی دژی گنووسـییەت و "عەقڵی ئاییـنـدەیی" شـیعەی بـاتنی کە بانگەشـەی ئەوەیـان دەکرد وەحی لە ڕێگەی ئیمامەکانەوە بەردەوامی هەیە. (جـابري، ٢٠٠٩، ٢٣١-٢٣٣) واتە بـۆ دژایەتی گومـانی شیعە لە شـەرعیەتی دەسـەڵاتی سیاسی کە کرۆکی هـزری سیاسی مەزهەبەکەیانە، لە ڕێگای عـەقڵی هەمەکی ئیعتزالەوە ئەم هێرشـەی دەستپێکرد و لەگەڵ هاتنە ئارای ئەوەی لە مێژووی ئیسلامدا پێی دەوترێت میحنەتی بیرۆکەی خەلقی قورئـان (محنـة خلـق القـرآن) لەبەرانـبەر نەیارانیـان لە مەزهەبی سـونەش دەگاتە ئاسـتێکی باڵا.

بیرۆکەی خەلقی قورئـان لە بەرانـبەر کۆنی قورئـان، ئەگەرچی لە ڕووی فەلسـەفییەوە قـوڵە و پەیوەنـدی بە تاکایەتی و ڕەهـابوونی خـوداوە هەیە، واتە خـودا زاتێکی تـاک و تەنیـایە و لە ئەزەلەوە هیچی لەگەڵـدا نیـیە تەنـانەت قورئـانیش، هەر بـۆیە قورئـان کـۆن نیـیە و مەخلـوقە، لەلایەن یەکێـک لە گەورەتـرین خـاوەن مەزهەبەکانی ئیسـلام واتە ئەحـمەد بـن حەنـبەل ڕەدکـرایەوە و پێیوابـوو قورئـان کۆن (قـدیم)ە، ئەوەش واتە «فرەیی کۆن و دژی یەکتـاییە» (سـالم، ٢٠١٨، ٧٢) و پێچەوانەی عەقڵە. ئەمە بـوو بە سـەرەتای جەدەلێکی سیاسـی و عەقیـدەیی، کە هەم مـوعتەزیلە بـۆ دروسـتی ئەرگیـۆمێنتی خۆیـان بـۆ ئەم بیرۆکەیە پشـتیوانی دەسـەڵاتیان بەکاردەهێنـا و زانـا و حەدیسـبێژەکانیان دەچەوسـاندەوە و هەم خەلـیفەش، وەک ئـامرازێکی سیاسی بۆ ملکەچی و وەلائی خەڵك سوودی لێوەردەگرت (امین، ١٩٦٤آ،١٩٨).

بەم جۆرە میحنەتی قورئان کە پەیوەندییەکی قوڵی بە پێنج بنەماکەی موعتەزیلەوە هەبوو بە تایبەتی پرسی یەکتاپەرسـتییەوە، لە کێشـەیەکی میتـافیزیکی و فەلسـەفییەوە گـۆڕا بـۆ کێشـەیەکی سیاسـی عەقیـدەیی و بیرۆکەکە بووە گوتارێکی سیاسی خەلافەت وەک هەوڵدان بۆ «دروستی عەقڵ و ئیمان»ی ئومەت و ئەمەیان بەسـەر خەڵکدا سەپاند و تا ئاستێ ڕۆیشت کە هەر کەسێک بڕوا بەم بیرۆکەیە نەکردبا دروست نەبوو هیچ کارێک بگرێتە دەست (المعمرجي، ٢٠٠٠، ٦٠-٦١). کێشـەکە کاتێ قورستر بوو کە بە هێز و زۆرەملێ خەڵکیان ناچـار دەکـرد دانی پێـدا بنێـت و لەوێـوە بـوون بە زمانحـاڵی ئایـدیۆلۆژیای دەوڵەت و دواجـار هەروەک جـابری

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

دەڵێت لەگەڵ نەمانی پشتیوانی دەسەڵاتی سیاسی لێیان بووە هۆی دابڕانی" مەعقوولی دینی و مەعقولی عەقڵی" لە یەکتر (جابري، ٢٠٠٩، ١١٩-١٥١). بەعەقڵانیکردنی دەق و بە دونیاییکردنی سیاسەت کاتێ هۆشیاری و بەرزکرنەوەی کولتوری سیاسی لەگەڵ نەبێت دەبێتە هۆی دابڕانی دەستەبژێر و ئایدیاکانی لە خەڵک و کێشەکانیان، هەر بۆیە ئەم ڕەوتە موعتەزیلەش کە هەم زمان و هەم ئایدیاکانیان زۆر ئەبستراکت بوو، بە تایبەتی سەبارەت بە راڤەی دەق، لە دیدی خەڵک وا لێکدەدرایەوە کە هەوڵی سڕینەوەی پیرۆزی لە سیاسەت و ئایین دەدەن. ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی مۆنتگیومری وات رایوایە کێشەکە پەیوەست بووە بە دابەزاندنی پیرۆزی قورئان و ئەمەش وێنای کۆمەڵگای وەک بینایەکی ئیلاهی تێکدەدا (سالم،٢٠١٨ ، ٢٤٨) ، چونکە ئەوان بە ئاشکرا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە تەنانەت «سەحابە و تابعین وەک خەڵکن و هەڵە و کەموکوڕییان هەیە» (امین، ١٩٦٤، ٧٥).

هەرچەندە لە بنەڕەتدا موعتەزیلە بێباک بوون سەبارەت بە را و ڕەزامەندی خەڵک و گاڵتەیان پێدەهات و دیدیگای ئەوان بۆ پرسی مرۆڤ و سیاسەت زۆر بەرزتر بوو لە ئاستی خەڵک و پێیانوبوو دەبێ خەڵک ئاستی عەقڵێ خۆی بەرز بکاتەوە نەک ئەوان داببەزن (زكي،٢٠٠٨، ١٦٦-١٦٧). ئەمەش لەگەڵ عەقڵی ڕەشۆکدا ناتەبا بوو، ئەو جگە لەوەی کاتێ فەلسەفە بەجەماوەری دەکرێت لە جیاتی ئەوەی کاریگەری هەبێت لەسەر گۆڕینی واقیعی هەنووکەیی ئەوا بە ئاراستەکەی پێچەوانە دەڕوات، خەڵک لە جیاتی ئەوەی واقیعی خۆیان باشتر ببینن، دژایەتی فەلسەفە و هزری ئازاد دەکەن و ئەمە سەبارەت بە بیرۆکەی خەلقی قورئانیش لای خەڵکی ڕەشۆک هەمان مانای هەبوو. بەم جۆرە کاتێ لە پرۆژەیەکی فەلسەفی لۆژیکی گۆڕا بۆ هەڵوێستی ئایدیۆلۆژی و سڕینەوەی نەیارەکانی نەیانتوانی درێژە بە بەعەقڵانیکردنی سیاسەت بدەن و ئەو بنەمایانە بەدەزگایی بکەن کە لە ڕووی تیۆرییەوە دایانڕشتبوو، کە دواجار کۆی سیستەمی هزری و سیاسی ئیعتیزالی لە رووی کردەیەوە هەڵوەشاند.

### ٢-٢-٣-٢. ئاشتی هەمیشەیی وکۆماری جیهانی


دەکرێت لە ڕووی پراکتیکیەوە تێزی سیاسی کانت لە "حکومەتی کۆماری" و ڕێکخستنی جیهانیدا بگاتە لوتکە، واتە دەوڵەتێک کە لەسەر یاسا و ئایدیای دەستوور دادەمەزرێت، ئەمەش واتە تێپەڕبوون لە حاڵەتی سروشتی و جەنگ بەرەو دۆخی یاسایی و ئاشتی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. لە دیدی ئەو بەپشت بەستن بە وێناکانی بۆ ئەخلاق و مێژوو، دامەزراندنی ئاشتی لەسەر بنەمای یاسا و یاسا لەسەر عەقڵ و جوڵە لە سروشتی شتەکانەوە بەرەو دەوڵەتی ئازاد و عاقڵ و دواجار دەوڵەتی ئاشتیخواز هەنگاو دەنێت. (شتراوس،٢٠٠٥، ١٥٥-١٥٦).

حکومەتی جیهانی کە وەک ئەلتەرناتیف بۆ جەنگ و ململانێی نێوان دەوڵەتاکان دەخرێتەڕوو، وەک پرۆژەیەکی رادیکاڵ-ئایدیاڵی هەوڵێکی عەقڵیە بۆ هەنگاونان بەرو سیستەمێکی نوێی جیهانی. کانت پێیوابوو

دەبێ دەستووری مەدەنی لە هەموو دەوڵەتە دەستووری و کۆمارییەکان هەبێت و لەسەر بنەمای گرێبەستی سەرەکی کە لەسەر بنەڕەتی ئازادی و یاسای گەلان دامەزراوە بێتەئارا و پێویستە لەسەر بنیاتی سیستەمی یەکێتی نێوان دەوڵەتەکان دابمەزرێت و «ئامانج ئەوەیە مێژووی گشتی جیهان بە پێی پرۆژەی سروشت بۆ کامڵکردنی یەکێتی مەدەنی مرۆڤایەتی وێنا بکەین» (تاریخ، ، ١٤٠-١٤١ ). لەسەر ئاستی دەوڵەت مرۆڤ دەبێ لە رێگەی پەروەردە و کولتورەوە بگاتە دوائامانجی سروشت (کانت، ١٣٨٣، ٤٠٦-٤١١) و لە ئاستی نێودەوڵەتیش دورستکردنی پێکهاتەیەکی سیاسی بۆ ئاسایش گرنگە، پەیکەرێکی سیاسی Social crop کە دوائامانجی سروشتە واتە دروستکردنی جیهان- نیشتمانی گشتی وەک زەمینەی گەشەی توانا رەسەنەکانی مرۆڤ (کانت، ١٣٧٨، ١٤٠) دەستوری کۆماری سەرەڕای سەرچاوە بێگەردەکەی کە ئایدیای مافە، دەرەنجامەکەشی ئاشتی هەمیشەییە. (کانت، ١٩٥٢، ٤٤). ئاشتی نایەتەدی، بەهۆی پلەخوازی و دەسەڵاتخوازی و سامانخوازی. (کانت،١٣٨٣، ٤١٠)

دەوڵەتی جیهانی کانت بەمانای دەوڵەتی تۆتالیتێر نییە، چونکە دەبێت بریتی بێت لە یەکێتی نێوان دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکان و هاوکات رایوایە «یاسا هێزی خۆی لە دەستدەدات کاتێ حکومەت دەسەڵاتەکانی بەرفراوان دەبێت و بنەماکانی "چاکە" وێران دەکات و دەبێت بە ستەمکاری گشتگیر»(شتراوس،٢٠٠٥، ٢٠٢) و لە راستیدا هەموو پرۆژەکەی کانت بۆ دوورخستنەوەی ئەگەرەکانی جەنگ و دوژمنایەتی نێوان دەوڵەتەکانە چونکە چەندە حکومەتە ستەمکار و دڕندەکانە لە جەنگدا بن ئەوەندە دەوڵەتی عەقڵ و ئاشتی وێرانتر دەبێت و دوائامانجەکانی گەیشتن بە مەدەنییەت پاشەکشێ دەکات. کەواتە پێویستی بە "سیستەمێکی گشتی جیهان-نیشتمانی World Cosmopolitan واتە سیستەمێکی نێودەوڵەتی هەیە (کانت،١٣٨٣، ٤٠٦-٤١١). بەم جۆرە گەیشتن بەم ئاستە لە مەعریفە هەم پێویستی بە پەروەردە و کولتوری باڵا و هەم پێویستی بە ئاستێک لە ئاگایی هەیە کە تاک لە خۆجێی بوون بەرزتر بکاتەوە بۆ ئاستی تێگەیشتن لە خۆی وەک بوونەوەرێک کە لەهەموو لایەکەوە بەڕایەڵەی جیاواز بە جیهانەوە بەستراوەتەوە و هەمووان پێویستیان بەیەکتر هەیە بۆ باشتر ژیان، هەر بۆیە «ئەم بیرۆکەیە بەو مانایەیە کە دەبێ هۆگری هەموو بابەتەکانی گەردوون و جیهان بین و ئایدیای سیستەمی کۆماری هاوتای دیموکراسی دەستوورییە و پێویستە بە ئاراستە دروستکردنی سیستەمی یاسایی جیهانی بڕواتەپێش کە دەوڵەت بزوێنەربەتی» (هوفە،١٣٩٢، ١٣٤). کانت هەندێ بیرۆکەی سیاسی وەک فەرمانی پێشینە بۆ رێگەگرتن لە حەتمەیەتی جەنگ دەخاتەڕوو کە لێکەوتەیی ئایندەییان هەیە، کە بریتین لەوەی دەوڵەتی سەربەخۆ نابێ داگیر بکرێت، چونکە لە بوونی خۆی دادەماڵرێت وەک کەسێکی مەعنەوی. (کانت، ١٩٥٢، ٢٥-٢٦) عەسکەرتاریەت و بەکرێگرتنی مرۆڤ بۆ جەنگ بەئامرازکردنیەتی (کانت، ١٩٥٢، ٢٨) ئەمەش دژی جەوهەری مرۆڤبوونە وەک ئامانج و دواتر، قەرزدارکردنی دەوڵەتی تر وەک داهێنانی ئەو گەلانەی ئالوودەی بازرگانین (کانت، ١٩٥٢، ٣٠) ئاشتی و

ئاسایش و هاوسەنگی دەخاتە مەترسی و "ماف پەیوەست دەکات بە هێزەوە و ئیدی مانا پەتییەکەی نامێنێ" (کانت،١٣٨٣، ٤١٠). کەواتە لە جیهانێکدا کە خودەکان لە جەهەری خۆیاندا هەم عەقڵانین و هەم خۆخواز کە هەر دووکیان ویستێکی بەهێز دەبجوڵێنێت، و هاوکات دەوڵەتیش رەنگدانەوەی ئەم رەهەندە دەروونییە، پێویستە بۆ رێگەگرتن لە درندەیی و کوشتار، ئاستی عەقلانیەت بە ئاراستەی ئەخلاقیەت پەرەی پێبدرێت کە ماف و یاسا وەک دوو بەهای ناوەکی بێتە بزوێنەری دەوڵەت و لە چوارچێوەی سیستەمێکی نێودەوڵەتی دابرێژرێت لە پێناو ئاشتییەکی هەمیشەییدا.




٥-سیستەمی کۆماری جیهانی

### ٣-٢. کۆتایی گرێبەست

#### ١-٣-٢. شۆرش و دەرچوون لە دەسەڵاتدار

سەرکردایەتی کۆمەڵگا و دەسەڵات هەم لە رووی عەقڵ و هەم بەپێی شەرع پرێایەخە و ئەمە پەیوەیستە بە دیدگای موعتەزیلە بۆ سروشتی مرۆڤەیش، هەر بۆیە بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ نەمانی سیستەمی سیاسی دەکەن، هەربۆیە مانەوەی پێشەوایەتی پەیوەستە بە پاراستنی ئەو بنەمایانەی کە لەسەر و لە پێناوی دامەزراوە و هەر کاتێ بنەماکان لەرزۆک بن و ئامانجەکان پشتگوێ بخرێن دەرچوون دەبێتە فەرمان بە چاکە. بیرمەندنی موعتەزیلەکان دووركەتنەوە لە چەوتی و نزیکبوونەوە لە ماف بە ئەرکی پێشەوا دەزانن، هەر بۆیە دەبێ «پێشەوا زانا و پیاوچاکان بکاتە دەستە راستی خۆی بۆ ئەوەی لە هەڵە ئاگاداری بکەنەوە و لە باتڵ دووری بخەنەوە و بهێننە سەر رێگەی حەق» (القاضي،١٩٦٢ آ،٩٦) چونکە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان پڕە لە ئەگەری چاوەڕوان نەکراوە ئەگەر داد و ماف نەبێتە بنەمای سیاسەت و بەڕێوەبردن و ئامۆژگاری خەلیفەکانیان دەکرد کە "لە پشت دەرگاکەت ئاگرێک کڵپەی دێت، ئەگەر لە ستەم و گەندڵی خۆت نەپارێزن" (المعرجي، ٢٠٠٠، ٨٨). ئەم ئاگر ئاماژەیە بۆ تێکچوونی هاوسەنگی و جەوری ستەم لەسەر کۆمەڵگا و زۆرینەیان رایانوایە ئەگەر پێشەوا پابەند ئەو بنەمایان نەبوو کە بنەڕەتی دەسەڵاتە، ئەوا خەڵک دەتوانێ لە کاتی بوونی دەرفەت و توانست لە دژی رابپەڕێت (الأشعري، ١٩٩٠، ١٥٧). «قازی رایوایە پێشەوا ناتوانێ

خـۆی خـۆی لاببـات، چـونکه کۆدەنگی کۆمەڵگای وەرگرتـووە، بەڵام ئەگەر مەرجەکانی تێدا نەما (دیـن و ئازادی و عەقڵ و پێگەیشـتووی و دادپەروەری) ئەوا گەل دەتوانێ لەسـەر کار لاییبات» (عثمان، ١٩٧١، ٥٤٦) و بە رەهـایی فاسـقی و زوڵـم بەسـە بـۆ لادانـی (القاضـي،١٩٦٢ آ،٢٠٤). کە پەیوەسـت بێـت بە ڕووداوێک یان پێشێکارییەکی گەورە. (تنتوش، ٩٤)

بەهـۆی ئەوەی بیرمەنـدانی موعتەزیلە هەم سیاسـتمەدار بـوون و هەم شۆڕشـگێڕ (عمـارة، ١٩٧٧ ،٤٧-١٨٦)، هەر بـۆیە لە ڕووی پرنسـیپەوە و بە کـردەوش جەخـت دەکەنەوە گەل مـافی دوورخسـتنەوەی پێشـەوای هەیە و دەتـوانێ نەک هەر لە ئاسـتی گوتـار بەڵکو بە کـردەوەش ئەنجـامی بـدات، و نەک هەر ئەوە بەڵکـو شـۆڕشیشـی لە دژ بکـات، بەڵام دوورخسـتنەوەی دەسـەڵاتدار و تێکـدانی سیسـتەم کە عەقڵ دەیسـەپێنێ، نابێت لە ژێـر کاریگەری تـوڕەیی و هەسـت بێـت، بەڵکو زەمینەسـازی و ئامادەسـازی دەوێـت هەر بـۆیە بەشـێکیان «بەکارهێنـانی هێز ڕەد دەکەنەوە کە تەنیـا یـاخیبوون بێـت لە حـاکم یـان فەوزای سیاسـی دروسـت بکـات، بەڵکو لایەنگری شـۆڕشـی پـلان بـۆداڕێژرا و بە بەرنـامەن و نـاوی دەنـێن مەرجی توانسـت (شـرط تمكين)» (عبـد الجبـار، ١٩٦٤، ٢٢٦). بەم جـۆرە ڕاپەڕین نـابێ ببێـتە کارێکی پـووچ و سـەرەڕۆیانە، چـونکە هەر دوو مەرجی توانـا و دەرفەت ئاماژەیە بـۆ ئەوەی کە تەنـانەت لە کاتی تێکـدان و پشـێوی لە سیستەمیشـدا دەبێـت عەقـڵ و هەڵسـەنگاندن حـوکم بکـات. لە دوا قۆناغیشـدا کـاتێ توندوتیژی دەبێتە ناچاری و بەکارهێنانی هێز دژی دەسـەڵاتی ستەمکار وەک پێویسـتی خـۆی دەردەخـات، ڕووخـاندن دەبێـت بە بەشـێک لە فەرمان بە چاکە و بنەمای «شـۆڕشـی چەکداری دژی ئیمـامی سـتەمکار پەیوەسـت دەبێـت بە پرەنسـیپی پێـنجەمەوە» (سـالم،٢٠١٨ ، ١١١). بەو مەرجەی دەبێ شـۆڕشـگێڕەکان کۆمەڵێـک بـن، دەبێ هێزی شـۆڕش و ئەگەرەکانی سـەرکەوتن زەمـانەتی بکرێـت، دەبێ شـۆڕشـگێڕەکان پێشەوایەکی دادپەروەریان هەبێت بۆ ئەوەی شـوێنی دەسەڵاتی ستەمکار بگرێتەوە (عماره، ١٩٨٨، ٦٦).

بەم چەشـنە عەقـڵ لە هەمەکیەتـی خۆیـدا دەسـەڵاتی سـتەمکار بە پـێچەوانەی سروشـتی مـرۆڤ دەزانێـت و کاتێ داد کە بنەڕەتی سیاسـەت و حـوکم بەهـای نەمێنێ و دەوڵەت ببێـت بە ئامرازێـک بـۆ بێ مـافکردن و بە ئـامرازکردن و دامـاڵینی مـرۆڤ لە جەوهەری سـەرەکی خـۆی کە ویسـتی ئـازاد و کـردەیە، دەرچوون لە سیستەم و ڕووخاندنی دەبێت بە ئەرکێکی ئەخلاقی.

### ٢-٣-٢. کانت: ڕاپەڕین و بەرەنگاری

ڕووداوی شـۆڕشـی فەرەنسـی بە یەکێک لە خـاڵە وەرچەرخانەکانی هـزری سیاسـی و سیسـتەمی سیاسـی دادەنرێت لەسـەر ئاسـتی جیهانی و کانت سـەرەتا پشـتیوانی لەم شـۆڕشـە دەکرد و وەک پچڕانی یەکجـاری لە سیستەمی سیاسی ڕەها لێکیدایەوە «چـونکە پێیوابوو بەدیهاتنی ئەو بیرۆکانەیە کە دایڕشتبوو، وەک ئـازادی و کەرامەتی مرۆڤ و یەکسـانی و لێبـوردەیی و هتـد» (بـدوي، ١٩٧٧، ١٠١)، بەڵام لە سـەردەمی

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

حکومەتی تیرۆر و تۆقاندنی ژاکوبنەکان دەستی کرد بە رەخنەیەکی توند و «رایوایە بەهۆی ئەو تێچووە زۆرەی هەیبووە شایەنی لاسایی کردنەوە نییە» (Kant, 1989, 182) و بە پشت بەستن بە رۆحی رۆشنگەری، ریفۆرمی بەردەوامی پەروەردەیی و سیاسی خستە پێش شێوازی توندرۆیانە و شۆرشگێرانە و پێیوایە یارمەتی مرۆڤ دەدات خۆی لە کۆت و بەندە ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسییە سەپێنراوەکان رزگار بکات و زەمینەی ئازادی برەخسێنێ.

بەهۆی ئەوەی بینایەکی یاسایی بۆ سیستەمی سیاسی دروست دەکات شۆڕش و تێکدان بە هاوتای گرنگی سیستەمەکە نازانێ، تەنانەت ئەگەر کەموکوڕیشی هەبێت، هەر بۆیە پێیوایە دەرفەتی گۆڕانکاری فەرمی لەئارادایە نەک شۆڕش و دەڵێت: «گۆڕینی دەستوور بە ریفۆرم و بەدەستی پاشا دێتەئارا نەک لە رێگەی شۆڕشەوە» (Kant, 1991,133) و هیچ بەرەنگارییەکی خەڵک کە لەسەر بنەمای ماف دامەزرابێت دژی سەروەری باڵای یاسادانەر بوونی نییە، کەواتە هیچ پشێوییەک بوونی نییە چ بگات بە یاخیبوون (Kant, 1991,131). بەم جۆرە شۆڕش لەدیدی کانت وەک رووداو و دابڕان و وەک گۆڕانکاری مێژوویی وەک شکست هاوکات وەک بەها و پێنوێن و ئامادەباشی مرۆڤە لە ناو مێژوودا، بەڵام گۆڕانکاری شۆڕشگێرانە ئاماژە نییە بۆ پێشکەوتن و هەربۆیە "شۆڕش لە خۆیدا" گرنگ نییە، بەڵکو دەرەنجامەکانی بایەخی پێدەبەخشێت، کە شایستەی دووبارەکردنەوە نییە، حەماسی شۆڕش و هەموو بەرهەڵستیەک دژی دەستوور و سیستەمی یاسایی، جەنگێکی هێرشبەرانەیە. (فوکو، ١٩٨٤، ٦٩-٧٠)

کانت بەڵگەخوازی دەکات کە راپەڕین و بەرەنگاری دژی حکومەتێک کە یاساکانی مەشروعن، نارەوایە بەڵام لەبەرانبەر حکومەتی ستەمکار رەوایە (اسکروتن، ١٣٨٣، ١٩٤). دواتر ئاراستەی بیرکردنەوەی بەرەو پارێزگارێتی دەچێت و پێیوایە رەنگە بە شۆرشێک ستەمکاری تاکەکەسی، چەوسانەوەی چاوچنۆکانە بۆ بەرژەوەندی ماددی و دەسەڵات برۆخێت، بەڵام ریفۆرمی راستەقینە لە سیستەمی بیرکردنەوەدا دروست ناکات و پێشداوەری نوێ لە کەنار پێشداوەری کۆن جێگیر دەبێ و دەبێتە ئامێری جەماوەری مەزنی دوور لە عەقڵ و بیرکردنەوە و جەخت دەکاتەوە بۆ گەیشتن بە رۆشنگەری هیچ شتێ پێویست نییە جگە لە ئازادی، واتە بەکارهێنانی گشتی عەقڵ لە هەموو پانتاییەکاندا (کانط، ٢٠٠٥، ١٢٧). ئەمەش لە روانگەی ئەو لە حاڵەتی شۆڕش روونادات و هەمیشە راپەڕین لەبەرانبەر هەر دوو چەمکی یاسا بە دیوە مافپەروەری و دژە مافی وێنا دەکات و پێیوایە بەرەنگاری لەبەرانبەر یاسادانەری نامەشروع کە ئەرک لەکەدار دەکات رەوایە، بەڵام هەمیشە دژی راپەڕینە و دەڵێت «ئەرکی خەڵکە قورسترین خراپ بەکارهێنانەکانی سەروەری باڵا تەحەمول بکات (Kant, 1990,86) و پاساوەکەی ئەوەیە «هەموو بەرەنگارییەک لەبەرانبەر دەسەڵاتی باڵای یاسادانان و جوڵەی توندوتیژانە کە دەبێتە هۆی راپەڕین، تاوانێکی گەورەیە، بنەڕەتی کۆمەڵگا لەناو دەبات و بە ڕەهایی یاساغە» (Kant, 1970,81)

چونکە بەرەنگاری دوو گرفتی سەرەکی دێنێتە ئارا؛ واتە ئەنارشیزم و دابەشبوونی سەروەری. (Beiser, 1992, 45)

بەم جۆرە روانگەی کۆنسێرڤاتیڤانەی کانت بۆ تێکدانی سیستەمی یاسایی کە بەرهەمی پەروەردەیەکی قورسە و بە ئاسانی جێگەی پڕناکرێتەوە، ئەگەرەکانی شۆڕش و یاخیبوون بەرتەسک دەکاتەوە و رۆشنگەری و بیرکردنەوەی عەقڵانی بە چارەسەر دەزانێت بۆ ریفۆرم لە بەها سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان نەک راپەڕین و رووخاندنی کۆی سیستەمەکە، بەتایبەتی کاتێ ناتوانین مۆدێلی شۆڕش بکەین بە نۆرمێکی هەمەکی.

## دەرەنجامەکان:

١- دەرکەوتنی ئازادی لە عەقڵ و جێکەوتی ویست لە کردەوەدا، واتە تێگەیشتن لە ماهییەت و چۆنیەتی دەرکەوتن و لێکەوتەکانی لە پانتایی سیاسەت، بابەتێکی شایانی گرنگییە لە فەلسەفە و ئەپیستمۆلۆژیا و هزری سیاسییدا. هەر دوو قوتابخانەی ئیعتزال و رەخنەیی کانت فکری مرۆڤ و ویستی ئازادیان شیکردووەتەوە وەک بوونەوەرێک کە خاوەنی عەقڵە و لە چوارچێوەیەکی ئەخلاقیدا دەژی کە بەهای مرۆیی و فەزیلەت و بنەماکانی ڕەوشتی لێبەرهەمدێت و ئەمانە دەبنە پاڵنەری گەشەی عەقڵی و سیاسی و بونیادنانی چوارچێوەی تیۆری بۆ دەزگا سیاسییەکان. پێکگرتن و بەراوردی نێوان ئەم دوو قوتابخانەی گەورەیە لەم بوارەدا، یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە دیاردەی ویستی ئازاد و هەڵبژاردنی مرۆڤ، و دواتر دەرکەوتنی لە سەربەخۆیی و کردەوەدا، وەک دەرکەوتنێکی گەردوونی بۆ ئەو چەمکانەی کە سنووری دیاریکراو و ناسنامەیەکی تایبەتیان نییە، بەڵکو لە ڕەوتی مێژوودا بە هۆی هێزی عەقڵی کاراوە بەرەوپێش دەچن.

٢- لە کاتی بەراوردی کار و بەرهەمی فکرییەکانی ئیعتزال و کانتدا، ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو ماوە زەمەنییە زۆرەی کەوتووەتە بەینیان نوێنەرایەتی دوو قۆناغی رۆشنگەری دەکات، کە پاڵنەر و زەمینەیە بۆ بەرزبوونەوەی بەها ئەخلاقییەکان لە فۆرمە ئەبستراکتەکەیدا، لە رێگەی گونجاندنی عەقڵ وەک پێوەری پراکتیکی، و لۆژیک وەک پێوانەی گشتی. قوتابخانەی ئیعتیزال لە ڕەوتی قووڵبوونەوە لە چەمکە بنەڕەتییەکان وەک ئیرادە، کردەوە، هەڵبژاردنی سەربەست، ویست، قەدەر، ئەرک و بنچینەی چاکە و خراپە، گەیشتوونەتە هەمان ئەو دەرەنجامانەی کە کانت لە سیستەمی ڕەخنەگرانەی خۆیدا لە عەقڵی

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

پەتی و عەقڵی پراکتیکی و دامەزراندنی بنەماکانی ئەخلاق لە شوێن-کاتێکی تەواو جیاوازدا پێیگەیشتووە.

٣- گەشەی عەقڵانیەت و جەختکردنەوە لەسەر مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ لە هەر دوو قوتابخانەکەدا کاریگەری لەسەر هزری سیاسی و بەرەوپێشچوونی تیۆری سیاسی بەجۆرێکە کە سیاسەت دەبێت بە بوارێکی خاوەن بونیادی تۆکمە، هاوجووتی نێوان تیۆرە مەعریفییەکانی موعتەزیلە و پرەنسیپە هەمەکییەکانی کانت ئەو دەزگایانەی لێی بەرهەم دێت و یەکتر تەواو دەکەن، یەکانگیری نێوان ئەپستمۆلۆژیا و سیاسەت، سیستەمێکی ئەخلاق ئەوتۆ دروست دەکات کە دەبێتە هۆی گەشەی توانا و کردەی مرۆڤ لە بواری گشتی بە ئاراستەی چاکەی هەمووان. دوالیزمی نێوان چاکە و خراپە و ڕەهەندە ئۆنتۆلۆژییەکان کاریگەری لەسەر پرەنسیپە سیاسییەکان هەیە و دەیجوڵێنیت، پرسی ویستی ئازاد و کردەی عەقڵانی واتە دامەزراندنی پێوەری هەمەکی و فۆرماڵ بۆ ڕەفتار و چۆنیەتی ڕوانین لە جەوهەری مرۆڤ. هەر ئەمەش پرسی تەکلیف ( بەرپرسیاربوون) یەکلایی دەکاتەوە کە ڕەهەندێکی ڕاستەقینەی هەیە نەک مەجازی دەبێ ملکەچی فەرمان بەچاکە بێت و دەشێت ببێت بە بنەڕەتی سیاسەت، مرۆڤی ویستگەرا و ئۆتۆنۆم دەبێتە پاڵنەری سیاسەتی ڕاوێژی و گرێبەستی موعتەزیلە و سیستەمی دیموکراتی یاسایی ئەخلاقی و دەوڵەتی مافی کانت.

٤- بنەمای ترانسێندێنتاڵ بۆ عەقڵ وەک فۆڕم و ناوەرۆکی ویست لە ئازادیدا، وای لێدەکات بکەوێتە دەرەوەی یاسای هۆیەتی و ویستی ئازاد بەرەنجامی هیچ هۆکارێکی دەرەکی نەبێت، ئەمەش لە کردەی سەربەخۆی موعتەزیلە و شت لە خۆیدا (نۆمینا)ی کانتدا دەبێتە بنەڕەتی سەربەخۆی زاتی مرۆڤ. لەم جیهانەدا مرۆڤ پێویستە یاسادانەری خۆی بێت و ملکەچی فەرمانە ڕەهاکان بێت، عەقڵ هۆ و ئەنجامی ویستی ئازادە و خۆی ئەرک دیاری دەکات، هەر بۆیە سەربەخۆیی ویست تاکە پرەنسیپی هەمەکییە بۆ یاسای ئەخلاقییەکان.

٥- تێزی ویستگەرای ئیعتزال و کانت دەبێتە ژێرخانێکی فەلسەفی تۆکمە بۆ تیۆرێکی سیاسی کە لەسەر عەقڵانیەت و سیستەمی دیموکراتی ڕاوێژی دامەزراوە، کە ویست و کردە بە ئاراستەی چاکە دەبات و سیستەمێکی هاوجووت لەگەڵ ئەخلاقی هەمەکی بونیاد دەنێت. لە تیۆری موعتەزیلەدا لێکبەستنی دەستەبژێری و ڕاوێژ و ڕەزامەندی بەستێنی سەرهەڵدانی گرێبەستە، کۆدەنگی و هەڵبژاردن، لە نێوان باشتریندا کە پاڵێوراوە لە لایەن دەستەی گرێبەست و چارە وەک دەزگایەک کە چاکەی گشتی بەهەند وەردەگرێت، پێشەوایەتی دادەمەزرێنیت کە کەسی یەکەم دەبێت دانا و خاوەن حیکمەت و ویستی سەربەخۆ و سەروەری خۆی بێت و سیستەمی سیاسی لێدەکەوێتەوە کە داد بنەماکەیەتی. ئەگەر بنەڕەتی سیاسەتی ڕەشید گرێبەست و ڕاوێژ و کۆدەنگی بێت بە ئاراستەی ڕاکێسانی چاکە لە هزری

سیاسی ئیعتزال ئەوا شوناسە بچووکەکان تێدەپەڕێنێت و لە ڕێگەی دروستکردنی ئەخلاقی هەمەکی کە دەکەوێتە سەروو تێگەیشتنی ڕواڵەتی بۆ ئایین و بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە باوەکان و هەوڵی دروستکردنی ئەخلاقیات و سیاسەتێک دەدات بە ئاراستەی فەرمان بە چاکە کە ئینساف و شایستەبوون دوائامانجیەتی. ئەمە لای کانت پەیوەستە بە جەوهەری هەندێ چەمکی ئاپریۆری وەک ماف و ئازادی و کەرامەت کە گرێبەست رێکی دەخات لە سەر بنەمای فەرمانە ڕەهاکان کە مرۆڤ تێیدا ئامانجە نە ئامراز و گرێبەست تێپەڕاندنی ڕەوشی لەرزۆک و ئەگەرە هەمیشەییەکانی جەنگە و هەنگاونانە بە رەو ئاشتی کە دەبێت خاوەن بنەمایەکی تۆکمەیی دەستووری مەدەنی بێت کە هەم گرانتی سەروەری دەوڵەتان و هەم زەمانەتی کارایی بدات. لە سیستەمێکی بە ناوەرۆک کۆماری دەستووریدا کە دادپەروەری و چاکەی گشتی لە ڕێگەی عەقڵی یاسادنەرەوە بەواقیعی دەکرێت و لە هەموو زۆرەملێ و ناچارییەکی ناشەرعی رزگار دەکرێت و وسیتی چاکەخوازی وەک بەهایەکی یونیڤێرساڵی هەموو بوونەوەرێکی عاقڵ دەبێت بە گرانتی دەزگای جیهان-نیشتمانی کە گشت مرۆڤایەتی لەخۆدەگرێت.

٦- گرێبەست وەک ڕەزامەندی گەل و حاکم لە هزری ئیعتزال ئەگەر ئامانجە بنەڕەتییەکان دابین نەکات، ئەوا زەمینەی شۆڕشێکی عەقڵانی دەڕەخسێت و بە ڕەوای دەزانێت، بەڵام لە فەلسەفەی سیاسی کانتدا هەمیشە یاساپارێزی ودەستوور سەروەری ئەولەویەتی هەیە بەسەر شۆڕشدا هەر بۆیە هزری ئیعتزال لە ڕووی سیاسییەوە ڕادیکاڵترە لە فەلسەفەی سیاسی کانت.

٧- هزری مەعریفی و سیاسی موعتەزیلە بەهایەکی جیهانی هەیە و خاڵێکی درەوشاوەیە لە مێژووی شارسیتانیەتی ئیسلامیدا کە هێشتا ماتەوزەی بەگەڕخستنەوەی تێدایە، بەڵام کێشە بنەڕەتییەکە لە لایەکەوە بۆ بەجەماوەریبوونی فەلسەفە لە جیاتی بەرزکردنەوەی ئاگایی خەڵک لە ڕێگەی دەستکاریکردنی سنوورەکانی دەسەڵات، ئاگایی جەماوەر توشی شلەژان و نامۆیی دەکات و ئەمەش بە ئاراستەی داڕووخانی دەبات، بە جۆرێک لە جیاتی ئەوەی ویستی ئازاد و عەقڵانیەت ئاسۆکانی پانتایی کۆمەڵایەتی فراوان بکات و لە پەیوەندی نێوان پانتایی (ئازادی/دەسەڵات) هەوڵی گەورەترکردنی فەزای ئازادی بدات لە سەر حسابی بچووک کردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی، دەسەڵات توانی عەقڵانیەت و ئەرگیۆمێنتە لۆژیکیەکانیان بۆ پاراستن خۆی و هەژموونی زیاتر بەکاربێنێت و ئەمەش دواتر بووە هۆی کۆتایی پرۆژەکە و شکستهێنانی لەسەر ئەرزی واقیع، بە پێچەوانەوە پرۆژەی کانت بووە بە سەرەتای مۆدێرنیتەی ڕۆژئاوا و دەوڵەتی نوی و دەزگا جیهانییەکانی لێکەوتەوە، ئەگەرچی ئەم دەزگایانە بە تەواوی هاوشانی ئایدیای کانت نین.

## سەرچاوە و ژێدەرەکان:

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

## فەرهەنگەکان

صليبا، جميل (١٩٨٢) المعجم الفلسفي، الجزء الأول، دار الكتب اللبناني، بيروت.
لالاند، اندرية (٢٠٠١) موسوعة لالاند الفلسفية، المجلد الثاني، منشورات عويدات،بيروت وباريس.
كرم، يوسف و وهبة، مراد (١٩٦٦) المعجم الفلسفي، طبعة القاهرة .

## کوردی:

کانت، ئیمانوئل (٢٠١٤) رەخنەی عەقڵی پەتی، و: سۆران عومەر حەمە، رۆشنگەری، سلێمانی.
کانت، ئیمانوئل (٢٠١٥) بناغەدانانی مێتافیزیکی ئەخلاق، و: سۆران عومەر حەمە، رۆشنگەری، سلێمانی.
کەمال، محەمەد (٢٠١٧)، فەلسەفەی کانت، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

## عەرەبی:

ابراهيم، زكريا (١٩٦٩) مشكلات الفلسفة- المشكلة الخلقية، دار مصرللطباعة ، القاهرة.
ابراهيم، زكريا (١٩٧٢) كانط اوالفلسفة النقدية، دار المصر للطباعة والنشر، ط٢، القاهرة.
ابراهيم، زكريا (١٩٩٠) مشكلات الفلسفة- مشكلة الحرية، مكتبة مصر، ط٣ القاهرة.
ابن خلدون، عبدالرحمن (٢٠٠٦) ، مقدمة ابن خلدون، دار الكتب العلمية، ط٩،بيروت.
اسكروتن، راجر (١٣٨٣)، كانت، ت، على پايا، طرح نو، تهران.
الاشعري، (٢٠٠٩)، مقالات الاسلاميين واختلاف المصلين، الجزء الأول، ت: نعيم زرزور، المكتبة العصرية، بيروت.
الاشعري، (١٩٩٠ ب)، مقالات الاسلاميين واختلاف المصلين، الجزء الثاني، ت: محمد محي الدين عبد الحميد،المكتبة العصرية، بيروت.
أم الزيف، بن شيخة المسكيني (٢٠٠٦)، كانط راهنا او انسان في حدود مجرد العقل، المركز العربي الثقافي، بيروت.
امين، احمد (١٩٦٤) ضحى الاسلام، الجزء الثالث، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.
بدوي، عبد الرحمن (١٩٦٩) الأخلاق النظرية، وكالة المطبوعات، الكويت.
بدوي، عبد الرحمن (١٩٧٧)، امانويل كنت، وكالة المطبوعات، الكويت.
بدوي، عبدالرحمن (١٩٧٥) مدخل جديد إلى فلسفة، وكالة المطبوعات، الكويت.
بدوي، عبدالرحمن (١٩٤٠) التراث اليوناني في الحضارة الاسلامية- دراسات لكبار المتشرقين، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.
برلين، ايازيا (١٩٨٩)، أربع مقالات في الحرية، ترجمة محمد علي موحد، مطبعة الخوارزمي.

البصري، الحسن و القاضي عبد الجبار، (وآخرون) (١٩٨٨) رسائل العدل والتوحيد، دراسة وتحقيق، محمد عمارة، دار الشروق، ط٢، القاهرة.

البغدادي، عبد القاهر (١٩٢٨)، كتاب أصول الدين، طبعه مدرسة الالهيات بار الفنون التركية، مطبعة الدولة، استانبول.

البغدادي، عبد القاهر (١٩٩٥)، الفرق بين الفرق، تحقيق، محمد محي الدين عبد الحميد، المكتبة العصرية، بيروت.

سكيربك، غنار وغيلجي، نلز (٢٠١٢) تاريخ الفكر الغربي، ت: حيدر حاجاسماعيل، المنظمة اعربية للترجمة، بيروت.

بوعجيلي، ناجية (٢٠١٩)، العمل السياسيّ عند المعتزلة وخروجه عن السائد ،٢٨ يناير، الرباط.

تركي، ابراهيم محمد (٢٠٠٤)و السببيّة عند القاضي عبد الجبار، دار الوفاء، الاسكندرية.

الجابري، محمد عابد (٢٠٠٩)، تكوين العل العربي، مركز الدراسات الوحدة العربية، ط ١٠، بيروت.

الجاحظ (٢٠٠٢ آ)، الرسائل السياسية، تحقيق ، علي ابو ملحم، دار ومكتبة الهلال، بيروت.

الجاحظ (٢٠٠٢ ب)، رسائل الجاحظ، الرسائل الادبية، قدم لها: علي أبو ملحم، دار ومكتبة الهلال، بيروت.

الجاحظ (٢٠٠٢ ج)، رسائل الجاحظ، الرسائل الكلامية، قدم لها: علي أبو ملحم، دار ومكتبة الهلال، بيروت.

جار الله، زهدي (١٩٧٤) المعتزلة، الاهلية للنشر والتوزيع، بيروت.

جعفر، صفاء عبدالسلام (١٩٩٩) (ترجمة واعداد)، المصطلحات الفكرية، دار الثقافة العلمية، اسكندرية.

حمود، محمد (٢٠٢١)، الفكر السياسي عند المعتزلة، معهد الإنماء العربي، دار المنظومة.

دغيم، سميح (٢٠٠٧) فلسفة القدرفي فكر المعتزلة، دار التنوير، بيروت.

دولوز، جيل (١٩٩٧) فلسفة كانط النقدية، تعريب، اسامة الحاج، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت.

ديكارت، رينه (١٩٨٨) تأملات ميتافيزيقية في الفلسفة الأولى، ت، كمال الحاج ،منشورات عويدات، ط٤، بيروت -باريس.

الراوي، عبدالستار عزالدين (١٩٨٦) فلسفة العقل- رؤية نقدية للنظرية الاعتزالية، دار الشؤون الثقافية العامة، ط ٢، بغداد.

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

الـراوي، عبدالسـتار عزالـدين (٢٠٠٦) ثـورة العقـل- مدرسـة بغـداد الإعتزاليـة، دار الخلـود للتـراث، القاهرة.

رسـل، برترانـد (١٩٧٧) تـاريخ الفلسـفة الغربيـة، ت، محمـد فتحي الشـنيطي، الهيئـة المصـرية العامـة للكتاب، القاهرة.

زكي، ابراهيم محمد (٢٠٠٨)، علم الكلام بين الدين والفلسفة، دار الوفاء، الاسكندرية.

زهرة، احمد علي (٢٠٠٤)، الكلام والفلسفة عند المعتزلة والخوارج، نينوى للدراسات والنشر، دمشق.

سالم، عبد الرحمن (٢٠١٨)، التاريخ السياسي للمعتزلة، مركز نماء للبحوث والدراسات، بيروت.

سليمان، جمال محمد احمد (٢٠٠٨) انطلوجيا الوجود- أيمانويل كانط، دار التنوير، بيروت.

السيد، محمد صالح محمد (١٩٩٨) الخير والشر عند القاضي عبد الجبار، دار قباء، القاهرة.

شـتراوس، ليـو وكروبسي، جوزيـف (٢٠٠٥) تـاريخ الفلسـفة السياسـية، الجـزء الثـاني، المجلـس الاعلى للثقافة، القاهرة .

شريف، محمد (٢٠٢١)، منابع التجديد في الفكر الاسلامي، التفسير للطبع والنشر، اربيل.

الشهرستاني،ابي الفتح (١٩٩٢)، الملل والنحل، الجزء الأول، صححه وعلق عليه، احمد فهمي محمد، دار الكتب العلمية، بيروت.

صبحي، احمد محمود (١٩٨٥)، في علم الكلام، المعتزلة، دار النهضة العربية، ط٥ ،بيروت.

صـفَدي، مطـاع (٢٠٢٥) مـاذا يعني أن نفكـر اليـوم: البيـان مـن أجـل الفلسـفة الأخيرة، الناشـرمؤسسـة هنداوي، المملكة المتحدة.

عثمـان، عبـد الكـريم (١٩٧١) نظريـة التكليـف- آراء القاضـي عبـدالجبار الكلاميـة، مؤسسـة الرسـالة، بيروت.

عمارة، محمد (١٩٧٧)، المعتزلة والثورة، دار الهلال، القاهرة.

عمارة، محمد (١٩٨٨) المعتزلة ومشكلة الحرية الإنسانية، دار الشروق، ط٣، القاهرة.

العوا، عادل (١٩٨٧) المعتزلة والفكر الحر، الاهالي للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق.

الفاخوري حنا والجر، خليل (١٩٩٣) تاريخ الفلسفة العربية، الجزء الأول، دار الجيل، ط٣، بيروت.

فرانـك، فليـب (١٩٨٣) فلسـفة العلـم، ت، علي علي ناصـف، المؤسسـة العربيـة للدراسـات والنشـر، بيروت.

جدعان، فهمي (٢٠٠٠) المحنة، بحث في جدلية الديني والسياسي في الاسلام، الشبكة العربية للابحاث والنشر، ط ٢، بيروت.

القاضي عبد الجبار (١٩٦٢ آ) ، المغني، في الامامة ١، تحقيق: محمود محمد قاسم، الدار المصرية للتاليف والترجمة، القاهرة.

القاضي عبد الجبار (١٩٦٢ ب) ، المغني، في الامامة ٢، تحقيق: عبد الحليم محمد و سليمان دنيا، الدار المصرية للتاليف والترجمة، القاهرة.

القاضي، عبد الجبار، (١٩٦٣ آ) المغني في ابواب التوحيد والعدل، التوليد ، تحقيق، توفيق الطويل وسعيد زائد، مراجعة، ابراهيم مدكور، باشراف، طه حسين، القاهرة.

القاضي عبد الجبار، (١٩٥٨) المغني في ابواب التوحيد والعدل، الفرق غير الاسلامية، تحقيق، محمود محمد قاسم، مراجعة، ابراهيم مدكور، باشراف، طه حسين، القاهرة.

القاضي، عبد الجبار، (١٩٦٣ ب) المغني في ابواب التوحيد والعدل، المخلوق ، تحقيق، توفيق الطويل وسعيد زائد، القاهرة.

القاضي، عبد الجبار، (١٩٦٤ آ) طبقات المعتزلة- كتاب فضل الإعتزال وطبقات المعتزلة، الدار التونسية للنشر، تونس.

القاضي، عبد الجبار، (١٩٦٥ آ) شرح الأصول الخمسة، تحقيق: عبدالكريم عثمان، مكتبة وهبة، القاهرة.

القاضي، عبد الجبار (١٩٦٤ ب)، المغني في ابواب التوحيد والعدل، الإرادة، تحقيق، محمود محمد قاسم، مراجعة، ابراهيم مدكور، باشراف، طه حسين، القاهرة.

القاضي، عبد الجبار، (١٩٦٥ ب) المغني في ابواب التوحيد والعدل، التعديل والتجوير، القسم الأول، تحقيق، محمود محمد، مراجعة، ابراهيم مدكور، باشراف، طه حسين، القاهرة.

القاضي، عبد الجبار، (١٩٦٥ ج) المغني في ابواب التوحيد والعدل، الفرق غير الاسلامية، ت: محمود الخضيري، القاهرة.

القاضي، عبدالجبار، (١٩٦٥ د)، كتاب المجموع في المحيط بالتكليف، الجزء الأول، تحقيق، الاب جين يوسف، بيروت.

القاضي، عبدالجبار، (١٩٨٦) كتاب المجموع في المحيط بالتكليف، الجزء الثالث، تحقيق، يان بترس، دار المشرق، بيروت.

كانت، امانويل (٢٠٠٢) تأسيس ميتافيزيقا الأخلاق، ت، عبد الغفار المكاوي، منشورات الجمل، كولونيا، المانيا.

كانط، امانويل (٢٠٠٥) ثلاثة نصوص، تأملات في التربية، ما هي الانوار، ما التوجه في التفكير، تعريب وتعليق، محمود بن جماعة، دار محمد علي للنشر، تونس.

https://doi.org/10.17656/jlps.10370

كنت، امانويل (٢٠٠٨) نقد العقل العملي، ت، غانم هنا، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.
كنط، أيمانويل (١٩٩٧) إجابة عن السؤال، ماهو التنوير؟ ترجمه، إسماعيل المصدق، مجلة عالم الفكر.
كنط، عمانوئيل (١٩٩٠) نقد العقل المحض، ت، موسى وهبة، مركزالانماء القومي، بيروت.
كولر، هنس زند (٢٠١٢) (المحرر) المثالية الالمانية، المجلد الأول، ت، ابويعرب المرزوقي و(آخرون)، العربية للابحاث والنشر، بيروت.
كانت (١٩٥٢)، مشروع للسلام الدائم، ت، عوثمان امين، مكتبة انجلو المصرية، القاهرة.
كانط، امانويل (١٩٩١)، مقدمة لكل ميتافيزيقا مقبلة، متبوع بأسس ميتافيزيقا الاخلاق، ت، نازلي اسماعيل حسين ومحمد فتحي الشنيطي، موفم للنشر، الجزائر.
كانط، امانويل (٢٠٠٥)، ثلاث نصوص، ت: محمود بن جماعة، دار محمد علي للنشر، تونس.
كرم، يوسف، (٢٠١٢) تاريخ الفلسفة الحديثة، مؤسسة هنداويم المملكة المتحدة.
لوك، جون (٢٠١٩)، الاعمال الفلسفية الكاملة، ت: عبد الكريم ناصيف، دار الفرقد، دمشق.
ليبنتز (٢٠١٥) المونادولوجيا، ت: البير نصري نادر، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.
محسن ، نجاح (١٩٩٨) ، الفكر السياسي عند المعتزلة ، دار المعارف، القاهرة.
المحمداوي، علي عبود (٢٠١٥)، الفلسفة السياسية، الربطة العربية الاكاديمية للفلسفة، دار الروافد الثقافية، ١٤٠-١٤١.
مدكور، إبراهيم (١٩٨٣) في الفلسفة الاسلامية- منهج وتطبيقه، الجزء الثاني، دار المعارف، القاهرة.
المرتضى (احمد بن يحي)، (١٩٦١) كتاب طبقات المعتزلة، تحقيق، سوسنه ديفلد-فلزر، بيروت.
المسعودي (٢٠٠٠)، مروج الذهب، تحقيق سعيد اللحام، دار الفكر للطباعة والنشر، بيروت.
المعتزلي، الخياط (١٩٢٥)، كتاب الانتصار والرد على ابن الراوندي الملحد، تحقيق وتعليقات، د.نيبرج، دار الكتب المصرية، القاهرة.
المعمرجي (٢٠٠٠)، احمد شوقي ابراهيم، المعتزلة في بغداد و اثرهم في الحياة الفكرية والسياسية، مكتبة مدبولي، القاهرة.
نادر، البير نصري (١٩٥٠) فلسفة المعتزلة، الجزء الثاني،مطبعة الرابطة، الاسكندرية.
هيوم، ديفيد (٢٠٠٨)، مبحث في الفاهمة البشرية، دار الفارابي، بيروت.
ولفسون، هاري أ. (٢٠٠٩) فلسفة المتكلمين، المجلد الأول، ت: مصطفى لبيب عبدالغني، المركز القومي للترجمة، ط٢، القاهرة.

**فارسی:**

كانت، امانوئل (١٣٨٣)، سنجش خرد ناب، ت: مير شمس الدين اديب سلطانى، انتشارات خوارزمى، چ ٢، تهران.

كانت، امانوئل (١٣٨٣)، نقد قوه حكم، ت: عبدالكريم رشيديان، نشر نى، چ ٣، تهران.

كانت، ايمانوئل ( ١٣٧٨)، معناى تاريخ كلى در غايت جهان وطنى، ت: منوچهر صانعى دره بيدى، نامه فلسفه، دفتر پژوهشهاى فرهنگى، سال ٢، شماره ٦ ، تابستان، تهران.

فولادوند، عزت الله (١٣٧٠)، فلسفەى سياسى كانت، مجله فرهنگ، شماره ١١، پاييز ، تهران.

كاسيرر، ارنست ( ١٣٧٠ )، فلسفه روشنگري، ت: يدالله موقن، انتشارات نيلوفر، تهران.

هوفه، اتفريد (١٣٩٢)، قانون اخلاق در درون من، ت: رضا مصيبى، نشر نى، تهران.

**ئينگليزى:**

Kant, I. (1989). Is the human race progressing? (R. Geuss, & Skinner, Q. Eds.). Cambridge University Press.

Kant, I. (1991). Metaphysics of ethics (Geuss, R., (Ed). & Gregor, M., Trans.). Cambrige University Press.

Beiser, F. C. (1992). Enlightenment, revolution, and romanticism: The genesis of modern German political thought, Harvard University Press.

Kant, Immanuel (1990), the Metaphisic of Morals, trans. M. gregor, Cambridge، Cambridge Univercty press.

Kant, Imanuel, (1970), Kant,s Political writings, Edited with an introduction and notes by Hans Riess, Translated by H. B. Nisbet, Cambridge university press.

**تويژينەوەى عەرەبى:**

خوني، فاطمة (٢٠١٧)، الفكر السياسي عن القاضي عبد الجبار المعتزلي، رسالة ماجستير غير منشورة ، الجزائر ، جامعة محمد بوضياف بالمسيلة، ص ب .

جبار، دليلة (٢٠٠٣-٢٠٠٤)طبيعة الحرية عند كانط من خلال فلسفته النقدية، رسالة ماجستر غير منشورة، مقدمة إلى كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية/ قسم الفلسفة/ جامعة الجزائر.

تنتوش، منصور علي العجيلي (٢٠٢٤)، فلسفة المعتزلة السياسية، كلية الآداب، جامعة غريان، العدد ٩، المجلد ٤، يونيو .

مراد، حيدر خضير (٢٠١٤) ، مدرسة المعتزلة ودورها في الدفاع عن العقيدة الإسلامية خلال العصر العباسي ، مجلة جامعة كربلاء العلمية ، مجلد ١٢، العدد الأول / انساني ، جامعة كربلاء.

الميالي، احمد عدنان عزيز (٢٠١٥)، جوانب من النظرية السياسية عند المعتزلة، المجلة السياسية والدولية، جامعة المستنصرية، كلية العلوم السياسية.

**توێژینەوەی فارسی:**

شاقول ، یوسف و محسنی ، اعظم (١٣٩٠)، تفکر انتقادي با تأکید بر انقلاب کپرنیکی کانت، دانشکده ادبيات و علوم انسانی بو علی سینا، مجله پژوهش علوم انسانی، سال دهم، شماره ٢٦، همدان.

**گۆڤار:**

آس، جوزيف فان (٢٠٢١)، الأفكار السياسية في الفكر الديني الإسلامي المبكر، ت: حاتم عبيد، مجلة الالكترونية، مؤمنون بلاحدود، ١٥يناير، الرباط.

فوكو، ميشل (١٩٨٤)، كانط والثورة، ت: يوسف الصديق، الكرمل، مجلة الاتحاد لاعام للكتاب الصحفين الفلسطنين، العدد ١٣، قبرس.

**سایت:**

ريكور، بول (٢٠١٣)، الكوني والتاريخي، ت: حسن بن حسن، 30 - 05 – 2013 https،//search.mandumah.com/Record/423026.